رۆمان

زەیتوونستان

بە پێڵاوی پیرۆزەوە

کەریم کاکە

منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

منتدى إقرأ الثقافي

زەیتوونستان بە پێڵاوی پیرۆزەوە

کەریم کاکە

ناوەندی ڕۆشنبیری مەم و زین

ناسنامەی کتێب

- **ناوی کتێب: زەیتوونستان بە پێڵاوی پیرۆزەوە**
- **نووسینی: کەریم کاکە**
- **هەڵەبڕ: سەرکەوت وەلی**
- **بابەت: ڕۆمان**
- **نەخشەسازی بەرگ: پەپوولە یوسفی**
- **تیراژ: ٥٠٠ دانە**
- **نۆبەتی چاپ: یەکەم - ٢٠٢١**
- **نرخ: ٥٠٠٠ دینار**

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان

ژمارەی سپاردنی (٧٤٠)ی ساڵی (٢٠٢١)ی پێدراوە

مافی چاپکردن و بڵاوکردنەوەی ئەم کتێبە پارێزراوە بۆ ناوەندی ڕۆشنبیری مەم و زین©

کەسە دیارەکانی ناو زەیتوونستان:

دادەی نازێ

کەزی زەر

دایە زەیتوون

بارینی گوڵ

نەفرینی دڵ

میدیای یارسانی

جانێی ئاگری

بێرێشانی نەنەگەزێ

دادە گوڵچن

دکتۆر مەهناز

ئافێستای زەیتوونستان

کچی شاری خۆر

گوڵەندام

دادەی نازیێ

زرووکەی وی جامی گەردوونی لەرزاندەوە، بەڵام تەنها کەسێ بیستی، ئەو سێ چوار پەیڤەی تێکەڵی زرووکە بوون، رەنگبێ هێ لە خۆی نەگەیشتبنە گوێی کەس:

هەوە، پێڵاوەکەی نازیێە.

بڕژانگی بە پێڵاوەوە هەڵواسرا، چاوی نەدەتروکاند، پێڵاو زۆر نزیککەوتۆتەوە، ئەو کونەی کەوتبووە راستی پەنجەی تووتە، بە جوانی دیاربوو، هەر بەو کونە گچکەیەش ناسیەوە، لە هیکڕا پێڵاو بزربوو، قیژاندی:

بیهێنەوە، تێرم لێی نەڕوانی.

تەکانیدا خۆی هەستێ، بەو نیازەی بە دوایدا بچێ، بیریکەوتەوە، ئەو لە کوێ و پێڵاو لە کوێ، لە شوێنی خۆی وشکبوو.

تەق...تەق

دەنگی دەرگا دەبیستێ، لێ شنگ و تینی هەستانی تێدا نەماوە، تووندتر لێدەدرێ، دەنگی دەرگا و زەنگی مۆبایلەکەی تێکەڵ دەبن، گوێیان پێنادا، چاوی لەو شـــوێنە برِیوە کە تـاکە پێڵاوەکەی لێیەوە دی، چاوەڕێیە پیشانیبدەنەوە، دەنگ و زەنگ نابڕێنەوە:

بیکەوە، دەرگا بکەوە...

نەیکـردەوە، دەرگـای بـۆ دەنـگەکە نەکـردەوە، دوایەی هۆبڕاو بوو لە پیشـــاندانەوەی پێڵاو، لە دەرگـا گچکەکەی پشـــتەوە چووە شـــانشـــینی گەردوونەوە، لەوێوە چاوی گێڕا، بە بەرزی و نزمی دووری روانـی، نـزیـکـی روانـی، نـاوە نـاوەش ئـاوڕیـدەدایەوە و لە پەنجەرە کراوەکەوە چـاو لەو شوێنە دەبڕێ کە پێش تاوێ پێڵاوەکەی لێیەوە دی.

مێوانی گەردوون لە نزیکە وی لە ســـەر پەرژینی شـــانشـــینەکە چاوی گێڕا، زمـانی هەبـا، لە دانی دەپرسـی، ئاخر هەموو رۆژێ لەو دەمە، گۆلمێ دان لەوێ رووکـرابـوو، بەڵام ئەورۆ نـیە، تەواوێ بە دیاریەوە هەڵنیشت، پێی چەپی کەمێ لێک کێشایەوە، زمانی هەبا، دەیگۆ:

نامناسـیتەوە، کیژێ، ئەدی بە پەنجەی خۆت، ئەو داوەت لێگرێنەدا؟

نائومێد بوو، بە نابەدڵی هەڵفڕی.

لە هەڵفڕیندا، کێژە چاوی کەوتە سەری، دیتی لە سەر لقی درەختێکی پایزلێدراو نیشتەوە، لەو ساتە بیریکەوتەوە مێوانەکەی بە دڵشکاوی هەڵفڕیوە، بە دەست ئاماژەی بۆ کرد بگەڕێتەوە، نەگەڕایەوە، ئەو وەرزێ پترە ناوی لەو کۆترە ناوە، میوانی گەردوون، هەمیشە بە تەنیا دێت و تەنیا دەڕوات، چاوێکی بە ئاسمانەوە، تیچاوێکی هەر لە سەر درەختی رووتاوە و کۆتری دڵشکاوە.

چاوی لێیە کۆتر هەڵفڕی، سێ جار بە سەر درەختا سووڕایەوە و ستوونی لە باڵی دا، لە حەوایێ باڵەکانی لێککردنەوە و جوولەی لە خۆی بڕی، لەو ساتە، لە چاوی وێەوە کۆتر رەنگ و شێوەی گۆڕا، سپێتی تێدا نەما، مۆر هەڵگەڕا، مۆری لە رەنگی پێڵاوەکەی هەنگینێ، هەر خۆی بووە پێڵاوەکە.

هەوکە مێوانەکەی گەردوون تاکە پێڵاوێکە بە ئاسمانەوە هەڵواسراوە، ناسیەوە، دوای ئەو هەموو ساڵە پێڵاوە مۆرەکەی ناسیەوە، ئەوەتا بە بەر چاویەوە لە ئاسمانێ راوەستاوە، هەوە پێڵاوی پێی نازێیە، پێڵاوە تازەکەی، تازە دایکیان لە شارەوە

بۆی هێنابوو، تاکی چەپی لە پێ دەکرد، هی راستی بە دەستەوە دەگرت، یان داوێکی لێگرێدەدا و بە ملی خۆیەوە دەکرد، پێیە پێخواسەکەشی لە دوو گۆریە هەڵدەکێشا و دەچووە ناو منداڵان و گەمەی دەکرد، بە دەم غاردانەوە، پێڵاو بە ملیەوە دەکەوتە سەما، جارێ لە دەو کەندی بەر ماڵان لە بای غارێ داو پسا، دوای ئەو هەموو ساڵە دەنگی ناسکی نازێ لە گوێی دەزرینگێتەوە:

+ دادە، پێڵاوەکەم فڕێ.

– کچێ، پێڵاو نافڕێ.

+ دادە، ئەوشۆ خەونێکم دی، لەو خەونە پێڵاوەکەم بووبووە کۆتر و هەڵفڕی.

دەستی بە پەرژینی شانشینەوە گرتووە و چاو بە پێڵاوی ئاسمانەوە، لە بەر خۆیەوە دەڵێ:

نازەکەم، پێڵاوەکە لە ناو خەونی تۆ بووە کۆتر، بەڵام کۆتر بە بەر چاومەوە و بە راستی بووە پێڵاوەکەی تۆ.

لە شانشینی گەردوونەوە بە داوە خەیاڵێ گەیشتەوە ئاوایی، گەیشتەوە ماڵێ، دیار پەنجە تووتەی نازێ، مێخێ لە سەر پەنجەی هاتووە، دایکی

رۆژانە بەرپێنەی پێدا دەهێنێ، مێخ ناڕوا و ناڕوا، نازێ دەپرسێ:

هۆدا، کەنگێ پەنجەم چا دەبێ، تا پێلاوەکەم لە پێ بکەم؟

دایک:

کچم، بڵێم چی! بەرپێنە دەرمانی یەکاویەکی مێخە، نازانم ئەوەی تۆ بووە چی.

باب دەڵێ:

کچم، چارەی لای منە.

چوو شووژنێکی هێنا، سووری کردەوە.

نازێ گریا، هاواریکرد:

بابە، پێم دەسووتێنی؟

باب بە پێکەنینەوە:

نا کچم، پێلاوەکەت وا چاک دەکەم، پەنجەت نەگرێ.

کونێکی بە قەد مێخەکەی لە پێلاو کردەوە، نازێ لە پێی کرد و خەنی بوو.

برژانگی به پێلاوی ئاسمانێوەیە، دەستی بۆ درێژ دەکات و نایگاتێ، چاوەڕێیە بەربێتەوە سەر زەوی، بەرنابێتەوە، گریانی نازێ رایدەچڵەکێنێ، دیمەنەکە لە ماوەی چەند چرکەیێ لە جاران زوونتر هاتەوە بەر چاوی، کاتێ بەڕێکەوت، کەوتە دوای، بە گریانەوە:

+ دادە، منیش دێم.

- دوو شەوم پێدەچێ، لە شار بووکۆکەی جوانت بۆ دەهێنم.

تەقەی دەرگا و زەنگی مۆبایل نابڕێتەوە، ناپسێتەوە، دادەی نازێش چاوی بە پێلاوی ئاسمانەوە و بیر و ئەندێشەشی لای ئەو ساتەی نازێی بە گریانەوە بەجێهێشت و ئیدی نەیدیتەوە، بە دەنگێکی نووساو:

خۆزی لەگەڵ خۆم دەبردی، ئەگەر...

رستەکەی تەواو نەکرد، تەپەیێ هات، پێلاو بە حەواوە نەما، لە سەر پەرژینەوە سەری شۆڕ کردەوە، چاوی گێڕا، نەبوو، پێلاو لە چ جێ نەکەوتبوو، سەیری درەختەکەی کرد لەوێش نەنیشتبۆوە.

مۆبایلەکەی دەســـتدایێ، دوای پســـانەوەی زەنگ، بە لیســـــتی ناوەکاندا گەڕا، زەنگی لێدا، هەڵنەگیرا، لێیدایەوە هەڵنەگیرا، دیسان هەر هەڵنەگیرا، لەو ساتە هەستیکرد، دەرگا کرایەوە.

کەژی ژەز

دوای ئەو هەموو ساڵە، زرووکەی دادەی نازێ ناوە ناوە لە گوێمدا دەزرینگێتەوە، دیمەنی ناو گەردوون، لە شێوەی خۆی لەبیناییم پاراستوومن: تەلەڤزیۆنەکە لە سەر کەنالێکی خۆمانەیە، رایەخەکە دەق کراوە، لە سەر مێزەکە گۆی زەوی هەیە، گچکەیە هەر بە قەد ستێوێ دەبێت، بە کزە بایێ دەلەرێتەوە، لە تەنیشت گۆی زەوی وێنەیەکی لە چێوەگیراوی نازێ، هەر بە قەد ناولەپێ دەبێ، لە لێواری مێزەکەش فنجانێ قاوە هێشتا گەرمایی تێداماوە، دەرگای شانشینەکە لەسەر پشتە و بایەکی فێنکی لێوە دێ.

من کاتێ بێ ئومێد بووم لە کردنەوەی دەرگا، هانام بۆ کلیلوانی مێوانخانەکە برد و بە هەر شێوەیێ بوو کردیەوە، بە سەر ئەو دیمەنەی ناو گەردوونەدا کەوتم، ئەو گەردوونەی تەنها دادەی

نـازیێ دەزانیێ چ گەردوونێکە و بۆچی ئەو نـاوەی هەیە.

گەڕام، ورد کون و قوژبنی گەردوون گەڕام نیە، لە شانشینەوە سـەرم شۆڕکردەوە، چاوم بەو ناوەدا گێڕا، نیە، دادەی نـازیێ بێ ســـەر و شـــوێنە، مۆبایلەکشـــی داخراوە، چی بەســـەرهات، چ هێزیێ هەڵیکێشـا، چ هێزیێ کێشی کرد و بردی؟ باڵی فڕینی لە کوێ هێنا؟ کۆتریش با، بەو دەمودەســـتە لە چاو بزرنەدەبوو، پێتێکی بە ئاسـمانەوە بەجێدەهێشت، پڕ بە گەرووی گەردوون هاوارمکرد:

دادەی نازیێ، دادەی نازیێ...

نەمـا، نە دەنگی مـا، نە ڕەنگی، نە شـــوێنەواری کەوتن و هەســـتانەوەیێ، نە شـــوێنپێیێ تا بە دوایدا بچم، یەکێ هـاتمە خواریێ و ئەو جادە و بـانە، بێ دار بێ دار، پەناوپەســـیوان گەڕام، هەتا ســـەرم بە سەر بەرمیلی زبڵ و سەر زێرابیشدا دادەگرت، دنیام پڕکرد لە:

دادەی نازیێ، هۆ دادەی نازیێ...

نەمدیتەوە، دادەی نازیم نەدیتەوە.

گەڕامەوە، سەرکەوتمەوە، هەستمکرد کەسێ بە سەرە پەنجە لە جامی پەنجەرەی گەردوون دەدات، شاگەشکەبووم، دەرگای شانشینم کردەوە، ئۆف هەو نەبوو، کۆتری گەردوون بوو، دەندووک دەکوتێ، گۆلمێ گەنمم بۆی رووکرد، بەڵام ئەو بە لایدا نەچوو، بیرمکەوتەوە بە دەستی دادەی نازێ نەبێ ناخوات، ئەو کۆترە لە چ کۆتران ناچێ، کاتێ لە شانشینی گەردوون دەنیشێتەوە، لە برسا بمرێ، بە دەستی دادەی نازێ نەبێ، دەندووک لە دنکە گەنمێ نادات، من پێشتر تاقیمکردۆتەوە، لە دادەی نازێم پرسی:

چ رازێ لە نێوان تۆ و کۆتر هەیە؟

گوتی:

لەوەتەی داوێکی پرچم بە حەفت لۆیی لەپێی گرێداوە، لەو شانشینە فریشتەش دانی بۆ رۆبکات، دەندووکی لێنادات، حەزیشناکەم وابێ، بەڵام ئیدی وایە.

پرسیم:

چ رازێ لەوەدا هەیە؟

گوتی:

نازانم، لەوە گەڕێ.

ئەز دادەی نازێ و کۆترم پێکەوە ناســـی، یەکەم ناســین و دیداری ئێمە حەڤدە رۆژ بەر لە بزربوون بوو، لەو چەنـد رۆژە هێنـدە لێکنزیکبووینەوە و متووی یەکتر بووین، هەر یەکەمـان کەمێ لە رازی ناو کۆڵەپشـــتی یادەوەریی خۆمان رازی بۆ یەکتر کردەوە، هی من پتر لە هی وی، ئەو زۆری لای خۆی هێشتەوە و بە گۆڕێی وەرنەکرد، لەگەڵ خۆی بردی، رازی خەناوکە مێخەکییەکەی ملیشـــی لای خۆی هێشـــتەوە، مێخەکێ ماڵەکەی لە بۆن گرتبوو، لە هیچ مێخەکێکەوە بۆنی وا مێخەکیم نەکردووە، چەندی دەمگۆ:

بـا بـزانـم ئەو مـێـخەکەی مـلـی تـۆ هـی ج مێخەکستانێکە؟

نەیگۆت و نەیگۆت، ســـەربردەی وی لە پێڵاوی نازێوە ســـەریدەکرد و هەوراز و نشـــێوی دنیای دەکرد، دەمێ چەشـنی خشـۆک دەخشـی، دەمێ مینا فڕندە دەفڕی، لە شـــێوەی کۆترەکە لە شـــانشـــینی گەردوون دەنیشـــتەوە، دادەی نـازێ، کـاتێ زانی خولیای بە چیاکەوتنم لە ســـەر دەگەڕێ، هەرێی دا لەگەڵم بێ.

کۆتر بە دڵشـــکاوی لە باڵیدا و منیش هاتمەوە ژووری، درەنگ چاوم کەوتە ســـەر تەلەڤزیۆنەکە، بیابانێ پیشـــاندەدات، لێرەوە هەســـت بە گەرمایی دەکەیـت، نزیکتری کردەوە، کۆمەڵێ کەس لە گڕ هەڵدانەوەی زیخ و خۆڵن، جلکوبەرگ بە دیارکەوت، چەفیە و جەمەدانی و دەلینگ و ســوخمە و کورتەک و لنگە پێڵاو... وای! هێســـکوپرووســـک، خەناوکە و خرخـاڵ و بـازن و تەزبێح و کـاتژمێری ژنـانە و پیاوانە...

کاتژمێرێکی نزیکخســـتەوە، لە ســـەر یازدە و چارەگ لە لێدان کەوتبوو، ســەیری کاتژمێری ســەر تەلەڤزیۆنەکەم کرد، هەمان کاتی پیشـــاندەدا، ئەمیان چرکەی دەهـات و ئەویـان لە بن خۆڵی بیـابـان هەناسەی لێبڕابوو، لەوەیان بەر لە نیوەڕۆیە، لەویان لەوەی بەر لە چەندان ســـاڵ ناشـــتیان رەنگبێ هی دەمی مااڵنووســتنان بێ، بە دوای کاتژمێرەکەوە لنگە پێڵاوێکی گچکە هی پێی منداڵێکی شـــەش حەفت ســـاڵەی هێنایە ناو چاومەوە، هەوە، هەر دەبێ هەو بێ، قیژەی دادەی نازێش دەبێ لە دیتنی ئەوەوە بێ، هەوە پێڵاوەکەی نازێیە، ئاخر هێندە باســـی بۆم کردووە، دەیناســـمەوە، ئەوەتا کۆنی راســـتی پەنجە

تووتەی، منیش هێندەی نەمابوو، لە پڕ بە گەرووی گەردوون بقیژێنم.

کۆترەکە لە پەنجەرەی دایەوە، لێدانێ لە شـێوەی هەنسک و نووکە نووک، هەستمکرد زگی پڕ پەیڤە، دەخوازێ شـــتێ بڵێ، لە مەڕ دادەی نازێوە شـــتێ دەزانێ، دەســـتی بە گمەگمە کرد، نێوانمان جامێکی روونە، ســـەری باڵی لە جامەکە دەخشـــێنێ و نەرم نەرم دەگمێنێ، لە گمەی چ کۆترێ نـاچێ، هەر گمەیەکی رستەیەکە، لێ حەیف لە زمانی وی نازانم، گۆتمە کۆتر:

نە سلێمانم، نە فەقێی تەیرانم.

بە بێ هەســـتی لە دەرگای شـــانشـــینەوە لێی ســووڕامەوە، هەستیکرد نیازم گرتنیەتی، لە باڵی دا، تـا لە چـاو بزربوو، چـاوم لە ســـەری هەڵنەگرت، ئەویش چوو، هـاوڕێکەی دادەی نـازێش چوو، ئەو هـاوڕێیەی هەموو راز و نیـازی وی دەزانی، ئـاخر کەڕەتێ گوتی:

هەندێ رازم هەیە، تەنها لای ئەو کۆترە بەگۆڕێم وەرکردوون.

گوتم:

کۆترەکە ناویشت دەزانێ؟

گوتی:

بە دادەی نازێ دەمناسێت.

گوتم:

چەند حەزدەکەم ناوی خۆت بزانم.

گوتی:

کەژێ، کەزی زەر، لەو رۆژەوەی نازێ و دایکم و ئەوانیان بۆ بیابان راپێچا، من دادەی نازێم، لە تەسکەرەش هەر ئەو ناوەم هەیە، ئای! نازێ چەند ناسک بە دادە گازیدەکردم، چۆن دڵم دێ ئەو ناوە لە خۆم بکەمەوە.

گوتم:

من دەمەوێ شتێ لە سەربردەی تۆ بۆ خۆم بنووسمەوە، بۆیە...

گوتی:

ئاو چی لە چی دەگۆڕێ! من لە دوای بێ سەروشوێنکردنی نازێ، دادەی نازێم و تەواو.

گوتم:

ناوی چیاییشت هەر دادەی نازیێ دەبێ؟

گوتی:

ئەو ناوە ببڕاییبڕ لێمنابێتەوە.

ئیدی منیش هەر بە دادەی نازیێ ناوی دەهێنم، پێڵاوەکەی نازێش، پێڵاوی بن خۆڵی بیابان، لە بیناییم هەڵمگرتووە، وا لەگەڵ پێڵاوەکانیدی جووتیان دەکەم و بزانم لە گێڕانەوە دەگەمە کوێ.

دایە زەیتوون، ئێستا ئەو چەند لاپەڕەیەت بۆ دەنێرم، چاویان پێدابخشێنەوە، لە گرێدانەوەی سەربردان پێویستم بە تۆ دەبێ، ئاخر من زۆر پەرتم و سەربردەکانی ناو سەریشم زۆرن و بە سەریەکەوە سەردەکەن و بە گرتنەوەیان راناگەم.

لە ناو ئێسکوپرووسکەوە پێڵاوەکە هاتەوە سەر شاشە، ویستم وێنەی بگرم پێڕانەگەیشتم، لەو کاتە کۆترەکە هاتەوە بەر پەنجەرە، باڵی لە جامەکە دەخشاند، هەستام پەنجەرەی بۆ بکەمەوە، لەپڕ کۆتر رەنگ و شێوەی گۆڕا، ئای خۆ کۆتر نیە و پێڵاوەکەی نازێیە بە جامەوە نووساوە! حەپەسام، ترسام، باوەڕم بە چاوی خۆم نەکرد، لە جێی خۆم وشکبووم، هەناسەم گیرا، نەمتوانی زار هەڵێنم، بە

زمانی دڵ هاواری مەلەک تاوسم کرد، نزام خوێند، بە دەم نزاوە، پێڵاوەکە بووە تیشک و درەوشایەوە، دەتگوت لەتێکی خۆرە و بە رووم‌دا هەڵهاتووە، خۆری دەمەدەمی نوێژکردنێ، هاتە سەرم نوێژ دابەستم.

دایە زەیتوون

هەوکە گەیشتمە سەر چلمێرا، بە سەر سەربردەکانی ئەوێ بازدەدەم و لە کانی سپیەوە پێدادێم و...

ئەوە دوا نامەی کەزی زەر بوو، نا، دوای ئەوەش رستەیەکی نووسی، کاتێ لێمپرسی:

ئێستا پێیەکەت چۆنە؟

وای نووسی:

بە دوای خۆمدا رایدەکێشم، مانگ مانگ لە کورتی دەدات و دەچێتە ئاوێ، ئێستا پێڵاوی پێی چەپم دوو ژمارە لە هی راستم گچکەترە.

ئەو پێنەدەچوو سەربردەی پێ و پێڵاوی منی بیستبێ، بۆیێ بە لایدا نەچوو، منیش ئەو باسەم نەکردەوە، ئیدی لە سەر هێل نەما، چەندێ بۆیم نووسی و زەنگم بۆی لێدا، بووە بەردی بن گۆمێ،

لە گەلێ کەس هەوالّم پرســـی، ســـۆراخی نەبوو، سۆراخی نیە.

کەزی زەر هەمیشە بە سەر چلمێرادا بازیدەدا، بە تاقە رســـتەیەکیش خۆی لێنەدەدا، من لە بارەیەوە هەنـدێ ســـەربردەم بیســـتبوو، بەلّام جێی باوەڕنەبوون، پتر لە ئەفسانە دەچوون، بیستبووم:

لە ســـەر چلمێراوە، پرچی کردۆتە چل کەزی، کەزی بۆتە بال و هەلّفڕیوە، لە دەو کانی ســـپی نیشـــتۆتەوە، لە شـــێوەی تـاوس خۆی لە کـانی وەرداوە، لەوێوە لە بالّیداوە و لێرە لە زەیتوونسـتان نیشتۆتەوە.

لێمدەپرسی:

کەزی زەرێ، بە من بڵێ، بێ بالّ چۆن دەفڕێ؟

بزەیەکی دەکرد:

مرۆڤ مەبەستی بێ، لە بالّدار جوانتر بالّ دەگرێ، تکایە، لەوە گەڕێ.

زارکی پرس و بەرســـڤی دادەخســـت و رووی خۆی لێم وەردەگێڕا.

لەو چەند رۆژەی لە زەیتوونستان بە یەکەوە بووین، کەزی زەر بە تۆپی ترکانیش نەدەهاتە گۆ، دەتگۆ زمانی لە زار نیە، من تکای دنیام لێکرد، سەربردەی ئەو تاکە پێلاوە کچکە زەردەی کە لە شێوەی گەردانە بە گەردنی خۆیەوە کردبوو، بگێڕێتەوە، تکای نەگرتم و زاری هەڵنەهێنا.

شەوی بەر لەو شەوەی ئاگر و ئاسن بە سەر زەیتوونستاندا ببارێ، زمانی گەڕا و پچڕپچڕ شتێ لە سەربردەی لنگە پێلاوەکەوە گێڕایەوە، لە گێڕانەوەدا بە سەر کات و شوێن و ناوی کەس و شت و شوێندا بازیدەدا، تەنها گوڵەشلێرەی گۆکرد:

کاتێ بۆ کانی سپی چۆکم دادایەوە و دەموچاوی خۆم شووشت و چەند گۆلمە ئاوێکم بە خۆمدا پژاند، لەشم سووک بوو، پاکبوومەوە، هەستمکرد هاتوومەتەوە دنیا، لەشم سووک بوو، هێند سووک دەستم بە زەویەوە نەگرتبا، بە هەوا دەکەوتم..... سەرخەوێکم شکاند، هەزار و یەک خەونم دی، خەون بە.... گوڵەشلێرەم دی بە تاکێ پێلاوەوە بە دەم گریانەوە رایدەکرد، لە هاواری وی وەئاگاهاتم... چەقۆکەم هەڵگرتەوە و ڕوێشتم، دەبوو سۆراخێکیان بکەم... خۆر تەواوێ لاربۆتەوە، ڕووە و خۆر ڕێم

گرت... خۆر ئاوابوو، رووەو جێی ئاوابوون پێمەلێنا، دنیا تاریک داهات، لە ڕۆیشـــتن نەکەوتم و تاریکیم بڕی، مانگ هەلات، بەر پێم تەواو ڕووناکبۆوە، بە بن تریفەدا هاتم، مانگ ئاوابوو، تاریکی دنیای داگرت، بە ئاراســـتەی ئاوابوونی خۆردا یەکپێ هاتم...دنیا ڕووناهی تێکەوت...لە بن پنچکێ ئەو تاکە پێلاوەی ملم دیتەوە، ناســـیمەوە، پێلاوەکەی گوڵەشـــلێرەیە، هەوە، چەقۆکەم نەناســـمەوە، ئەوە دەناســـمەوە... هەڵمگرتەوە، لەو چۆلەوانیە، چاوم گێڕا کەس نەبوو، پڕ بە گەرووم گازمکرد:

گوڵەشلێرە، گوڵەشلێرە...

نەبوو، تەنها دەنگی خۆم دەنگیدەدایەوە، وێســـتم ڕوو لە ڕۆژ بگەڕێمەوە، لەو ســـــاتە، لە دوورەوە دەنگی ئالاڕەشان هات، بەرەو ئاوابوون قووچاندم.

لە کەزی زەرم پرسی:

گوڵەشلێرە کێ بوو؟

ئاهێکی وای هەڵکێشـــا، هەســـتمکرد ناڵەیێ لەو دارزەیتوونەوە هات کە لە بنی دانیشتبووین:

گوڵێ بوو، سەرپێ کەوتبوو، تازە زمانی گرتبوو.

ئەو شـــەوە، شـــەوی زەیتوونســـتانێ، کەزی زەر ناوە ناوە سەری بە شانی من دەکرد، دەستێکی هەر لە ســـــەر گەردانەکەی گەردنی بوو، دڵی پڕ بوو، دەیویســـــت هەڵیڕێژێ، بەڵام خۆی بەرزەفت کرد و زاری خۆی بەســـت و ئەوەی من دەمویســـت، لێیم نەبیست، پرسیم:

پێڵاوەکەت لە ڕ ئاقارێ هەڵگرتەوە؟

گوتی:

نازانم

پرسیم:

ئەو پێڵاوە تا کەنگینێ بە ملتەوە دەبێ؟

گوتی:

ئەو گەردانەیە بە گەردنمەوە دەبێ، تا ئەو ڕۆژەی گوڵەشلێرە دەبینمەوە.

پرسیم:

ئەدی چەقۆکە؟

گوتی:

لەوە گەڕێ.

زۆرم پرسی، بەرسڤ تەنها نازانم لەوە گەڕێ بوو، لێگەڕام و ئەو شەوەمان لە چاوەڕوانیی ئاگر و ئاسن کردەوە.

ئەوشۆ زەیتوونستان سەراپا گڕە، لە زەوی و ئاسمانەوە گڕ و گڕدار دێ، بنە زەیتوون گەلا گەلا گڕی گرت، کەزی زەر لە تەنیشتمە، ولامی گڕ بە گڕ دەدەینەوە، ئاگرباران درێژەی کێشا، سپێدەی دابوو نەدابوو، لەهیکەوە، کەزی زەر وەلادا هات، بە رانی چەپی کەوتبوو، خوێن چۆراوگەی بەست، لەو دەمەی برینەکەم بۆی دەبەست، گوتی:

دایە زەیتوون، برۆ، با تۆش تیانەچی، بەڵام گەردانەکە لەگەڵ خۆت ببە، گوڵەشلێرە ببینەوە، بیدەوە.

گوتم:

شتی وا مەڵێ، پێکەوە دەردەچین.

هەرچۆنێ بوو بە شەلەشەل و چوونە بن پیل، بە کەلێنی ئاگردا، لە گەرمەی ئاگر دوورکەوتینەوە، لە بن دارزەیتوونێ کە هێشتا ئاگری نەگەیشتبووێ، پشووماندا، لەوێ زرمەیێ هات زەیتوونستانی لەراندەوە، وەک دنیام بە سەردا رووخابێ وابوو، لەوێوە تا سەر قەرەوێلەکە تەنها گەردانەکەی گەردنی کەزی زەر جاروبار خۆی پیشانی بینایم دەدا، دەمدی بە لقی دارزەیتوونەکەوە شۆڕبۆتەوە، دەتگوت زەنگوڵەیە بە ملی مامزێکەوە، پێڵاو نەرم نەرم دەلەریەوە، دەنگێکی لێوە دەهات، وەک بڵێی ناورانەوە بێ، لایلایە بێ، بە دەنگی وی خەو دەیبردمەوە، هێندە ئاگام لەخۆ بوو، لە باڵیدا و فڕی.

کاتێ لە سەر قەرەوێلەکە وەئاگا هاتم، زۆری ویست تا تێگەیشتم چی قەوماوە و لە کوێم، پرسیم:

ئەدی کەزی زەر؟

گوتیان:

دایە زەیتوون، خەمی ئەوت نەبێ، باشە.

پاش بەینێ کەزی زەرم دیتەوە، گۆپاڵ بە دەستەوە، پێیەکی لە دوای دەخشی، چاوێکیشی لە

بـن دارزەیـتـوونەکە بەجـێـمـابـوو، پـێـڵاوە گەردانەییەکەشـــی بە گەردنەوە نەمـابوو، دیتی تیچـاوێکم لە ســـەر ســـینەیەتی، ئـاهێکی قوولی هەڵکێشا:

خەفەت لە چاو و دەســتم ناخۆم، خەمی گەورەم بزربوونی پێڵاوەکەی گوڵەشلێرەیە.

کەزی زەر دەستی لە ملم دەکرد و:

دایە زەیتوون، من هەرگیز لە چـاکەت دەرنـاچم، مەگەر بە گیان بیدەمەوە، بە گیان پشـــتەوشـــاری چاکەت بکەمەوە.

دەمگۆ:

کەزی زەرێ، وا مەڵێ! تۆ چاکەت بە سەرمەوەیە.

دوایوەی رێی زەیتوونستان داخرا، لە کەزی زەر دابڕام، بۆ مـاوەیێ ئـاگـام لێی بڕا، ئەوە بوو، لە فەیســـبووکێ دیتمەوە، زانیم لە گڕ نووســـینەوەی ســـەربـردەی خـۆی و خەڵـکە، ئەوە دیســـان بزرمکردەوە، هەموو رێگاکانی دیتنەوەی لە ســـەر خۆی داخستووە.

دەترسم منیش لەپڕ بزر بم، بۆیێ بە باشم زانی رۆژانە شتێ لە سەربردەی خۆم ئەو و ئەوان بنووسمەوە.

بارینی گوڵ

دایە زەیتوون، لە خۆشەویستیی بۆ زەیتوون و زەیتوونستان، خۆی بە زەیتوون ناودێرکردووە، هەمیشە فۆتەیەکی ڕەنگ زەیتوونی لە سەر دەبەستێ، خەناوکەکەشی لە شێوە و ڕەنگ دەنک زەیتوونین، لە دوا دیداردا دوا ڕستەی ئەوە بوو:

من بەو بایە دەژیم کە لە زەیتوونستانەوە هەڵدەکات، لە سەرم ببڕن، هەناسەم دەبڕێ.

ئەو ژنە هێندە نەچووبووە ساڵەوە، هەر تەمەنی لقێکی ئەستووری دار زەیتوونێکی هەبوو، لە خەمخۆریی بۆ هەمووان، لە دەستبەسەرداهێنان و پەرژانە سەر هەمووان، ورد و درشت بە دایە زەیتوون ناویان دەهێنا.

دایە زەیتوون، لنگە پێڵاوەکەی خۆی خستبووە کۆڵەپشتەکەیەوە، ناوە ناوە دەریدەهێنا، تێر لێی ڕادەما، لە تەنیشت لنگەکەی پێی، جووتی دەکرد،

تیچاوێکی دەخســـتە ســـەر پێیە برِاوەکەی، ئاهی هەڵدەکێشا، بە دوای ئاهەکەدا بزەیەکی دەکرد:

داخوا گۆڕەکەت کەوتبێتە کوێ.

گۆڕی پێیەکەی دایە زەیتوون لە زەیتوونســـتانە، من بە دەســـتی خۆم لە بن دارزەیتوونێ ناشـــتم، دارێکـی بە تەمەنـداچـووی لە دیـرۆک رۆچـوو، پێدەچوو نەنکە گەورەی کچانی زەیتوونســـتان لە سـێبەری دانیشـتبن و لە بەرەکەیان خواردبێت، ئێمە ناومان لەو دارە نابوو:

نەنە گەورە

نەنە گەورە، درەختێکی تا ســـەر هەڵبڕی بەرز، درەختێکی پڕی تـا دڵ دەڵێ زێ بە لق و پۆ، دایە زەیتوون دەیگۆ:

ئەگەر هێندە کەڕەتە نەســـووتـابـا، ســـێبەری دەگەیشتە سەر دەریای سپی.

لەوێ گۆڕێکی گچکە، بەرینی هەر پێیێ دەبوو، درێژی گەزێ کەمتر، قووڵی چۆکێ، دوو چڵە زەیتوونی بســـتێ درێژیشـــم بۆ کردە کێڵ، لە قەدی نەنە گەورەش، نـاوی دایە زەیتوونم بە خەتێکی

شکستە هەڵکۆڵی، سەرەتا دەمویست پێڵاوەکەش لەگەڵ پێیەکە بنێژم، نەمناشت و هەڵمگرت و گەیشتەوە ناو کۆڵەپشتەکەی دایە زەیتوون، بەڵام لای وی دەمانگۆ:

پێت دکتۆر بە ناچاری بڕیەوە و نازانین بۆ کوێیان برد.

زۆر جار دەهاتە سەرم شوێنی گۆڕەکەی پێی، پێبلێم، لێ ترسم هەبوو، ئاخر دوور نەبوو، سەرکێشی بکات و ڕێی گۆڕی پێی بگرێ و گوێنەداتە مەترسیی ئاگر و ئاسن، لەو ڕێیە بە دەردی پێی بەجێماوی بچێ و سەری تیابچێ، ئەگەر زانیبای پێیەکەی لەوێیە، بە یەک پێ و بە کەلێنی ئاگرا ڕێی ئەوێی دەگرت و بە کەس بەرزەفت نەدەبوو.

دایە زەیتوون ئەندێشە و خەیاڵی هەمیشە لای پێی لەدەستچوو و زەیتوونستانی سووتماک بوو، ناوە ناوە لە دەوروبەر دادەبڕا و وڕێنەی دەکرد، هەندێ هەڵسوکەوتی لە هی دین و دێوانان دەچوو، پێڵاوەکەی لە کۆڵەپشتەکەی دەردەهێنا، لە بنی

دەڕوانی، لێوی دەجوولاند، وەک بڵێی شـــتێکی لێ بخوێنێتەوە، لە بەر خۆوە دەیگوت:

نابینن! تۆز و گەردی ڕێی بەهەشتی پێوە.

هەڵیدەدایە ئاسـمانێ، بەر لەوەی بکەوێتە زەوی، دەیگۆ:

جوان بەربەوە، هەڵە نەکەی، ڕوو لە پێیەکەی خۆت بەربەوە.

هەر جارێ ڕوو لە زەیتوونســـتان دەکەوتەوە، دەیگۆ:

تەواوە، دڵم دەڵێ: پێی فڕیوم لە زەیتوونســـتان نیشتۆتەوە.

ڕوو لە دکتۆرێ:

وەک چۆن پێمتـان بڕیەوە، دەمەوێتەوە، لە ئێوە پێیەک دەخوازم، بۆم دابتاشـــن لە داری زەیتوونێ، پێســتەکەی لە پەلکی نمەداری زەیتوونێ، خوێنەکەی لە ڕۆنی بۆنـــداری زەیتوونێ، نینۆکی لە نـــاوکی ورشـــەداری زەیتوونێ، بۆم چێکە، دکتۆر بۆم چێکە، زەیتوونی زەیتوونســـتـــانی مە، مینـا مە خوێن و

گۆشـــتی هەیە، من و زەیتوون لە یەک تیرەین، بە هێسک و دەمار و گۆشت و خوێنەوە بۆ یەک دەبین، من و زەیتوونی زەیتوونستانێ خوێنمان یەکە.

سەر لە سپێدەیەک گازیکردم:

بارینی گوڵ، هەســـتەکەم تۆ شـــوێنی پێیەکەم پێدەزانی.

هۆپێکم لە خۆم زانی، زارم تێکئاڵا، گوتم:

من!....

گوتی:

ئەوشـۆ خەونێکم دی، لەو خەونە پێیە پەڕیوەکەم بە دەستی تۆوە دی.

گوتم:

تۆ پێشـــــان بـاوەڕت بە خەون و مەون نەبوو، ئێستا...

گوتی:

ئەو خەونە جیایە لە خەونان، دڵم دەڵێ تۆ شتێکی لێدەزانی.

گوتم:

خۆزی دەمزانی...

باشـــبوو دکتۆرە دەروونیەکە کە دەتگوت زادەی قامیشـی شـەکرە، بە هانامەوە هات و بە دوو سـێ رسـتەی قەنداوی هاتە ناو قسـانەوە، دایە زەیتوون وازی لێمهێنا و چیدی لە سەری نەڕۆیشت.

دایە زەیتوون لەپڕ بزربوو، منیش لە ســـەر ڕۆیشـــتن بووم، نەپەرژامە ســـەر خوێندنەوەی ئەو دەفتەرە بەر باخەڵیەی کە لە ســـەر جێیەکەی نازانم لێی بەجێمـابوو، یـان بە جێیهێشـــتبوو، بە وردی پێنەکەوتـم بۆ کوێ چـوو، بیســـتـم بە زۆر و زۆرداڕەکی لە ئاقاری ئاگر دووریان خســـتۆتەوە، بەڵام ئەوەشـــم بیســـت کە کەس نازانێ بەرەو کوێ ســـەری خۆی هەڵگرتووە، لە ڕێ منـدااڵن لە بەر خۆیەوە دەیگوت:

دایە زەیتوون، بووە کۆترێکی یەک قاچ و بە سەر منداا بەرەو زەیتوونستان هەڵفڕی.

دوای بزربوونی دایه زەیتوون، نیوە شـــەوێکی هەیـوەشـــەوی رێـم کەوتەوە بـن نەنە گەورەی زەیتوونســـتـانێ، نەنە گەورە هەنـدێ لق و پۆی شـــکابوو، دیاربوو تۆپی پێکەوتبوو، گۆڕەکەی پێی نەنە زەیتوونم دیتەوە، لنگە پێڵاوێ لە رۆژهەڵاتی کێڵە زەیتوونیەکەی دانرابوو، لە پێڵاوەکەی وی دەچوو، لێ دڵنیا نەبووم هەوە یان نا، گوتمە ئەفرینی دل:

تۆ بڵێی پێڵاوەکەی دایە زەیتوون بێت و ئێرەی دۆزیبێتەوە؟

ئەفرینی دل گوتی:

نا، ئەو ناگاتەوە ئێرە.

گوتم:

خۆت دەزانی توانای ئەو بێ سنوورە.

گوتی:

بـارینی گول، وایە، بەڵام ئەگەر هـاتبـایەتە ئێرە، پێڵاوەکەی بەجێنەدەهێشـــت، پێیەکەی لە گۆڕ دەردەهێنا و دەیخستە کۆڵەپشتەکەیەوە.

لەو قسانە بووین، هەستمکرد، پێلاو دەجوولێتەوە، بەرزبۆوە، لە تاقی ئاسمانێ شێوەی مانگی شەش شەوی گرت، باوەڕم بە چاوی خۆم نەکرد، تۆ بڵێی بۆرژابووبم و لە خەونێ پێلاو بووبێتە مانگ؟! بەسەر خۆم نەهێنا و بەردێکم لە سەر دانا.

ئەفرینی دڵ

بارینم لە منداڵیەوە دەناسی، سێ چوار ساڵێ هاوپۆل بووین، هەینێ خاچێکی گچکە هەر بە قەد گوڵی مەمکەکیژەیێ هەمیشە بە ملیەوە بوو، دوو سێ منداڵ بە بارینی گاور گازیاندەکرد، لە سەر ئەوە بزەیەکی تاڵ تاڵی بە سەردا دەباراندن و رووی خۆی وەردەگێڕا، من لەسەر وی دەهاتمە دەنگ و زۆر جار دەستم لە تیتکی منداڵەکان دەنا، بەڵام ئەو دەیگوت:

وازیان لێبهێنە، بزەیەکی تاڵ بەسیانە.

سااڵنێک بزرمکرد، ئەوەبوو لە زەیتوونستانێ دیتمەوە، لە بن فیشەکان زەردەچۆوە، ئەو زووتر منی ناسیەوە و گوتی:

دڵم دەیگۆ: تۆش لێرە دەبینمەوە.

گوتم:

کاتێ نالەی زەیتوونستان هاتە گوێم، خۆم پێنەگیرا.

گوتی:

زەیتوونستان ئێمەمانان کۆدەکاتەوە.

لە سەر سینگی لە دوای خاچەکەی منداڵی گەڕام، نەبوو، لە جێی وی دەنکە زەیتوونێ لە رەنگی چاوی و فیشەکێ کتومت لە رەنگی پرچی بە تەنیشت یەکەوە دەلەرینەوە، ئێمەش سەر و فیشەکی دژە دیلیمان بە ملەوە بوو، بەڵام دەنکە زەیتوون نا، گوتم:

خاچەکەت بە زەیتوون و فیشەک گۆڕیەوە؟

گوتی:

لە بن ئاگر و ئاسن، هێ لە فیشەک چی بە هانامانەوە دێت؟

گوتم:

ئەدی...

قسەی پێبڕیم و پرسی:

ئەوە چیە لەبەرت؟

گوتم:

گوللەنەبڕی دایکم.

بەر لەوەی ڕێی زەیتوونستان بگرمەبەر، دایکم بەرماڵەکەی هێنا، فانیلەیەکی نیوقۆڵی لێ چێکرد و گوتی:

کچم، لە سەرەوەی جلکان لەبەریکە، پاڕێزراو دەبیت.

منیش دڵیم نەشکاند و پۆشیم.

بارینی گوڵ پرسی:

+ لێرەش ناوت ناوی جارانە؟

- نا، ئێستا ئەفرینم.

+ وای! منیش دڵێک بە ناوتەوە دەکەم.

ئیدی لە زاری بارینی گوڵەوە بوومە ئەفرینی دڵ و بەو ناوە ناسرام.

بارینی گوڵ تا گەیشتبووە زەیتوونستان، دنیایێ شەڕی دیبوو، بە ناو شەڕی چیا و دۆڵ و پێدەشت، بە ناو شەڕی ناو زێ و دەو زێدا هاتبوو، لەشی بە قەد قەدی دارزەیتوونێ برینی پێوە بوو، جێبرینەکەی سەر روومەتی شێوەی گوڵەخەزێمەی گرتبوو، رەنگبێ دایە زەیتوون لەو گوڵە برینەوە پاشناوی گوڵی بە بارینەوە نابێ.

بە دیار گۆڕی پێی دایە زەیتوونەوە، پشتمان بە قەدی نەنە گەورە دابوو، بارینی گوڵ لە گژ مۆبایلەکەی بوو، وێدەچوو شتێ لە رۆژانەی خۆی و زەیتوونستان بنووسێتەوە، دوای لێبوونەوە کوژاندیەوە، فەرمانمان پێکرابوو، لە ترسی جێ ئاشکرابوون بیکوژێنینەوە، لەوێ بارینی گوڵ لە زاری دایە زەیتوونەوە گێڕایەوە:

بۆوەی نەنە گەورە بژی، زەتوونستان بژی، وێدەچێ وا بخوازێ زۆر لە کچ و کوڕانی مە هەر یەکە و ئەندامێکی لەشی خۆی لێرە بنێژێ، دەستێ، پێیێ، چاوێ، پەنجەیێ...

ئەو شەوە دەستەیەکی دە دوازدە کەسی، سێ کچ و ئەوانیدی کوڕ، بە هانای زەیتوونستانەوە

هاتبووین، ئەو شـــەوە و لەو ناوە، بەرەی دوژمن نەدەبینرا و هەستت پێینەدەکرد، هەموو لە بن زەوی خۆیان حەشاردابوو، سەردەستە کە لە پێشمانەوە دەڕۆیی زوو زوو دەیگۆ:

وریا بن، پێ لە جێی پێی یەکتر دانێن، لە بن هەر درەختێ مینێ دانراوەتەوە.

هێشـتا بەیانی نەدابوو، زەیتوونسـتان رووناهیی نماویی تێنەکەوتبوو، ئەوەی لێی دەترســـام قەوما، ئەو خەیاڵەی تاو تاوێ بۆ تاوێ دەهات و توند دەیگرتم و بەخورتی خۆم لە دەســتی رادەپســکاند، بووە راســـتی، لرمەیێ وەک ئەوەی نەنە گەورە تەقیبێتەوە وابوو، هێندەم دی بارینی گوڵ کە چەند هەنگاوێ لە پێش من هەنگاوی دەنا، بە ئاســـمان کەوت، چـاوەڕێ بووم لە شـــوێنێ بکەوێتەوە، نەکەوتەوە.

بە پارێزەوە بن دار بن دار، ســەر دار ســەر دار، پەناوپەســـیو، بە دوایدا گەڕاین، نەبوو، پارچەیێ لە لەشـــی، تیلمێ لە جلکی، چەک و فیشـــەکی، داوێ لە قژی بارینی گوڵمان نەدیتەوە، هیچی لە دوای خۆی بە جێنەهێشـــتبوو، نەمانزانی بووە ئاو و ڕۆچوو،

بووە هەڵم و پەرتبوو، بووە باڵدار و هەڵفڕی، نەما، شـــوێنەواری نەمـا، هـاوارێ، قیژەیەکیشـــی بۆ بەجێنەهێشتین.

بە دەوری شـوێنی مینەکەدا بازنەیان بەسـت، من لە نزیک وان لە ســەر درەختێکی کەووی وشـکی ناو کڵۆر دانیشـــتم، پێدەچوو بە بای تۆپێ کەوتبێ، هەموو واقورماو، حەپەســـاو، ئاخر کەس رووداوی لەو شـــێوەی نەدیتبوو، نەبیســـتبوو، نەخوێندبۆوە، رووداوی وا لە چێوەی خەون و خەیـاڵیش جێی نەدەبۆوە.

وێـدەچـوو مـن لە هەمـووان پـتـر زارەتـرەک و شـــلەژاوتر بووبم، رەنگبێ وڕێنەم کردبێ، خەون و زینـدە خەونم دیبێ، کەوتبمە خەیـاڵی ســـەیر و ســـەمەرەوە، ئەوەی لەبیرمە و هەرگیز لە بینـاییم رەشـــنابێتەوە، بارینی گوڵم دی لە ســـەر لقێکەوە هەڵفڕی، ســـێ جار بە ســـەرماندا ســـووڕایەوە و ستوونی ئاسمانی بڕی، هاوارمکرد:

فڕی، فڕی، بارینی گوڵ فڕی.

هەموو وا تێگەیشـتن شـێت بوومە، بەڵام من بە چـاوی خۆم فڕینی بـارینی گوڵم دی، شـــێوەی

کۆترێکی رەنگ زەیتوونی گرتبوو، کۆڵەپشـــتەکەی توند بە پێیەکانی گرتبوو، دیتم لە هەڵفڕیندا ســـووکە ئاوڕێکی لێم دایەوە.

بەر لەوەی شوێنی فڕینی بارینی گوڵ بەجێبهێلین، میدیای یارسانی، بە گریانەوە گوتی:

شتێکم دیتەوە.

مۆبـایلەکە و تـاکێ پێڵاوی بـارینی گوڵ لە بن بەردێ کەوتبوون، مۆبـایـل کەمێ قرنجـا بوو، پێڵاوەکە پێی لە ســـەر گۆزینگەوە تێدا بەجێمابوو، هێندە و تەواو، پێیەکەمـان لە گۆڕێ کە شـــێوەی پێڵاوەکەی گرت، ناشـــت و چڵە زەیتوونێکمـان لە ســـەر چەقاند و بە فرمێســـک ئاوماندا، میدیای یارســـانی مۆبایلەکەی هەڵگرت و منیش لنگە پێڵاوە خوێناویەکەم خستە کۆڵەپشتمەوە.

لەپڕ لە زەوی و ئاســـمانەوە ئاگر و ئاســـن بە ســـەرماندا باری، دەســـتمانکردەوە و بن دار بن دار، بە کەلێنی گوللە رێی دەربـازبوونمـان کردەوە، لە بنارێ لە بن گزنگ گیرساینەوە.

لەو ناوە، ناوە ناوە گەگم دەهاتە گوێم، دەنگی کۆتر نەبوو، هی بارینی گوڵ بوو، دەمناسیەوە، بە مندالّی زۆر جار ئەو گەگمەم لێ بیستبوو، ئەو لە گەمانێ لە شێوەی سمۆرە بە درەختەکەی پێش ماڵیان هەڵدەگەڕا و بە زمانی کۆتر دەکەوتە گەگم، گەگمێ کۆترەکان دەیانویست لاساییبکەنەوە، چەندیان دەکرد، نەیاندەتوانی وەک وی جوانی بهێنن، لە ڕێ پرسیم:

ئێوە گوێتان لە گەگم نیە؟

سەردەستە بە هەوکی پڕ گریانەوە:

زەیتوونستان بالّداریکی پێوە نەماوە تا بخوێنێ، بچریکێنێ، بجریوێنێ، بگمێنێ.

گوتم:

کۆتر نیە، بارینی گوڵە، باوەڕتان بێ گوێم لە گەگمی ئەوە.

باوەڕیان نەکرد، دڵمیاندایەوە و گوتیان:

تۆ دەبێت بەهێز بیت، خۆت رادەســـتی نائومێدی مەکە، وەرەوە ســەرخۆ، بەو شـێوە ناتوانین پارێزی لە زەیتوونستان بکەین.

هێزم دایە بەر خۆم و چیدی لە سەری نەڕۆیشتم.

میدیای یارسانی

منیش هەستمکرد لە ناو لق و پۆی درەختەکەوە بالّداریّ هەلّفڕی و چەند جاریّ بە سەرماندا سووڕایەوە و نەما، لێ خۆم بەرزەفت کرد و هیچم نەگۆ، لە دڵی خۆ گوتم: رەنگبێ منیش بە دەردی ئەفرینی دڵ چووبم.

لە ڕۆیشتنیش گەمگمی کۆترم بیست، دیسان بە سەر خۆم نەهێنا، ترسام دەستەکەمان تەواو بشلەژێ و لە دەوری خەمی ئێمە بخولێتەوە و نەپرژێتە سەر خەمی زەیتوونستان و لە بیربیچێتەوە، لە لقی شکاوی بنە زەیتوونێ، چڵێکم شکاندەوە و بۆ ئەفرینی دڵم ڕاگرت و گوتم:

گیانی من، بەهێز بە، لەبیرمەکە، خەمی گەورەی ئێمە ئەوەیە.

وەریگرت و کەمێ هێوربووەوە، هەنگاوەکانی گورجتر کرد، گۆتی:

دێتەوە، بارینی گوڵ لێرە بە کەسکی دەنیشێتەوە.

گوتم:

بەهێز بە، ڕێی وی ڕێی ئێمەشە.

گوتی:

میدیا، ژیان بێ زەیتوونستان ناچێتەسەر، مردن لە ڕێی وی ژیانە.

ئەفرینی دڵ لە هەموومان بوێرتر و خۆڕاگرتر و گەشبینتر بوو، بەڵام بە ڕووداوی بارینی گوڵ لە هەموومان پتر شلەژا و تێکچوو، ئاخر خۆشەویستیی ئەفرین و بارین لە زەیتوونستان دەنگیدابۆوە، ئەوینداران لێیانەوە فێردەبوون، لە دنیایێ چ خوشکێ هێندە خوشکی خۆی خۆشنەویستووە، چ ئەوینداڕێ لە شێوەی وان لە ئەوین ڕۆنەچووە، مەگەر ئەوینی دایە زەیتوون بۆ زەیتوونستان، مەگەر ئەوینی من بۆ خودێدەی ئێزیدی، ئەو دووانە لە جەنگیش بە تەنیشت یەکەوە بوون، لە بن ئاگربارانی و لێقەومانیش تیچاوێکیان لە سەر یەکتر بوو، بارینی گوڵ و ئەفرینی دڵ هەر لە شێوە نا، لە گفتار و ڕەفتاریش کتومت یەک کچ بوون لە دوو وێنە، لە

چەک بە دەستەوە گرتن و نیشانشکێنیش هەر یەک کەس بوون، مەگەر کوو، دەنا فیشـــەکیان بە فیڕۆ نەدەچوو، لە کەنین و بزەش دەتگۆ لە بەر یەکتر گیراونەتەوە، لە شێنەیی هەمیشە بە تەنیشت یەکەوە بوون، لە شـێوەی کۆتر ســەریان بە ســەر شـان و سینگی یەکتر دەکرد، دەگەڕانەوە ســەردەمی منداڵی، لە گێڕانەوەی ســەربردەی منداڵی تێرنەدەبوون، ئەو کچانە لە شـــێوەی ئەفســـانە، پەڕینەوە بە ســـەر پـردەکەیـان دەگێـڕایەوە، ئەو پـردەی هەڵنـانـی ئەفســـانەیی بوو، دەڵێن ئەگەر خوێنی دەلالێ نەبا، هەرگیز خشـتەکانی یەکتریان نەدەگرت و زێ پردی بە سەر خۆیەوە نەدەدی، بارین و ئەفرین دەست لە نـاو دەســـت، رۆژی جـارێ دوو، بە ســـەریـدا دەپەڕینەوە، لە وەرزی گەرما، ئاسمان ئەگەر لە بنی دنیاوەش با، پەلە هەورێکی دەهێنا و لە شـــێوەی سیڤان بۆی رادەگرتن و نەیدەهێشت تاوەسووت بن، لە وەرزی ســـەرما و ســـۆڵە و هەور و لێڵیشـــەوە کونێکی لە هەور دەکردەوە و دەیخســتنە بن چەپکێ تیشکی گەرمەوە.

بارین و ئەفرین بەو شێوە پەڕینەوەیان بە سەر دەلالدا دەگێڕایەوە، من درەنگتر پێکەوتم ئەو کچانە بەر لەوەی پێ بخەنە ئاقـاری زەیتوونســـتانەوە،

هەردووکیان ناویان دەلال بووە، بە ناوی پردەکەوە ناودێرکراون، ئەو دوو دەلالە بە تەنیشت یەکەوە خەو دەیبردنەوە، زۆر جار خەونیشیان هاوبێوە و لێک نزیکبوو، ئەفرین بەشێ لە خۆشەویستیی خۆشەویستە لە دەستچووەکەشی دابووە بارین، کاتێ خولیای بەرگری لە سەری دەگەڕێ، کێشە دەکەوێتە نێوانیان، کوڕە گوتبووی:

لە من و چەک کامیان هەڵدەبژێریت؟

ئەفرینی دڵ گوتبووی:

دڵم بێ تۆ رەنگبێ بوەستێ، بەڵام چەک.

ئیدی بە دڵێ پڕ خوێنینەوە مالاوایی لێدەکات.

رۆژ لە سەر ئاوابوون بوو، گەیشتینە سەر کانی هەناسە کە رووبارێ ئاوی لە بەر دەڕوات، ئەو کانیەی بۆ زەیتوونستان بۆڕی هەناسەیە، ئێرە بگیرێ، کوێربکرێتەوە، یان رێڕەوی بگۆڕێ، یان ژەهراوی بکرێ، زەیتوونستان دەکەوێتە هەناسەبڕکێ، دەخنکێ، وشک هەڵدەگەڕێ، چەتەکان، دوژمنانی بابەکوشتەی زەیتوونستانیش تا دێ نزیکدەبنەوە، تا هێزی پشتیوان دەگات، لە سەرمانە

بەرگری بکەین و بیپارێزین، دەسنوێژی بەرگریمان بە ئاوی کانیی هەناسە شووشت و خێرا شتێکمان خوارد.

ئەفرینی دڵ لە سەر کانیەکە هاتبۆوە سەرخۆ، چاوم لێبوو، دەفتەری سەربردەی لە کۆڵەپشتەکەی دەرهێنا و بە خێرایی یەک دوو لاپەڕەی پڕکردەوە و هەڵیگرتەوە.

هەستمانکرد چەتەکان نزیکدەبنەوە، ئێمەش لە پەنای بەرد و بنەزەیتوون دامەزرایین، تەقە دەستپێکرد.

باران نم نم دەباری، دەڵێی رۆندکە بە سەر گەڵای زەیتووندا دێتە خواری، هێشتا تاریکی لێکدی بزرینەکردووین، شەڕ وا کەوتەوە، گیانگۆریی بخوازێ، کەسێ بۆ ژیانی ئەوانیدی گیانی بخاتە سەر لەپی دەستی، خودێدەی ئێزیدی، خودێدەی گیانی من، گوتی:

ئەورۆ نۆرەی منە، سەر و نارنجۆکم بدەنێ، ئێوەش بجەنگن، خەمتان نەبێ، زۆری نەماوە هێزی پشتیوان دەتانگاتێ.

هەر یەکە لای خۆیەوە دەیگۆ:

نا، نۆرەی تۆ نیە، هی منە.

تەنها ئەفرینی دڵ بێ هەست و خوست ما، وەک ئەوەی بە ســـەر دنیاوە نەبێ، من چوومە بەر دەم خودێدەی خۆم و گوتم:

جوان نیە بۆ تۆ نۆرەبڕی دەکەیـت، نە نۆرەی تۆیە نەهی کەس، نۆرەی منە و تەواو.

خودێدەی ئێزیدی بە تووڕەییەوە:

فەرمانی منە، بۆت نیە فەرمانی ســەردەســتەکەت بشکێنی، بکشێوە، هێشتا نۆرەی تۆ نەهاتووە.

گوتم:

نۆرەی منە و ئەو فەرمانە دەشکێنم.

هەموو هێ لە ئەفرینی دڵ لێم پاڕانەوە و کەوتنە تکـا، بەڵام تکـای کەســـم نەگرت و کەوتمە خۆ ئامادەکردن، ئێمە لەو مشتومڕە بووین، ئەفرینی دڵ، بە دەنگێک کە لە دەنگی خۆی نەدەچوو:

بوەستن، گوێتان لێنیە بارینی گوڵ گازمدەکات، بە دەنگیەوە نەچم، ناپاکیە لە زەیتوونستان، ڕێ بە کەس نادەم نۆرەبڕیم لێ بکات.

هێندەی بڵێی یەک و دوو، تەڕدەستانە و شێتانە نارنجۆکی لە قەدی هەندێکمان کردەوە، بە هەموومان هەوڵماندا ساردیبکەینەوە، پەژیوانیبکەینەوە، کەڵکی نەبوو، لە هیکەوە بە پێی با ملی ئەو ڕێچکەیەی گرت کە دەیبردەوە ناوەندی هێزی چەتەکان، دەتگۆ لەمەچێترانە لە چاوتروکانێ بزربوو، کەسێ پێی هەڵێنا و ویستی بە دوایدا بچێ، سەردەستە بە خورتی گێڕایەوە و گوتی:

بوەستە، با هەر کەسێ تیابچێ، کانی هەناسەتان لەبیرنەچێ.

کاتی مشتومڕ نەما، شەڕ گەرمە، لە گژە ببێتە دەستەویەخە، ئەفرینی دڵ شتێ نەکات، خوێنمان تێکەڵی کانی هەناسە دەبێت، کانی دەکەوێتە دەست چەتەکانی دنیا و زەیتوونستان دەبێتە بیابان، لە دڵێ خۆ دەمگۆ:

ئەفرینی دڵ، ئەگەر دەتزانی ئەو کارە لە توانای تۆدا نیە، بۆچی ڕێی من، ڕێی ئێمەت نەدا؟

لە هیکەوە، لە پشـــت چەتانەوە، بووە ئاگرباران، چەتە ســـەریان لێشـــێوا، ئێمە کەوتینە هێرشـــبردن، ئەوەی کەوت، کەوت، ئەوەی بە نـــاو تـــاریکیـــدا قووچـــاندی، قووچـــاندی، کەوتینە دوای لەشـــکری دۆڕاو تـــا ئەو شـــوێنەی ئەفرینی دڵ دەســـتی لێوەشـــــاندن و خۆی کردە بەڵاگێڕی ئێمە و کانی هەناســـە، لەوێ لە ناو لاشـــان بە دوای لاشـــەی ویدا گەڕاین، نەبوو، کۆڵەپشتەکەمان لە بن بەردێ دیتەوە، هەبێ نەبێ بە شـــێوەیێ بریـــندار بووە، فریـــای فیشـــەکەکەی ســـەر ســـینگی نەکەوتووە، بەر دەســـتی چەتەکان کەوتووە و لەگەڵ خۆیان بردوویانە.

خودێدە لە هەموان پتر تێکچوو، وێنەی شـــێتان دەهات و دەچوو، بە دەســـتێ لە ئەژنۆ و بە دەســـتێ لە هەنیەی خۆی دەدا و دەیگۆ:

نەدەبوو ڕێی بدەم، نەدەبوو ڕۆڵی خۆم بەو بدەم، نەدەبوو وا بکەم، لەدەستمچوو...

لە دوورەوە گوللەمـــان بۆ دەهـــات، خودێدە هەر پەکوو پەکووی بوو، تەواو ئارامیی لەدەســـــتدابوو، ڕووی تێکردین و بە دەنگێـــک لە دەنگی خۆی نەدەچوو:

ئێوە جێی خۆتان نەگۆڕن، من دەیگێڕمەوە...

قســـەکەی تەواو نەکرد، وەک پەلیک دەرپەڕی و بە رووی گوللەدا تـاریکی بڕی، هـاوارمـان لێیکرد، نەیبیســـت، یەک دووانێ ویســـتیان بە دوایدا بچن، ئەوانیدی نەیانهێشت و گوتیان:

وەرنەوە سەرخۆ، زەیتوونستان پێویستی پێمانە، نابێت، هەموومان تیابچین.

من چۆکم شـــکا و زمانم بەســـترا، بەڵام ئاگام لە دنیا نەبڕا، لەو کاتە هێزی پشـتیوان گەیشت، هێندەم زانی خۆم لە ئامێزی گەرمی جانێی ئاگری دیتەوە.

جانێی ئاگری

کاتێ گەیشتینە ناو زەیتوونەکانی بەرزایی پشت کانی هەناسە، خۆم لە تەنیشت میدیای یارسانی دیتەوە، خۆی دابووە پەنا بەردێ، پەنجە لە سەر پەلاپیتکە و چاو بە سێرەوە، لە ئەندامەکانی تەنها چاو و پەنجەی لە کار نەکەوتبوون، دەتگۆ بۆتە بەشێک لە بەردەکە، نە زمانی دەگەڕا، نە پێی دەجوولا، نە هیچ جێ، کاتێ تەقە بڕا، لە ئامێزم گرت، ئاوم بە زاریەوە کرد، لە گەرووی نەدەچووە خوارێ، بن پیلم گرت، پێی نەدەگرت، بە سێ چواری هەڵمانگرت و هێنامانەوە سەر کانی هەناسە، بێ هەست و خوست، بە ئاستەم هەناسەی دەدا، درەنگ پێکەوتم لەو شەو و رۆژە سێ هاوڕێی گیانیی بە بەر چاویەوە فڕیون، خودێدەی دەزگیرانیشی لە فڕیوەکانە، منیش لە جێی وی بام، رەنگبێ وام بەسەرهاتبا، شتێ لە سەربردەی ئەوینی وان دەزانم، ئەو دوو ئەویندارە، چاوەڕێیان دەکرد دۆخی زەیتوونستان کەمێ هێوربێتەوە تا زەماوەند بکەن.

میدیای یارسانی کچی بناری بێستوونە، هێند شیرینە، دەڵێی زادەی شیرینە، لە رێی فەیسبووکەوە، لە رێی نامە و وێنە و دەنگەوە یەکتر دەناسن، تا دەگاتە ئەوەی دووراو دوور دڵیان دەچێتە یەکتر، نیازی بوونە هەڵۆی شاخان، باڵی ئەوینیان لێدەڕسکێنێ، ژوان دەکەوێتە گۆماوی ئاوێنەی ئاسمانێ، ئەو گۆماوەی چیای هەوربڕ لە سەر سینەی خۆی بۆ ئاسمانی ڕاگرتووە و شەوان مانگ و ئەستێرە تیایدا دەدرەوشێنەوە، درەوشانەوەیێ نیە لە وێنە و ڕەنگی، بە ڕۆژیش ئاسمانێ ڕەنگدەداتەوە، برژانگت پێوەی گرێدەدات و بە تۆ بێ بۆ هەتایە پێوەی بێت و بینایيت لێی نەبێتەوە، ئەو گۆماوەی من و کوڕە گەرمیانیی پێکدی ناساند و لە یەکەم دیدار لە چاوە ڕەشەکانیەوە کەوتمە بەر تیشکی ئەوینەوە.

هەیوەشەوێ، لەوێ، لە دیار گۆماوی ئاوێنەی ئاسمان، لە ناو تریفە و جریوە میدیای یارسانی و خودێدەی ئێزیدی کە باڵی هەڵۆیان پێوەیە، لە تەنیشت یەک دەنیشنەوە و لە نزیکەوە و لە چاوەوە هێندە ئەوین دەگۆڕنەوە لە گۆماوی ئاوێنەوە تیشکدەداتەوە، هەموو ئەو تیشکە ئەوینە دەبینن و پیرۆزی دەکەن.

ئەو دوو ئەویندارە تا دەگەنە زەیتوونستان حەفت ساڵێکی پێدەچێ، بە ناو ولاتێ دۆڵ و دەشتا هاتوون، لە سەر چەندان تۆپک نیشتوونەتەوە، چەندان جۆگە و رووبار و زێیان بڕیوە، میدیا دەیگۆ:

ئەو چەند شەوەی لە سەر چلمێرای زێدی خودێدە ماینەوە، شیرینترین شەوی ژیانی منن.

ئێمە هێشتا لە سەر کانی هەناسەین، میدیای یارسانی وەک خۆیەتی، نە پێی زەوی دەگرێ، نە زمانی دەگەڕێ، تفەنگەکەی تونـد بە دەستەوە گرتووە و چاوی لە پنتێکی پەنهان بڕیوە و نایترووکێنێ.

لە لقی دارزەیتوون دەستەبەرەیەکیان چێکرد، میدیایان خستە سەری و کۆڵەپشتەکەی ئەفرینیان لە بن سەری دانا، بە چوار پێنجان هەڵیان گرت و بردیان.

هێندەم لە دەستدێ نزابکەم میدیای یارسانی چاکبێتەوە و پەرجوویکیش رووبدات، خودێدەی ئێزیدی بگەڕێتەوە، ئەوینی ئەو دوو ئەویندارە بە

کەس نانووسـریتەوە، هەر دەبێ یەک لەم دووانە، یان پێکەوە بینووسنەوە.

هەر من دەزانم سـوێی لەدەسـتدانی دەزگیران چ بارێکی گرانە، بارێک لە کێوی باربکەیت، دەچەمێ، من هێندەم لە ژیان دەوێ، چیرۆکی ئەوینی خۆمان، هی من و کوڕە گەرمیانی، ئەو ئەوینەی هێ لە خۆم و خۆی و ئەفرینی دڵ، باوەڕناکەم کەس پێیزانیبی، بەڵام دڵم دەڵێ ناگەمە ئەو رۆژەی بینووسمەوە، دڵم دەڵێ گۆڕم، یان گۆڕی ئەندامێکی لەشـــم دەکەوێتە بن درەختێک و ئەوینەکەم لەگەڵ خۆم دەنێژم، بۆیێ ئێسـتا لێرە، لە ســەر کانیی هەناســە، لەو پشــووە کورتە، لەو دەفتەرە گچکەیە، بە خێرایی چەند دێرێ لەو داســتانە ئەویندارییە تۆماردەکەم، ئومێد دەکەم، لە دوای خۆم بپارێزرێ و نەکەوێتە دەستی چەتە و نەیارانی زەیتوونستانەوە.

من کچی زێـدی مەم و زینم، دایکم بە نـاوی زینەوە ناودێریکردم، پارچەڵە بووم، شـەوێ لە رێی تیشکێ کە لە ئاگریەوە هاتە خەونم، خۆم ناسی، پێم نەختسبووە هەژدە بە چیا کەوتم.

رۆژێ بە دیـار گۆمی ئـاوێنەوە، کە لە چێوەی بەفر گیرابوو، ئەوینی کوڕە گەرمیـانی لێیـدام و بە لادا هـاتم و خۆم نەگرتەوە، بە نهێنی گرتمیەوە و بە پێی ئەوین ڕێی بەرگریمـان گرتەبەر، هـەر ئەویش زینەکەی لێم کردەوە و بە جانێی ئاگرییەوە کەوتمە ئەوینیەوە، منیش ناوی کوڕە گەرمیانیم بە ســـــەردا بڕی، ئەو خەڵکی بەری حەمرین، هەرێمی ئای ئای و هەستان بوو.

ئەوینی ئێمە بە نهێنی مـایەوە، ئەوینی ئێمە لەو ســێ ســاڵ و نیوە تەنها ماچ و ڕامووســانێکی گرت، بەڵام تا ئێستاش کەم خەوتن هەیە خەونێکی بەوەوە تێدا نەبێ، باوەشـــی پێدانەکەم، هەمیشـــە لە دەنگی ماچی وی بەئاگادێمەوە.

ڕامووســانەکە کەوتە حەفتەیێ بەر لەوەی کوڕە گەرمیـانی لە تەنیشـــت خۆم بە گوللەیەکی گەرم ســـاردبێتەوە، گوللەکە ڕێک بە من کەوت، بەڵام ئەو مرد، ئـاخر ســـــەر دڵی گرت و منیشـــی لەوێ هەڵگرتبوو، لە ســاتی ئاوزینگدانێ ســەری لە ســەر ڕانم بوو، بەر لەوەی گیانی بە بەر چاومەوە بفڕێ، بە ئاماژە تێبگەیاندم شتێ لە سەر دڵیەتی و بۆ منی داناوە.

نووشـــتەیێ بوو، بە کراســـەکەیەوە دووریبووی، کردمەوە، بە خەتێکی درشت نووسرابوو:

جانێ ئاگری، گیانی من.

نووشتەکە سێ تاڵە قژی لوولدراویشی تێدا بوو، ناسیمەوە، لە کاتی راموسانەکە چوو بە دەستیەوە، گوتی:

جانێ، دڵمی پێدەبەستمەوە.

بیرمدێتەوە، لە ساتی راموسانێ گوتی: جانێ، لە دەمی ئـــاوزینگـــدانێ، ئەگەر لێوم تەڕ بکەی بە خوناوەی گەردنێ، دەژیمەوە و...

ئاخ، خوناوەی گەردنێ رێی نەگرت لە مردنێ.

راموســـــانەکە دوور لە چاوان بنە هەنجیرێ بە گەڵاکـــانی خۆی وێنەی گرت، مردنەکە بەردێ بە ئاشکرا بە خوێنی وی لە سەر خۆی نووسیەوە.

گۆڕەکەی لە بەرزاییەکە، داربەڕووێ ســـێبەری لێدەکات، بە ســـەر دەچڵەدا دەڕوانێ، دەســـماڵە سـووڕەکەم لە کێڵی لای پێی گرێداوە، لە سـەر کێڵی لای سەری بە خەتێکی رەش نووسیومە:

دڵی جانێی ئاگری.

دەمێکە رێم بە گۆڕی دڵی خۆم نەکەوتووە، لەگینە ئێســـتا دەســـماڵ رەنگی چووبێتەوە، خەتیش رەشبووبێتەوە.

من دڵم لەگەڵ وی ناشـــت، ئەوەی تا ئێســـتا بە ژیـــانـــمـــی بەســـــتـۆتەوە، چـڵە زەیـتـوونەکـانـی زەیتوونستانە.

وێدەچێ چەتەکان نزیکبووبنەوە، ئەگەر مام، ئەو ئەوینە بە دڵوداو دەنووسمەوە، ئێستا مالاوا.

جانێی ئاگری

ئەویندارێ بە مراز نەگەیشتوو.

بێریشانی ئەلەگەزێ

من زوو کە هێشـــتا لە دامێنی ئەلەگەز بووم، خووم دابووە نووســـینەوەی رۆژانەی خۆم و چەند دەفتەرێکـم پـڕکردبـووەوە، بەڵام دوایـوەی بـای زەیتوونستان هەڵیگرتم و گەیشتم، نەدەپرژامە سەر ئەوەی لاپەڕەیەکیش پڕبکەمەوە، ئەوە هەوکە هەرێم بە خۆم دا هەنـدێ ســـەربردەی ئێرە ئەگەر بە ســـەرەدێریش بێ بنووســـمەوە، دنیایە منیش نەمام، ســـــبەی رۆژێ رەنـگبـێ ببـێتە کەرەســـــتەی چیرۆکنووسێ، دیرۆکنووسێ...

ئەها، کەپکە شـاخێ لە کەمێ دوورەوە لە کڵاوی ســـــەپـانـان دەچێ بە بنـارەوە، بنـار لە زەیتوون رەشـــــدەچێتەوە، بن کەپکەشـــــاخ هەڵکۆڵراوە و رێکخراوە، جێی هەشـت نۆ دە بریندارێ لێدەبێتەوە، ئێرە نەخۆشـــخانەی ژنانە، من لەگڵ نەخۆشـــانم و کەوتوومەتە ناو خوێن و داو و دەرمان و...

کچێ هەیە، نە بریندارە، نە نیشانەی نەخۆشیەکی پێوە دیارە، بەڵام هەستدەکەم لە هەمووان بریندارتر و نەخۆشترە، لە هەموویان پتر پڕ ئازارە، کچێکە دەڵێی گوڵەباخێکی کەمێ ژاکاوە، میدیای یارسانیی ناوە.

میدیا لە پێ کەوتووە و زمانی شکاوە، چەندی سەردەهێنم و دەبەم باوەڕم نایێ، جەنگاوەرێ کە چەندان شەڕوشۆڕی دیبێ و بەناو خوێن و فرمێسکدا هاتبێ، بە هۆی رووداوێکەوە زمانی بشکێ و دوای هێندە رۆژە نەهێتەوە گۆ، بە هۆی رووداوێکەوە پێی کە بەڵای لێنەبێ، زەوی نەگرێ و نەتوانێ بۆ تاوێ راوەستێ، ئەو کچە ناوە ناوە چاو لە ساپیتە دەبڕێ و هەناسە لە خۆی دەبڕێ، هەمیشەش چەکەکەی بە دەستەوەیە و لەگەڵ خۆی دەخەوێنێ، ئێمە زوو دەرزیلەکەمان لێی دەرهێنا، نەبادا لە دەستی دەرچێ و کەتنێ بکات.

میدیا جاروباریش تیچاوێ دەداتە کۆترە بریندارەکە کە بە شێوەیێ دەناورێتەوە جەرگت بۆی ژان دەکات، کۆترەکە پێ و بااڵێکی شکاوە، من بۆم گرتۆتەوە و تیماری دەکەم، هەستدەکەم دەخوازێ شتێ بە کۆترەکە بڵێ، زار هەڵدێنێ، لێ دەنگ نایێ.

کچێ هەیە سەری رووەمەتی سوور سوور، گەرم گەرم، دەڵێی بەردی پڕێمزە، ئەو کچە چاوەکانی بەستراون، پەلە ساچمەیان تیا راچووە، دیار نیە بینایی بۆ دەگەڕێتەوە، یان ئەویش بە دەردی....چووە، ناوە ناوە لە بەر خۆوە، بە دەنگێکی ناسک و نزم، هەر ئەوەتا گوێم لێی دەبێت، سترانێ دەچڕێ، هەر کێ بیبیستێ خۆی ناگرێ، ئەگەر بەردیش بێ تنۆک تنۆک رۆندکان دادەبارێنێ، ئەز هێندەی دەگەڵ ئەو سترانە فرمێسکم رشتووە، بۆ دایکم کە لە ختوخۆڕا لە شەڕی ئازەر و ئەرمەنان، خوێنی رژا و گیانی بە وێنەی کارمامز بە ئەلەگەزا هەڵگەڕا، نەمڕشتووە:

هۆ کوڕە گەرمیانی

دڵم بۆ تۆ هانی

هەردوو چاوم بەخشی

لە رێی دار و کانی

کچە ناوی جانێی ئاگریە، ئەویش لە شەڕی بەرگریی کانی هەناسە چاوەکانی لە دەستداوە، تا بە دزیەوە دەفتەری ناو کۆڵەپشتەکەیم نەکردەوە و دوا لاپەڕەیم نەخوێندەوە، نەمزانی کوڕە گەرمیانیی ناو

ستـــرانەکە کێیە و جـانێ بۆچی بەو تەرزە بۆی لێدراوە.

ســـەر لە ســبیانێ، بریندارێکیان هێنا، پێڵاوی پێی راســـتی، وێدەچێ تاکی ئەو پێڵاوە خوێناویە بێ کە دوێنێ لە نـاو کۆڵەپشـــتێ دیتـم، هەرچەنـدە پێڵاوەکانمان هاوشـــێوەن، بەڵام دڵم دەڵێ رەنگبێ هەو بێ، بریـندار کچێکە، پێی چەپی لە گۆزینگەوە فڕیوە، رەنگی شـــێوەی زەیتوونی زەردی پووچی گرتووە، وێناچێ پشـــکە خوێنێکی لە لەش مابێ، بە ئاستەم هەناسە دەدات، ڕ پێناچێ بژی، ناوی وی...

حەفتەیەکە لێرەم، لە ناو کچانی دەسـت فڕیو، پێ فڕیو، بینایی رژاو، زمان شـــکاو، لەگڵ تیمارکردنی برین، بریندارێ نوێ دێت و هی کۆن هەڵدەگرن و دەگوازنەوە.

پێش کەمێ لە ســـەرەوە فەرمـانێ هـات، خۆم خڕکەمەوە، وا دیارە لە شوێنێکیدی پێویستیان پێمە، نـازانم بۆ کوێ، لە هەرشـــوێنێ بگیرســـێمەوە، هەوڵدەدەم سەربردان بنووسمەوە.

بارینی گوڵ

ئەز هێندەم لە بیرە هەڵدرام و بە ئاسمانێوە بووم، کاتێ پشتاوپشت کەوتمەوە سەر زەوی، دیتم دڕندەیێ نەمزانی چیە، بۆم دێ، زاری بستێ کردۆتەوە و دەیەوێ قووتمبدات، دەستم بۆ چەکەکم برد، سامگرتی بووم و نەمتوانی تەقەی لێبکەم، زمانم شکا و هاوار لە هەوکم خنکا، هێندەم لە دەست هات لە سەر پشت خشیم، زۆر خشیم، دڕندەکەش نەرم نەرم دەهات، هێندە و تەواو.

کاتێ بەخۆهاتمەوە، بروسکێ لە پێم وەستابوو، هی بەرگەگرتن نەبوو، پڕ بە گەرووی خۆم قیژاندم، قیژەیەکی نەپساوە، کەس بە هانامەوە نەهات، نەمزانی لە کوێم و چیم لێ قەوماوە.

ئەو جارەش لە ناو ئازار و ژان وەخۆهاتمەوە، هەستمکرد خراومەتە ناو دارەبازەوە و لە رێی گۆڕستانم، وا دیارە وایان زانیوە مردووم و دەمبەن بمنێژن، هاوارمکرد:

بمگێڕنەوە، نەمردووم، زیندووم.

کەس گوێی نەدامێ و بە پەلە بوون بۆ ناشـــتنم، نازانم چەند جار بوورامەتەوە، هەســـتمکرد لە ناو گۆڕم، تووشـــی هەناســـەبڕکێ بووم، خۆم لە گۆڕ ڕاپســـکاند، هاتمە دەرێ، چاوم کردەوە، گۆڕەکەم کۆلکەدارێکی ناو کلۆر بوو، دەســـتم بە خۆمدا گێڕا، لە خوێن هەڵکێشـــرابووم، ئـازار پتر تـاوی هێنـا، درەنـگ پێکەوتم پێیەکم پچڕاوە، هەرچۆنێ بوو، پشـــتێنەکەم کردەوە و تێمپێچـا، تینی گـازکردن و هاوارکردنم تێدا نەمابوو، خۆکوشـــتنم بیرکەوتەوە، دەرمـانی من هەر ئەوەیە، دەســـتم گێڕا تفەنگەکەم نەکەوتە بەردەست.

هێندەم زانی وا لە ســـەر دەســـتانم، دڵنیابووم کەوتوومەتە دەســـتی چەتەکـان، بەڵام هێنـدەی ســـەرەدەرزیەک لە مردن نەترســـام، نەک هەر نەترســـام، لە دڵەوە مردنم خواســـت، خواخوام بوو زوو بمکوژن و لەو ئازارە رزگارم بێ.

لە دەنگێکی ئاشـــناوە گوێم لە ناوی خۆم بوو، بەڵام نەمناسـیەوە، تێگەیشـتم هاوڕێکانمن، دڵم بەوە

خۆش نەبوو، ئاخر من مردنم دەخواست، تا ئازارم دەشکێنن، زۆری دەوێ بەرگەی ناگرم.

بیرمنایەتەوە، چەند جار مردم و زیندووبوومەوە، چەند جار ئاگرم گرت و کوژامەوە، پشکۆ و دووکەڵم قووتدا و هێنامەوە، تا فریشتەیێ هاتە سەر سەرم، چاوم هەڵنەهات بەڵام دیم، بەرگێکی لە شێوەی هی منی لەبەربوو، دایکانە دەستی بە سەر و قژم دادەهێنا و بە زمانی نمەباران دەیگۆ:

گیانی من، بارینی گوڵ، دڵ لە دڵ مەدە، هیچ نیە، چا دەبیت، هەڵدەستیتەوە...

کاتێ چاوم کردەوە فریشتەکە نەمابوو، درەنگتر پێکەوتم، فریشتەکەم ناوی بێریڤانی ئەلەگەزیە، پێشترێ نەمدیبوو، ئێستاش نەمدیتەوە، بیستمەوە کە لە بن بنە زەیتوونێ لەگڵ تیمارکردنی سێ چوار منداڵ دەبێ، تۆپێ دێ و.....

درەنگ پێکەوتم ئەو رۆژەی دەگەمە بن دەستی فریشتەکە، دەکەومە نێوان جانێی ئاگری و میدیای یارسانی، بەڵام نە من ئەوان، نە ئەوان من دەبینن، ئەوانیشم بزرکردن، نزادەکەم بە دەردی ئەفرینی دڵ و خودێدەی ئێزیدی نەچووبن، تا ئەو ساتە سۆراغی

کەســـیان نازانم، ئای ئەفرینی دڵ، خەمی تۆ کێوێکە بە کۆڵمەوە، بە من هەڵناگیرێ، هاوارە مەسیحی من، ببپارێزە.

دەڵێن پێڵاوەکەم کە لە نـاو کۆڵەپشـــتەکەی ئەفرینی دڵ بووە، ئێســـتـا کەوتۆتە لای میدیـای یارسانی.

من ئەگەر بگەمەوە ئاقاری نەنە گەورە و گۆڕی پێیەکەی خۆم ببینمەوە، رەنگبێ پێڵاوەکەش گەیشـــتبێتەوە ئەوێ، دڵم دەڵێ: پێڵاوەکەم بە دوای پێمدا دەگەڕێ، دەیبینێتەوە و دەبێتە کێڵی.

خودایە، من چیم بەســـەرهـاتووە! هێندەی بیری تاکە پێڵاوە بزربووەکەم دەکەم، هی پێیە نێژراوەکەم ناکەم، وێدەچێ کەســێ تا پێی لەدەســتنەچێ، نرخی پێڵاوەکەی نەزانێ، من دەمێکە وازم لە خاچ هێناوە، کەچی ئێستا، نازانم بۆچی گاو نا گاوێ هەستدەکەم خاچێکم، لەتێکم لێ بۆتەوە، پێی فڕیوم بە پێڵاوەوە لەتە بزربووەکەیە.

من ئێســـتـا بە دیـار شـــەپۆلی دەچڵەوە لە بن دارمـــازووێ، دانـیشـــتـووم، دوور لە یـارانـی زەیتوونستان، ئەوانەی لە هەر سەرخەوشکانێ دێن

و دەورم دەدەن، لەگڵم لە ناو رستە بە دیداریان شادببمەوە، بیاندوێنم، تا پەڕ پەڕ سەربردەیان بۆ خۆم بگێڕمەوە، حەیف، دەبوو زۆر زووتر دێر دێر بیاننووسمەوە، زۆرم لە دەستچوو، من چەند بێ خەم بووم، کەمم دەپرسی و کەم لە بارەیانەوە دەزانم، بەڵام هەینێ کوا دەرفەت، لە ناو شەڕ و هەڵمەت و هەڵاتن کوا کات بۆ گێڕانەوەی سەربردان.

هەر دەبێ لە ئەفرینی دڵ و دەلالەوە پێدا بێم، هەر سێ دەلال، دوو منداڵ و پردێ، لەوێوە بۆ بنی دنیا، بزربوون و چوونە زەیتوونستان و دیتنەوە، دیداری دایە زەیتوون و گەیشتنە بن نەنە گەورە، دوای چەند جار مردن و زیندووبوونەوە، لەوێوە بە ناو لێڕەواریێ رووداوەوە تا ئێرە، ئەگەر لێرەش هەڵنەکەنرێم و ژانی پێم تەنگم پێهەڵنەچنێ و یادەوەریم بە هانامەوە بێ، هەمووی دەنووسمەوە، من کە لە مازووچنەکەی کون لە پاشۆڵێ دەچم، دەمەوێ بە گێڕانەوە دڵی خۆم بدەمەوە.

دادە گوڵچن

لە ســـەر کۆســـپی دەرکێ، لە چۆکی خۆی دەدا، دەستی خۆی دەشکاندەوە، سەری دەهەژاند و لە بن وردە ڕۆندکانەوە لە ئاســمانی دەڕوانی، ئاســمانیش وەک بڵێی هاوخەمیی خۆی پێشـــانیبدا، ناوە ناوە بە پڕووشەیێ فرمێسکەکانی دەسڕیەوە، بەڵام فرمێسک بە شـێوەیێ ســەریکردووە، هەور بنی دێ، فرمێسک ناوەستێ.

ئەو ژنە ســێ حەفتە پترە، لە نوێژیانەوە تا بانگی هێوارێ ســـــەر ئەو دەرگایە جێیەتی، تەنها لە کاتی نوێژەکان ســـــەرێ بە ژووروێدا دەکاتەوە و بە پڕتاو دەگەڕێتەوە، دەکەوێتەوە گریـان و نزا و پـاڕانەوە، ژنـانی کۆڵان لێی خڕدەبنەوە و دڵیـدەدەنەوە، بەڵام ئەو وەک بڵێی بیستن و بینینی لەدەستدابێ، نابیستێ و نایانبینێ، ســەرباسی پەیڤینی دوو ڕستەیە، منداڵی کۆڵان ئەزبەریان کردووە، بە کێش و ســەرواوە و بە ئاوازێکی خەماویەوە دەیڵێنەوە:

دەستم بشکێ، سێ جار زەنگی لێدابوو

تا گەیشتمێ، ئەو لە سەر هێل نەمابوو.

دوای ئەو هەموو ساڵە دەردی زەنگەکەی سەری لێی سەرهەڵداوەتەوە.

ژن دەوری دەدەن و بۆ دڵدانەوەی دەڵێن:

- بەزەییت بە خۆتدا بێتەوە، خۆت کوشت، دڵنیابە ئەو پەیادەبێتەوە و زەنگت بۆ لێدەداتەوە، بەسە، توخدا بەسە.

هیچ نابێستێ، برژانگی تەڕی بە ئاسمانەوە گرێدەدات و بە دەنگێکی نزم و نووساوەوە، بە ئاستەم دەیبیستی:

تۆش بە دەردی خۆشک و دایک چووی، لەو سەری دنیاوە کەوتیە ناو زگی بیابانەوە، ئای خودایە، گوناهمان چیە، ئێمەت بۆ بن بیابان هێناوەتە دنیاوە!

بۆ دڵدانەوەی دەڵێن:

بیابانی چی! ئەو لە کوێ، بیابان لە کوێ! بە خودای لە من و تۆ زیندووترە، بزانە گەشتێکی دووری کردووە، رووداوێکی وای بەسەرهاتووە، لەوانەیە تۆی لەبیرچووبێتەوە، بەڵام هەر بیریدەکەوێتەوە، هەر بزانە پەیدابووەوە، زۆر کەسی وەک وی هەبوونە، تەمەنێ بێ سەر و شوێن ماون و لەپڕ پەیدابوونەتەوە.

چاو بە ئاسمانەوە:

خودای من، لێم خۆش مەبە، ئەگەر بە زەنگەکە راگەیشتبام، ئەوە رووینەدەدا، دادەی نازێی من، نەدەگەیشتە کن نازێی خوشکی، نەدەبووە خۆراکی گورگی بیابان.

کۆڵان گەیشتنە ئەو باوەڕەی کە ئەو ژنە لە سەر لێواری تێکچوون و هۆش لەدەستدانە، دەنا دوای ئەو هەموو ساڵە، ئێستا زەنگە لەدەستچووەکەی بیردەکەوێتەوە! پێویستە زوو بگاتە نەخۆشخانە.

بەزۆر خستیانە ناو ترۆمبێلەوە، ماوەیێ کڕ و بێ جوولە، چاوی بە جامەوە، لەپڕ هاتەگۆ:

خواگیرینه، بۆ کوێم دەبەن؟ ئێستا رەنگبێ لە بن خۆڵی بیابانەوە زەنگم بۆ لێبدات، بمگەڕێننەوە، با بۆ دواجار گوێم لە دەنگی بێ.

بە چرپە دکتۆرەکەیان تێگەیاند، باسوخواسی نەخۆشەکە چیە.

دکتۆرەکە تا دڵ دەڵێ زێ، نەرم و نیانە، پێناچێ پەروەردەی کەشی پزیشک و پزیشکیی ئەو وڵاتە بێ، هەر چەندە لە نۆرینگەی خۆیەتی، بەڵام ئەوەی گوێی پێنەدات کاتە، ئەو ئێوارەیە بە زمانی گوڵ، هەموو کاتی خۆی بەخشیە ئەو ژنە رەنگوڕوو لە بەر نەماوە، ئەو ژنە گریاوە، ماوەیێ هەر لە دەوری سووڕا، فرمێسکی دەسڕی و دەستی بە پرچە سپیەکەیدا دادەهێنا کە لە بن چەفیە رەشەکەیەوە، دەتگۆ بەفری سەر لق و پۆی درەختە، بە سەر شانیدا شۆڕبۆتەوە، پەرداخە ئاوێکی دایێ و هات بەرانبەری دانیشت، بە دەنگێکی زۆر میهرەبانانە لێی پرسی:

بمبووڕە، من ناوی تۆم لەبیرچووەتەوە، ئەرێ ناوت چی بوو؟

چاوی خستە سەر دکتۆر و کەمێ داما:

من، من دەڵێی؟ کچم، من ناوم گوڵچنە.

- ئۆی، نەدەبوو ئەو ناوە ناسکە لەبیربکەم.

+ تۆ من دەناسیت، لە کوێ منت دیوە؟

- دەتناسم، ئا ئا، من زۆر جار تۆم دیوە.

+ وای، چەند لە دادە نازێی من دەچی، نزادەکەم تۆش بە دەردی وی نەچی، کچم، ئەویشیان برد بۆ بیابان بۆ لای نازێ و دایکی.

دکتۆر بە بیستنی ناوی (دادەی نازێ) بروسکێکی بە لەشدا هات، بەڵام خۆی بەرزەفت کرد، نەیهێشت پێوەی دیاربێ، گوتی:

- دادە گوڵچن، ئەو نەچۆتە بیابان، باوەڕ بە خوشکی گچکەی خۆت بکە، ئەو لەو کەسانەیە نیو تەمەنێ دەبنە بەردی بن گۆمێ، لە پڕ دەردەکەونەوە، هەر دیتت دادەی نازێ پەیدابۆوە.

+ زەنگم بۆ لێدەداتەوە؟

- ئا، بەڵام پەلەت نەبێ.

+ کەواتە با زوو بگەمەوە ماڵێ، نەبادا دیسان لە دەستمبچێ.

- دەچینەوە، پاش کەمێکیدی دەچینەوە ماڵێ، ئەرێ گوتت من کەمێ بە دادەی نازێ دەچم؟

+ ئا، کتومت ئەوی.

- دادە گوڵچن، دادەی نازێ چی تۆ بوو؟

+ خوشکەزام بوو.

دکتۆر داما، خەیاڵی رۆیی، لێ زوو گەڕایەوە لای گوڵچن:

- حەزدەکەم منیش ببمە خوشکەزای تۆ، وەرمدەگری؟

گوڵچن چاوی لە چاوی دکتۆر بڕی، بە دەستە وردیلەکانی دەستی گرت و گوتی:

+ کچێ، تۆ زۆر بەو دەچی، ناوت چیە؟

- من ناوم مەهنازە.

+ له دەوری ناوت گەڕێم، باشە تۆ بۆچی بە دادە گازم دەکەی؟ خۆ من تەمەنی نەنکتم هەیە.

- له چاوی من، تۆ وا بە تەمەن نی، هەستەکەم شەش حەفت ساڵێ لە من گەورەتر بی.

دەستی بۆ پرچی برد:

+ ئەوە نابینی؟

- تەمەن بە سپیتی نیە، منیش پرچم گەلێ داوی سپی تێکەوتووە، بەڵام بە خەنە شاردوومنەتەوە.

+ گیانەکەم، تۆ دەخەمە ریزی نازێ و دادەی نازێ، بەڵام نزادەکەم بە دەردی ئەوان و دایکیان نەچی، تۆ سەربردەی نازێ و تاکە پێڵاوەکەی دەزانی؟

دکتۆر مەهناز، راچڵەکی و هەڵفڕی، لە زەیتوونستان نیشتەوە، گەیشتەوە دیداری دایە زەیتوون، بەڵام دەبوو زوو بگەڕێتەوە لای پرسیارەکەی دادە گوڵچن، گوتی:

بەڵێ، کەمێکی لێ..

داده گوڵچن قسەی بە دکتۆر بڕی:

کچەکەم، با من بۆت بگێڕمەوە، ئەو ڕۆژەی نازێ و دایکی و ئاواییان لە چەند زیلێ بارکردبوو، بۆ بیابانیان بردبوو، دادەی نازێ لەوێ نەبوو، بە سەردان هاتبووە شار، لەماڵێ مە بوو، کاتێ هەواڵەکەمان بیست، هەموو کەوتینە شین و ڕۆڕۆ، دادەی نازێ کە هەینێ پارچەڵە بوو، بەڵاگێڕی ناوەکەشی بم، شێت و هار بوو، چەند مانگێک لە سەر چاو کەوت، تامێ زادی نەکرد، بە زۆر بە زارمانەوە دەکرد، بۆی قووتنەدەدرا، ڕەنگی بە بەرەوە نەما، هەموو دەستمان لێی شووشت.

داده گوڵچن لە گەرمەی گێڕانەوە لە هیکەوە وەستا و چاوی لە ساپیتە بڕی.

دکتۆر مەهناز هەوکی پڕ گریان بوو، چاوی تەڕ بوو، بۆوەی داده گوڵچن هەستپێنەکات، هەستا و کەمێ خۆی خەریک کرد، گەڕایەوە لای و پرسی:

ئێ...

داده گوڵچن، برژانگی کە هەر بە ساپیتەوە هەڵواسرابوو:

خودا بەزەیی پێمدا هاتەوە و ئەوی بۆ خۆی نەبردەوە و بۆ منی هێشتەوە، داوای لێمکرد ناوی بگۆڕم، ناوێکی زۆر ناسکیشی هەبوو، دڵیم نەشکاند و گۆڕیم، بەڵام من هەر بە ناوە کۆنەکەی خۆی گازیمدەکرد، تا رۆژێ گوتی:

بە دادەی نازێ گازمنەکەیت، وەڵامت نادەمەوە و لێشت تووڕەدەبم.

هەر هێندەش نا، سوێندی دام کە ناوە کۆنەکەی بە سەر زارمدا نەیە، من لەوە تێنەگەیشتم، بەڵام بە قسەم کرد و تا ئێستاش لە دڵی خۆشم ناوە کۆنەکەی ناهێنم.

دادە گوڵچن سەرگەرمی گێڕانەوەیە، دکتۆریش گوێی بۆ هەڵخستووە و هەست و خوستی لە خۆی بڕیوە:

دادەی نازێم لە ناو چاوی خۆم گەورە کرد، کوڕێکی خۆشویست، خولیای هەندەران کەوتە سەریان، من ئەوەم لە دڵ خۆش بوو، چوونکێ چەندی بستێ لە زیل و لەشکری بیابان دوورکەویەوە، ژیان مسۆگەرترە، سەری خۆیان هەڵگرت، من چ بزانم دەستی بیابان دەگاتە ئەوێش.

گریان هەوکی گرت و لە گێڕانەوە وەستا.

دکتۆر فرمێسکەکانی سڕی و گوتی:

- بیابان بە خەونیش ناگاتە ئەوێ، بیابان تۆز و خۆڵەکەشی ناگاتە دادەی نازێ، هەر بزانە پەیدابۆوە.

+ خودا بە زارتەوە بڕوانێ.

- ئێ...

+ لەوێ زوو لە کوڕە جیابۆوە.

- نەتزانی کێشەیان چی بوو؟

+ دادەی نازێ دەیگۆ: کوڕی لەو باشتر و ئەمەکدارتر نیە، بەڵام من حەزم لە تەنیاییە، لەگەڵ پیاو هەڵناکەم، ئەو، ئەو چەند ساڵەی دوای جیابوونەوە، بە تەنیا دەژیا، لە هۆدەیەک ناوی نابوو، مالّی گەردوون.

- ئەو ناوەی لە چیەوە هێنابوو؟

+ بڵێم چی! ئەرێ تۆ شووت کردووە؟

– نەمکردووە، بەڵام نیازم هەیە، دە بزانە کوڕێکی باشم بۆ نابینیەوە.

+ تۆ نزابکە، هەواڵێ لە دادەی نازێوە بێ، مەرج بێ، کوڕێکی هێند باش و بەدەوت بۆ ببینمەوە، لە دنیایێ تاق بێ.

دکتۆر بە بزەیەکی ناسک و شیرنەوە:

– دڵم دەڵێ: هەواڵی دێ، هەر کاتێ هات، لەگەڵ ئەو کوڕەی بۆ منت داناوە، پێکەوە وەرنە لام.

+ کچێ دڵمت گەلەک خۆش کرد، دڵت خۆش بێ، من هۆبڕاو بووبووم، هەویات بۆ دڵم گەڕاندەوە، بە مرازی دڵ بگەی، من دەڕۆم، کچەکەم، بە من بڵێ، ئەو ســـــاڵەی تەلەڤزیۆن تـاکە پێڵاوەکەی نـازێی پیشاندا، تۆ بینیت؟

دەرفەتی نەدا، وەڵامبداتەوە، تێهەڵچۆوە:

هەر ئەو رۆژەی پێڵاوەکەی نـازێ، ئەوەی بن خۆڵی بیابانی پیشاندا، دادەی نازێ سێ جار زەنگی بۆ من لێـدابوو، دڵنیـام ئەویش بینیویەتی و ناســیویەتیەوە، من بیناســمەوە، ئەو ناناســێتەوە؟

ئـاخر ئەو بە شـــێوەیێ بۆ منی بـاس کردبوو، لە بینایيم هەڵمگرتبوو.

- باشـــە، خەمت نەبێ، پەیدادەبێتەوە، حەزدەکەم مالّتان پێبزانم، تا ئەو جارە من ببمە میوانی تۆ.

+ مالّێ مە ئاسانە، کەس نیە پێنەزانێ.

لە هەستاندا تەواوێ لە گەردن و سینەی دکتۆری روانی:

کچەکەم، ئەو خەناوکەی ملت چۆنە؟

دکتۆر پێکەنینێکی ناسکی بۆ کرد و گوتی:

- ئەوە لە دەنکە زەیتوون هۆنیومەتەوە.

+ زۆر جوانـت لێـدێ، بەڵام ئەگەر حەزت لە خەناوکەی زێرە و پارەت نیە، من بۆت دەکرم.

- نـا دادە گوڵچن، لە چـاوی منەوە خەنـاوکەی زەیتوون لە هی زێڕ جوانترە، بەڵام لەبیرت نەچێ ئەو کـاتەی کوڕێکت بۆم دیتەوە، خەنـاوکەیەکی بە دڵی خۆتم بۆ بکرە.

+ سەر چاوی دادەی خۆت، ئای کچەکەم، دادەی نازێش کوشتبات، پارچە زێڕێکی بە خۆیەوە نەدەکرد، خەناوکەی ملی وی رستێ مێخەک بوو، بۆنی رۆژە رێیێ دەڕۆیی، دەیگۆ:

نازێ زۆر حەزی لە مێخەک بوو، بۆیە دەبێ هەمیشە مێخەکم پێوە بێ.

دەیگۆ:

لە مردنێش خەناوکەی مێخەکم لە مل مەکەنەوە.

دکتۆر ماچی کرد و گوتی:

منیش خەناوکەی زەیتوون لە خۆم ناکەمەوە و دوو سێ دەنکە مێخەکیشی پێوەدەکەم.

دادە گوڵچن پڕی دایە مەهناز و توند گوشی و لاملی بۆنکرد:

وای، بۆنی دادەی نازێت لێدێ.

لە ساتی رۆیشتنێ، ناونیشانەکەی لە ژنە یاوەرەکەی دادە گوڵچن وەرگرت.

دکتۆر مەهنان، هەندێ وێنەی ســـەردانەکەی ئەو دواییەی بۆ زەیتوونســـتان هاتەوە خەیاڵ، ناســـینی کچانی چەک لە شـــان، لەوانە: ئەفرینی دڵ و بارینی گوڵ و میدیای یارسانی و دایە زەتوون و ئەوانە.

کاتێ بە دیار دایە زەیتوونەوە دانیشـــتبوو، لە زاری ئەوەوە نـاوی کەزی زەر و دادەی نـازێ و پێڵاوی گوڵەشـــلێرە و پێڵاوی نـازێ و ئەوانەی بیستبوو، سەربردەی بزربوونی ئەوانی بیستبوو.

نۆڕینگەی داخست و لەگەڵ بەردەستەکە کەوتنە ڕێ، لە ڕێ زەنگێکی بۆ هات، تا لاچەپێکی دیتەوە و تڕومبێلەکەی ڕاگرت، زەنگ تەواوبوو، ژمارەکە بێ ناو بوو، وێستی بۆی بکاتەوە، ئەو کردیەوە.

- بەڵێ.

+ ئێوە دکتۆر مەهنازن؟

- بەڵێ، ئێوە...

+ من ناوم گوڵەندامە، حەزدەکەم بتبینم.

- من ئێستا لە ڕێم بەرە و ماڵێ، ئەگەر پێویستە دەگەڕێمەوە.

+ نا گیانەکەم، من نەخۆش نیم، لە مالێ بێ، لە هەر شوێنێ بێ، دێمە دیدارتان.

- مالّمان پێدەزانی؟

+ نا، ئەگەر دەکرێ ناونیشانەکەم بدەیتێ.

دکتۆر دوای کەمێ بیرکردنەوە:

- باشە، بەڵام دەکرێ بپرسم چ کارێکت بە منە؟

+ گیانەکەم من لە دوورەوە هاتووم، با یەکتر ببینین، هەینێ باس و خواس دەکەینەوە.

- زۆر باشە، ئەرێ ژمارەکەمت چۆن دەستکەوت؟

+ کچەکەم، بەر لەوەی بێمە ئێرە، سەردانی زەیتوونستانم کرد، لەوێ بەڕێکەوت کچێکم ناسی، تۆی دەناسی، خەڵکی وڵاتی رۆزا لۆکسمبۆرگ بوو، زمانی زەیتوونستانی باش نەدەزانی، سارای ناو بوو، ژمارەکەم لەو وەرگرت.

- وای، ئێستا ناونیشانی خۆمت بۆ دەنێرم.

+ گیانەکەم، دل لە دڵ مەدە، منیش لێرە سەربردەی پێڵاوم هەیە.

- به تاسەوە چاوەڕێی دیدارتم.

+ مردنی تێدا نەبێ، سبەی دێمە دیدارت، پێوەندیمان دەبێ.

لە سەر دەرگای مالّێ تەلەفۆنێکیدی بۆ هات، ئەویش نەناسراو بوو:

+ مەهنازی خۆمان، دەم باش، من ئاڤێستام.

- دەم باش، کام ئاڤێستا؟

+ ئاڤێستای زەیتوونستان، بیرتدێتەوە؟

- ببووڕە، من یەک ئاڤێستام دەناسی، ئەویش کەوتە دەستی چەتەکان.

+ وایە، بەڵام ئێستا لە دەستی ئەوان نیم.

- گیانەکەم، شێتم مەکە، ئاڤێستای من کەوتە دەستی چەتەکان و گرتەی کاتی گرتنەکەشی بڵاوبۆتەوە...

+ مەهناز گیان، تۆ تەنها گرتەی گرتنەکەت دیوە، گرتەی دواتر کەس نەیبینیوە.

مەهناز تاوێ بێ دەنگ ما، پێکەنینێ هێنایەوە گۆ:

- وای، پێکەنینەکەت چەند لە ئاڤێستا دەچێ، هەبێ نەبێ تۆ خوشکی ئەوی.

+ من کەی خوشکم هەبووە، لەبیرتچوو، دەمگوت:

ئەز تاقانەی شەش برایانم؟ ئەو پێکەنینەم کرد، تا بمناسیەوە.

بیریکەوتەوە وابوو، خۆ پێکەنینەکەشی هی ویە، ئاخر پێکەنینی زۆر تایبەت بوو، لە هی کەس نەدەچوو، زۆر کچ دەیانویست لاسایی بکەنەوە، نەیاندەهێنا.

- پێکەنینەکەت هی ئاڤێستایە، بەڵام وا بزانم من خەون دەبینم.

+ خەون نیە، راستیە، با بتبینم، سەربردەی خۆمت بە وردی بۆ دەگێڕمەوە، بەڵام باسی من لای کەس مەکە، نامەوێ لێرە خۆم ئاشکرابکەم.

- تۆ ئێستا لە کوێی؟

+ لە رێم، سبەی دەگەمە شار، ئەگەر کاتت هەبێ، بەرەبەری نیوەڕۆ دێمە لات.

- زۆر باشە، ئەو سێ چوار رۆژە پشووە و لە مالێم، هەر کاتێ گەیشتیە شار زەنگم بۆ لێدە، ئێستا ناونیشانی خۆمت بۆ دەنێرم.

بە نابەدڵی ناونیشانەکەی نارد.

دوای ئەوەی بەردەستەکەی گەیاند، زەنگی بۆ ئاڤێستاکە لێدا.

+ ها، مەهنازی من!

- تۆ هیچ جێیەکی خۆت کوتاوە؟ چیت لێی نەخشاندووە؟

+ ئەها، دەبوو زووتر بۆ ناسینەوەم ئەو نیشانەم هەڵدابا، بەڵام ئێستا زەحمەتە بەوە بمناسیتەوە.

- چۆن! تۆ بیلێ

+ خوشکی شەش برا، تۆش خەناوکەی زەیتوونت لە مل بوو.

مەهناز پێکەنین و گریانی تێکەڵ بوو، دڵنیابوو، ئاڤێستا، ئاڤێستای زەیتوونستانە، ئاخر تەنها ئەو کچە ئەو نیشانەیەی لە خۆی نەخشاندبوو:

- ئاڤێستای من، بۆ دیدەنیت لە سەر ئاو و ئاگرم.

+ سبەی دەتبینم، کاتێکی خۆش.

- خۆشتر گیانەکەم.

فرمێسکی سەری و تڕومبێلەکەی هەڵکردەوە و بەرەو ماڵێ پێی لێنا.

دکتۆر مەهناز

بابم هیچ نیشـــانەیەکی مردنی پێوە دیار نەبوو، چـل رۆژێ بەر لەوەی بـارگەی بەرەو لای دایکم، بەرەو گۆرســـتـان تێکنێ، کۆیکردنەوە و رووی تێکردین:

رۆڵەکانم، ئێوە سێ برا و خوشکێکن، حەزدەکەم بەر دوا هەناسـە هێندە سـامانەی هەمە بە سـەرتانا دابەشی بکەم، دەڵێن چی، بەشی خوشکەکەتان دوو هێندەی هەر یەک لە ئێوە بێ؟

هەر چوارمان دەستمان بە گریان کرد و گوتمان:

بابە، هێشتا زۆر زووە بۆ ئەو قسانە، تکایە دڵمان تۆند مەکە.

گوتی:

مردن لە رێی هەموانە، دڵتـان بەوە تۆنـد نەبێ، ئێوە هەرســـێکتان خاوەن ژن و منداڵ و مـاڵن، وا

تێبگەم لە هیچتان کەم نیە، تەنها خوشـــکەکەتانە هێشـــتا خوێندنی تەواو نەکردووە و بە پێی خۆیدا نەچووە.

هەر سێ برا:

تۆش وا نەڵێی ئێمە وا دەکەین، بەڵام تکایە مردن مەهێنە گۆڕێ.

من بە کوڵ گریام و گوتم:

بابە، تەمەنی قەڵاتت هەبێ، بەڵام ئەوە ئەوها نابێ.

گوتی:

کچەکەم یان هەر کوڕێکم لەو قســـەیەم دەرچێ، گەردنی ئازاد نەبێ.

بەشـــە ســـامانەکە ئەو ماڵەی پێهات کە کەوتۆتە نهۆمی حەفتەمی باڵەخانەیەکەوە و نیوەی شـــاری لێوە دیارە.

دڵم خۆشـــە بەوەی کە ئەو ئێوارەیە کەمێ دڵی دادە گوڵچنم خۆش کردووە، دڵم خۆشـــە ســـبەی ئاڤێســـتای زەیتوونســـتان دەبینمەوە، ئەو کچەی لە

گرتەیەک، لە وێنەیەکی جوولەدار، دوو چەتە لێی نزیکدەبنەوە و ئەویش وێنەی لقە زەیتوونێکی وشک راوەستاوە و دەستی خۆڕادەستکردنی بەرزکردۆتەوە.

کاتێ بیر لە گوڵەندامیش دەکەمەوە، تووشی دڵەکوتێ دەبم، دەبێ ئەو ژنە کێ بێ، چی لە من بخوازێ و سەربردەی پێڵاوی وی چۆن و لە کوێ بێ؟ ئاخر سەرم پڕە لە سەربردەی پێ و پێڵاو، رەنگە جێی پێڵاوێکیدی لێنەبێتەوە، لەو بێنەوبەردەیەی ناو خۆم بووم، هێشتا خۆم تەنیا نەکردبوو، زەنگێ هات، روانیم، شۆڕەسواری خەونە، من لە تەلەفۆنەکەم ناوی ویم بەو ناوە داکردبوو، هەر بەو ناوەش گازمدەکرد.

+ دەم باش، مەهنازەکەم.

- باشتر شۆڕەسواری خەونێ.

+ ئەگەر دڵت بخوازێ، دڵم دیدارت دەخوازێ.

- دڵ دەخوازێ، لە چاوەڕوانیت چرک چرک لێدەدات.

ئێمە سێ ساڵ و وەرزێکە ئەویندارین، بۆ سێ حەفتەش دەچێ دەزگیرانین، ئەو کوڕەی شۆڕەسواری ناو خەونەکانم بوو، دوای چاوەڕوانیەکی زۆر وەدەستمهێنا.

ئەو شەوە، وای لەو شەوە! هەرگیز دووبارە نابێتەوە، بەدەم ئاوازێکی نەرم و ناسکەوە چ سەمایەکی لە خۆی نەخشاند، وەک بڵێی دڵم تریواندبێ دوا سەمایە، تۆمارمکرد و نووکە ناوە ناوە بە دیارییەوە دادەنیشم و وردە رۆندکانی بۆ دادەبارێنم، زۆر جار دەڵێم نابێ ئەو سەماکەرە من بم، من و سەمای لەو شێوە!

شۆڕەسواری خەون، ناوە ناوە لە سەما دەوەستا و بە دیارمەوە وەک مقەبای لێدەهات و چاوی زەقدەبۆوە و زاری دادەپچڕی، دوای لێبوونەوە گوتی:

چما سەمای وا دەزانی! باوەڕناکەم رۆژهەڵات و رۆژاوا سەماکەرێکی وای لێ هەڵکەوتبێ.

پێموابوو، لە خۆشەویستی و لەبەر دڵێ من وا دەڵێ، گوتم:

- سەمای من لە چاو سەماکەران کەی سەمایە، ئەوە لە چاوی تۆ وایە.

+ هەر چاوی من نا، دڵنیام هەر چاوێ کە شتێ لە هونەری سەما بزانێ، بتبینێ، وا دەڵێ.

- ئەگەر سەمای سەمای زەیتوونستانت دەدی، وات نەدەگۆ.

+ باسی سەمای ئەو سەمایەت بۆم کردووە، بەڵام باوەڕناکەم، شان لە شانی سەمای تۆ بدات، بە من بڵێ چۆن وا فێربووی؟

- دوور نیە هەر لەو کچەوە شتێ فێربووبم.

+ نا، من بزانم سەمای تۆ خۆڕسکە، نە لە کەس فێربووی، نە کەس لێتەوە فێردەبێت، سەمای تۆ ئاسمانیانەیە.

ئای سەمای زەیتوونستان، بە دیار ئاگرەوە چ سەمایەکی بەفریی دەکرد، ئەوەی منی زۆر سەرسامیش کرد، لە کاتی سەمایێ تفەنگەکەی هەر بە شانەوە بوو، تا هەینێ سەمای لەو شێوەم نەدیبوو، لە خۆڕا ناوی لە خۆی نەنابوو سەما، بەڵام ئێستا کە سەمای ئەو شەوەی خۆم لێدەدەمەوە،

دەڵێم قسەی شۆڕەسواری خەون زێدەگۆیی پێوە نیە.

بە تاسەوە بووم بەشداری سەمای کچی زەیتوونستان بکەم، بەڵام لە خۆم رانەدێ، ئاخر من ڕ بزانم کە سەما دەزانم، پێشتر و تا ئەو شەوە، جاروبار بە دیار ئاوێنەوە، بۆ چەند چرکەیێ سووکە سەمایەکی ئاساییم کردووە، لەوێ بە کچە پێ فڕیوەکەشم تیانەبوو، لە تەنیشت من ڕاوەستابوو، تفەنگەکەی دا دەستم و گوتی:

تا دێمەوە، وریای بە.

دوو سێ جار لە سەر یەک پێ بە دەوری ئاگردا سووڕایەوە، باڵەکانی لە سەمایەکدا بوون، ڕ باڵداڕێ نە لە هەڵفڕین، نە لە ئاسمان بڕین، نە لە نیشتنەوە، باڵەکانی وا لێکنەداوە، نەکەوتوونەتە سەما، ئەو کچە لە ڕۆیشتنێ تفەنگەکەی کە لە شێوە بە بڕنۆ دەچوو، دەیکردە دارشەق، ئەو کچە لەو سەری دنیاوە، لە کێشوەری گیڤاراوە هاتبوو، ناوی لە خۆی نابوو سۆزدار، لە منیش جوانتر بە زمانی زەیتوونستان دەپەیڤی.

ئای بۆ ئەو شەوە شیرینە، شەوی راموسان و دەسبازی، بەر لەو شەوە، تەنها چەند جارێ نەرمە دەستگوشینێ، گەرمە لە ئامێزگرتنێ، چەند ماچێکی تەڕ و ناسک هەبوو، لەوە هێوەتر نەدەچوو.

ئەو شەوە دوای سەما، بە دەم هەڵدانی شەرابەوە، یەکترمان لە ئامێز گرت، چاوەی خەو چ راموسان و گەوزینێکی لە خۆی نەخشاند، ئێستاش هەستدەکەم نەخشەی تێکهاڵان وا بە سەر جامی پەنجەرەکەوە، کاتێ باران بە باوە دەبارێ و پرووشەی وێدەکەوێ، من وێنە وێنە، وێنەی ئەو شەوەی خۆمان دەبینم، خۆزی خۆزیداران، ئەویشم وەک سەماکە تۆماردەکرد و ئێستا پێشانی خۆم دەدایەوە.

ئەو شەوە هەستمکرد، هۆش چ زۆرداریکی بێ دڵ بووە، هێندە ساڵە لەشمی لە چێڕ بێبەری کردووە، هەستمدەکرد تا ئەو شەوە مەمکەکانم لە شێوەی سوێسکەی ناو بێرک بوونە و باڵی فڕینم بەستوون، ئەو شەوە لە ناو دەستەکانی شۆڕەسواری ناو خەون لە باڵدانێکی پڕ ختووکە، ختووکەیێ تەلی گیانی دەلەراندەوە، تا ئەو شەوە لێوم لە قۆدی کردبوو، لەو شەوە سەریم کردەوە و

لە ســـەر لێوی وی لە شـــێوەی هەنگوین رژانە یەکترەوە، تا ئەو شـەوە پەنجەوانەیەکی ئاسـنینم لە دەست بوو، پەنجەکانم بای جوولە و گەمەی چێژیان بەرنەکەوتـبـوو، ئەو شـــەوە لەهەر ســـەرە پەنجەیەکمەوە لە گەڕان لە ســـەر ســـینە و پشـــتی شـــۆڕەســـوار، تەڕایی گیانی وی دەڕژایە گیانمەوە، پەنجەکـانم کەم بوون، خۆزیم دەخواســـت هەر دەستێکم سـەد پەنجەی هەبا، ئەدی ئێستا؟ لەوەش کەمتر!

ئەو شـــەوە ســـەری داو داوی قژیشـــم گیانیان تێگەڕابوو، کاتێ لە ســـەر ســـینە و روومەتی وی دەکەوتنە ســـەما، داو داو شـــیرینی لەشـــی ئەویان هەڵدەمژی و تنۆک تنۆک دەیانڕژاندە لەشمەوە.

ئەو شـەوە کاتێ شـۆڕەسواری خەونمم راکێشـایە ناو ڕانمەوە، لە ســەر پشـتی پێیەکانم تێک پەڕاند و وەها بەرزەفتم کرد، نەمهێشـــت ببزوێ، بە من با تا هەتایە هەر لەوێ با، ئەدی ئێستا؟

ئەو شـــەوە، رامووســـان و ســـەرجێیی، بۆ یەکەم جـار تێگەیشـــتم پیـاو چ چێژێکە، دەســـتی خۆم

دەشکاندەوە بۆچی زووتر لە پیاوم نەچێشت، ژنێ چێژی پیاوی نەکردبێ، چ ژیانێ دەژی!

کاتێ چاوم کردەوە، رۆژ گزنگی خۆی دابۆوە پەنجەرەکە، شۆڕەسواری خەون بە دیارمەوە دانیشتبوو، لە چاوەکانیەوە بێ خەوی دیاربوو، بەر لە رۆیشتن گوتی:

مەهناز، وا چاکە لەو چەند رۆژە زەماوەند بکەین.

گوتم:

باشە، بەڵام مەرجم هەیە.

واقی ورمـا، ناهەقی نەبوو، ئاخر مەرج لە کوێ پەیدابوو، تا ئێستا مەرج و شت لە گۆڕێ نەبوو، هەموو شت کۆتایی هاتبوو:

+ مەرج! چ مەرجێ؟

- ژنێ هەیە، دەبێ خۆتی بکەیتە برادەری و رازی بکەیت و لە رێی ئەوەوە داخوازیم بکەیت.

شۆڕەسوار رەنگی وەک پەلکە پیازی لێهات، دەستم لە ملی کرد و سەربردەی دادە گوڵچنم بۆی

گێڕایەوە، یەکسەر سووڕایی گەڕایەوە بۆ ڕوومەتەکانی و ڕەنگوڕووی هاتەوە بەر، گوتی:

ناونیشانی دادە گوڵچنم بدێ، هەر ئێستا دەچمە دیداری.

من لە کچانی زەیتوونستانەوە فێری خۆڕاگری بووم، دەنا زۆر ئەستەم بوو لەگەڵ ئەو کارەساتە رابێم، من لە کچانی زەیتوونستانەوە فێری نووسینەوەی بیرەوەری بووم، دەنا من و نووسین! هەرگیز بە بیرمدا نەهاتووە لاپەڕەیەک بنووسمەوە.

گونەندام

خۆر لە سەر ئاوابوون بوو، گەیشت، سەری لارکردەوە، لە جامەوە بە پڕی روانی، چاوی لە منارەی رووناهی گێڕا، نەیدیتەوە، مالّی وان رووناهییان بەو منارەوە نابوو، هەمیشە هەر وا ناویان دەهێنا، ئێستا بیر لەو رووناهیە دەکاتەوە، تۆ بڵێی لەبەر ئەوە بووبێت کاتێ سپێدان چاویان هەڵدەهێنا، خۆر بەر لە هەر جێ گزنگی خۆی دەداوە ریزە خشتەکانی سەر سەرێی منارە، ئێوارانیش زەردەپەڕ بۆ تاوێ چەفیەکی پڕ نەخش و گوڵی درەوشاوەی لە سەر دەبەست، یان ئەو رووناهیە سەربردەیەکی هەیە و ئەو نازانێ، لە بەر خۆوە:

دەبوو لە داک و بابم، لە کەسێ بپرسم، حەیف لەدەستمچوو.

چاوی لە قەڵاتی پەنا گێڕا، ئەویش بزرە، بابی ئەو پەنایەی بە قەڵاتەکەوە نابوو، ئێستاش قسەی بابی لە گوێی دەزرینگێتەوە:

ئەو قەڵاتە بۆ شار پشتە، پەنایە، ئەگەر ئەو نەبا، شار دەکەوتە بن سمی ئەسپی نەیارانەوە و دەمێ بوو شوێنەواری نەمابوو، لە گۆڕستانەکانیشی کێلێکت بە پێوە نەدەدی.

گوڵەندام دوای تەمەنێ لە هەڵفڕاندن، لە شاری خۆر نیشتەوە، دەمێ بوو ناوە بزربووەکەی شاری دۆزیبووەوە، ئەو ناوەی دێرۆکناس و دێرۆکنووسان لەبیریان چووبۆوە، یان نکوولیان لێی دەکرد و پێیانوابوو، شارەکە هەرگیز ئەو ناوەی نەبووە، هەرکەسێ بەو ناوە ناوی بهێنێ، ئەفسانەی بۆ هەڵدەبەستێ، بەڵام گوڵەندام وەک چۆن لە ناوی خۆی دڵنیایە، ئاواش لە ناوی شاری خۆر.

کاتێ لە شاری خۆر نیشتەوە، خواخوای بوو زوو بگاتە شوێنێ، خاک و خۆڵ بێ و بە چەمەنتۆ و قیر نەخنکێنرابێت، لە دەرێی فڕۆکەخانە، لە تەنیشت باخچەیێ گۆتیە شوفێر:

- ئەگەر بتوانی، خولەکێ لێرە راگری.

+ بۆچی راگرم؟

- تۆ راگرە.

دابەزی و گۆلمێ گڵی هەڵگرتەوە، خێرا سواربۆوە، گڵی بە لووتیەوە نـا، بۆنی کرد، مـاچی کرد، لە رووماەت و بەرۆکی هەڵسـووو، تاسـەی دووریی تەمەنێکی پێشـکاند، شـوفێر لە ئاوێنەوە چاوی لە سەری بوو، سەری سوڕمابوو، گوتی:

+ پلە، چیتە، ئەو خۆڵە پیسـە بۆچی لە خۆت هەڵدەسووی؟

- کوڕم، ئەوە خۆڵ نیە، مێخەکە.

+ مێخەک!

- ئـا، لە مێخەکیش بۆن خۆشـترە، لە زێڕیش بەهادارترە.

+ وێدەچێ دەمێ بێ لە هەندەران بی و سەردانی ئێرەت نەکردبێ.

- تەمەنێکە، رەنگبێ هێشـتا دایکت هەر لە زگی نەنکتا بووبێت.

+ باشە بۆچی تا ئێستا سەردانت نەکردۆتەوە؟

- لەوە گەڕێ، ئەرێ زۆرمان ماوە بگەین؟

+ تەواوێ ماوە.

گوڵەنەدام لە هەردوو جامەوە چاوی دەگێڕا، تەنها باڵەخانەی سەر لە هەور و لە هەندێ جێ درەخت و کەسکایی، قەڵاتی پەنا و منارەی رووناهی لە چ لاوە دیار نەبوون، کەوتبووە گومان کە ئێرە شاری خۆر بێ، ئەو هەندێ وێنەی نوێی شـــاری دیبوو، بەڵام نەیدەتوانی باوەڕ بە خۆی بێنێ، ئەو وێنانە وێنەی شاری خۆرن، هەر بڕۆ و نەگەیشت، پرسی:

خۆ رێمان هەڵە نەکردووە؟

شـــوفێر ســـەری لە پرســـیارەکەی ســـوڕما، لە ئاوێنەکەوە بۆ تاوێ تێڕاما، بە بزەیەکەوە گوتی:

ئەگەر تۆ ناونیشـــانەکەت بە هەڵە نەدابێتمێ، من هەڵەم نەکردووە، ئەهـــا لەو خولگەیە بـــادەینەوە، کەمێکی دەمێنێ، دەگەینێ.

گوڵەندام لە بەر خۆوە:

دەترسم لە شارێکیدی دابەزیبم.

لە بەر دەم ئەو میوانخانەیە دابەزی کە پێشتر ناونیشانەکەی وەرگرتبوو، هێندە لە منارەی رووناهی دوور نەبوو، لە فڕۆکەخانەوە تا ئێرە، جادەیێ، کۆلانێ، خانووێ، دەرگایێ، بنە داڕێ، دارتێلێ، هیچی نەناسیەوە.

هۆدەکەی لە نهۆمی دووەمە، لە پەنجەرەوە سەری دەرهێنا، باڵەخانەیەکی چەند نهۆمی ڕێی دیتنی شاری گرتووە و هیچ نابینێ، جادەیەکی تەسکی پڕ لە ترۆمبێل، پایسکلێ، پیادەیێ دیارنیە، دوای پشوویێکی کورت، هاتە خوارێ، لە کەسێ پرسیاری منارەی کرد، بە زمان و ئاماژە، گوتی:

لەو سەرە کۆلانە، بە دەستی ڕاست پێچبکەوە، بە دیار دەکەوێ.

نەرم نەرم هەنگاوی نا، پێدەچوو دڵیشی تۆند لێبدا، وەک بڵێی بۆ ژوان، یان بۆ دیتنی دیمەنێکی ترسناک بچێت، سەر هەڵدەبڕێ و لە بەر خۆوە دەڵێ:

ئای شاری خۆر، ئاسمانەکەشت بە هی جاران ناچێ، ئاسمانی پێشانت ئەوهابوو! یان من چاوم

کزبووه و جوانی نابینم؟ نا، نابێ ئێره شـــاری خۆر بێ.

له ســـــەره کۆڵانێ به ترســـــەوه ســـــووڕایەوه، دیارنەکەوت، کەمێکیدی ڕۆیی، بەژنی مناره هاته ناو چاوی، ڕاوەستا، له جێی خۆی شینبۆوه و نەیتوانی هەنگـاو بنێ، زۆری له خۆکرد و نەرم نەرم لێی نزیکبۆوه، گەیشـــته بنی، ده دوازده هەنگاوێ ماوه دەستی بگاتێ، پەرژینێکی ئاسنینی بڵند نێوانیانه:

وای، وەک خۆتی، دوای حەفتا ســاڵیش به هەمان بەژن و ڕەنگوڕووەوه ڕاوەســتاوی، نا، بەژنی کەمێ کورتتر دیـاره، یـان چـاوی منداڵی درێژتری دەدی! هەوه، تۆ منـارەی ڕووناهی، ئێره شـــــاری خۆره، شاری منه.

حەزیدەکرد، بیگاتێ و ســـــەرێ به ناویدا دابگرێ، دەســت به خشـتەکانی دابهێنێ و نەخشـەکانی ببینێ، پەرژین دەرگـایەکی هەبوو، بەڵام تۆپێکی گەورەی پێوه بوو.

له بەری باشوورەوه، سەری هەڵبڕی و چاوی له بەرزایی مناره بڕی، کۆترێکی سپی دی:

وای چەند لەو دەچێ.

رووی وەرگێڕا:

شـــوێنی وەســـتانی شـــەمەندەفەر، لەو لایە بوو، سمۆرەکە لێرە هات.

کەمێ داما:

ئەها لێرێهێ بوو، تاکە پێڵاوەکەم لێ بەجێما.

هەر لە بەری رۆژهەڵاتەوە منـارەی مزگەفتێکی دی، بە ئاسـماندا چووبوو، دڵی گوشـرا، هەسـتیکرد رێی گزنگی لە منـارەی رووناهی گرتووە، لە بەر خۆوە:

چۆن دەبێ یەکەم تیســـکە گزنگ بەر منـارەی رووناهی نەکەوێ!

بە هەر چوار لادا چاوی گێڕا، واقی وڕما:

ئای، کوا؟ پڕیانکردەوە!

بیریدێتەوە لێرە کەندێکی گەورە هەبوو، بەهـاران وەها هەڵدەســـتا، گای دەڕفاند، هەموو جارێ دوای

نیشـــتنەوە، دەچوو وردە بەردی خڕەکردەوە، هەر بەردەی لە رەنگێ، بە گوڵەندامی دەگۆ:

- دادە، لۆم بکە خەناوکە.

+ کچێ بەرد نابێتە خەناوکە.

- ئەدی مۆری کوو دەبێتێ!

بەرەبەری رۆژاوابوونە، کەمێ لێی دوورکەوتەوە و چاوی لە بەژنی بڵندی بڕی، چاوەڕێیە، چەفیەی زەردەپەڕ لە ســـەر بکات، رۆژ ئاوابوو، زەردەپەڕ نەگەیی، سەیری باڵەخانە بەرزەکانی بەری رۆژاوای کرد و ئاهێکی هەڵکێشا:

بە نەفرەت بن، رێی زەردەپەڕتان لێگرتووە.

ئاوڕی لە بەری رۆژهەڵات دایەوە:

داخی گرانم، گزنگیشت وێناکەوێ.

لە بن منارەی رووناهیەوە، نەخشەی کۆنی شاری خۆری بە رووبی هـاتەوە بەر چـاو و جێ جێی ناسیەوە، بە پەنجە وردیلەکانی ئاماژەی بۆ دەکردن:

قەڵاتی پەنا لێرێهێ، قەیسەری لەو لایە، هۆوەتە گەڕەک و کۆڵانی خۆمان، گۆڕستانەکەمان هێوەتر...

بە ئاراستەی قەڵاتی پەنای نادیاردا هەنگاوی نا، دوو سێ جار ئاوڕی لە منارەی رووناهی دایەوە، لێی بزربوو.

ڕێ وەکوو بەڕێ قەدبڕ نیە، گەلێ پێچ و سووڕانەوەی لە پێشە، چەندی بیریکردەوە، بیرینەکەوتەوە ئەو گەڕەکەی دیبێ:

کوا گەڕەک لێرە هەبوو؟ ڕەنگبێ هەبووبێ، کۆڵان و خانووەکان شێوەیان گۆڕابێ.

لە ناوەندی کۆڵانێک هەستیکرد ئاراستەی لێ تێکچووە، ڕۆیشت و گەیشتە سەر جادەیێ، چاوی بە هەردوو لادا گێڕا، دیار نەبوو، دوو سێ پۆلیس ڕاوەستابوون، سڵاوی لێکردن، بە سەری لموزو وەڵامیانداپەوە، پرسی:

ئەڕێ کام ڕێ دەچێتەوە بن قەڵاتێ؟

یەکیان بە زمانێکی تەوساوی:

پیرێژن، قەڵاتت بزرکردووە، یان خۆت؟

گوڵەندام کەمێ داما، بە پێکەنینێکی تاڵەوە:

ئێوە قەڵاتتان لە خەڵک شاردۆتەوە.

پۆلیسێکیان، بە زمانێکی نەرم:

پلە، لە دڵی مەگرە، ئەو کوڕە گاڵتەچیە، وەرە با پێشانتبدەم، راست و راست بڕۆ، لامەدە، دەگەیتێ، لای ئەو بنەدارێهێوە دیاردەکەوێ.

هەر ڕۆیی و دەرنەکەوت، چەند جارێ چاوی هەڵگڵۆفت:

تۆ بڵێی بیناییم هێندە کز بووبێت!

لە خولگەکە پەڕیەوە، لە بن روونـاکیەوە، دەرکەوت، نزیککەوتەوە، پشتی بە دیواری مزگەفتەکە دا، بیریکەوتەوە هەینێش لەو شوێنە مزگەفتێکی گچکەی منارە نەوی هەبوو، بەڵام ئێستا گەورە و بڵند، بیریکەوتەوە، ماوەیێ بەر لە کۆچ، هەینیێ لەو مزگەفتەوە، مەلا بانگی رادێرا:

موسڵمان نابێ سەردانی جوو بکات، نابێ سەودایان لەگەڵ بکات، سڵاوکردن و لێوەرگرتنەوەشیان دروست نیە.

ئەوە بوو لە ســـەر ئەوە هەندێ نوێژخوێن لێی رەوینەوە و ســـەریان بەوێ مزگەفت دانەگرتەوە، ئەوەشی بیرکەوتەوە، چەند کەسێ هاتنە لای بابی و گوتیان:

قسەی ئەو مەلایە لە سەر ئایینی مە هەژمارمەکە، ئێوە برا و کەسی ئێمەن.

باب گوتی:

جێی ئێوە لە سەر چاو لە سەر سەران، بەڵام وا دیارە ئیدی ئێمە لەو شار و وڵاتە، جێمان نابێتەوە.

پشتی بە دیواری مزگەفت دا و لە سەری قەڵاتی پەنای روانی، لە بەر رووناکیەکی تەنک لە چاوی وی دەدرەوشایەوە:

ئۆخەیش، دەستی شێواندنی نەگەیشتۆتێ، تاق و پەنجەرە و شانشینانی وەک خۆیانن.

نیگای بست بست بە قەدی دا هاتە خوارێ:

وای، خوارەوەی چی بەسەرهاتووە، بۆچی وایان لێکردووە؟

هاتەســـەری لە جادەکە بپەڕێتەوە و بە دەوریدا بخولێتەوە، بیریهاتەوە، بازنەکە گەورەیە و کاتێکی زۆری دەوێ، لە ســـەر ئەو ماندووێتیە ناکرێ، نەرم نەرم رۆیی، چاویشـــی هەر بە قەڵاتەوە، هەســـتیکرد تەواو شـــل بووە و پێی لە دوای نایە، تاکســـیەکی راگرت، دەرگای کردەوە سوار بێ، شوفێر پرسی:

پووری، دەچیە کوێ؟

ناوی میوانخانەکەی پێگوت، شوفێر:

من ئەو شـــوێنە پێنـازانم، ئەگەر خۆت دەزانی سواربە.

ســـوار نەبوو، تـاکســـیەکیـدی راگرت، نـاوی میوانخانە و شەقامەکەی پێگۆ، شوفێر گوتی:

+ خۆت شوێنەکە پێدەزانی؟

- نەخێر

+ نازانی لە نزیک چ مزگەفتێکە؟

- مزگەفت!

+ دەڵێی لایەی، نازانی لێرە شـــوێن بە مزگەفت دەناسرێتەوە؟

نەخێرێکیدی بۆ هاویشـــت و چاوەڕێی نەکرد، شـــوفێر چیـدی دەڵێ، رووی خۆی وەرگێڕا و کشایەوە سەر شۆستە و لە بەر خۆیەوە:

وای لەوانە! تۆ وەرە شـــوفێر تاکســـی بیت و لە شاری خۆت شارەزا نەبیت.

تـاکســـیەکیـدی هـات، خۆشـــبەختـانە ئەو مێوانخانەکەی پێدەزانی، چوار پێنج خولەکی نەبرد، لە پێش مێوانخانە دابەزی.

زۆر ماندووە، خەوی هات، هەر هێندە خۆی گرت، تەلەفۆنی بۆ ئەو دکتۆرە کرد کە لە زەیتوونســـتانێ ژمارەکەی لە کەســـێک وەرگرتبوو، راکشـــا و بە خەیاڵی کۆڵان و ماڵی خۆیان، بە خەیاڵی گۆڕستانی خۆیان، بە خەیاڵی ناو قەیسەری و سەر قەڵاتی پەنا و... خەو بردیەوە.

ئاڤێستای زەیتوونستان

بەر لەوەی لە هەمەدانێوە بـای زەیتوونســـتـان هەڵمگرێ و لەوێ بگیرسـێمەوە و بە زەیتوونسـتان بناسرێمەوە، من چەند خولێکی کاراتیم دیتبوو، وەک بڵێی دڵم تریواندبی کە رۆژێ دێ پێویستم پێیدەبێت و لە مردن دەمگێڕێتەوە، ئەو رۆژەی لە شـــەڕێک شـــکـاین و من لە هـاوڕێکـانم دابڕام، لە پـاڵ بنە زەیتوونێ زرمەیێ هـات و زەیتوونی بە لادا هێنـا و من و تفەنگی هەڵدا و هەر یەکەمـان لە شـــوێنێ کەوتینەوە، ئەگەر چەکی کـاراتیم نەبـا، ئێســـتـا ئێســـکیشـــم نەمابوو، یان کرابوومە کەنیزەیێ و بە وێنەی کچە شـــنگالیـان چەند کەرەتێ کڕابووم و فرۆشرابوومەوە، یان بە دەردی چیچەک چووبووم.

هەســـتامەوە، چـاوم لە چەکەکەم گێڕا، تەواوێ دوورکەوتبووەوە، پێم هەڵێنـا بگەمێ، خۆم لە نـاو سـێرەی دوو ســێ تفەنگ دیتەوە، زۆر نزیک بوون، یەکیان بە زمانی تورکی گوتی:

ببزووی، لەناوچووی.

هاتە ســـەرم ببزووم، با لەناوبچم، ئاخر من لەو رۆژەوەی چەکم هەڵگرت، فیشـــەکی دیلنەبوونم بە ســـنگی خۆمەوە کردبوو، حەیف پێرانەگەیشـــتم بیتەقێنم، بەڵام مردن نەچووە بچێ، بە فیشەکی خۆم نا بە هی چەتان.

هەســتمکرد تەســکە دەرفەتێ ماوە بۆ ژیان، هەر نا، بەر لە مردن با دەســتێکیدی بوەشــێنم لە چەتان، ئەوە بوو هەردوو دەســـتی خۆڕادەســـتکردنم بەرزکردەوە، یەکیان لێ خوڕیم:

فیشەکدانەکەشت فڕێدە.

لە خۆم کردەوە، فیشـــەکدان بێ تفەنگ بە چی دەچێ، نارنجۆکیشم پێنەمابوو.

لەو کاتەش تیچاوێکم کەوتە ســـەر چەتەیێ کە دوورتر راوەســـتابوو، نێوانمان بەردەاوێژێ کەمتر بوو، وێنەی دەگرتم.

ئێوە هەموو ئەو گرتەیەی منتـــان دیوە، خۆزی ئەوەی دواتریشتان دەبینی.

کاتێ زانیان نێچیرێکی ناسکم، ئەو دوو چەتەیان بە پێکەنینی تاڵەوە، لێم هاتنە پێش، یەکیان باوەشی کردەوە و بە عارەبی هاتە گۆ، باش تێنەگەیشتم، بەڵام وا بزانم گوتی:

ئەوشۆ تۆ بووک و من زاوا...

لەو ساتە من جوولانەوەکانی خۆمم بیرخۆم دەهێنایەوە، کامیان گونجاوە، تا هەردووکیان بە یەکەوە تەختی زەوی بکەم، لەبیرمە ئامێزم بۆی کردەوە و بە پێکەنینەوە بەرەو پیریان چووم، دوو هەنگاوێ مابوو بگەینە یەک، بۆیان هەستام و لە چاوتروکانێ، هەردووکیان تەختی زەوی بوون، دەستوبرد، پڕم دایە چەکێکیان و تەقەم لێکردن، ئەوانەی لە دوور راوەستابوون، شێوان، خۆم دایە پەنای بەردێک و بەر فیشەکم دان، کشانەوە، منیش بۆی دەرچووم، ئاقارێ مەترسیم بڕیبوو، نازانم لە کوێوە دوو فیشەک تەقێنرا، چۆکی چەپم هەردوو گوللەی گرتەوە و کەوتم، ئەوجا چۆن هەستامەوە و لە کوێ خۆم دیتەوە و لە کوێ خۆم شاردەوە و دوای چەند دەرکەوتمەوە و چۆنچۆنی بریندەکەم تیمارکرا و... سەربردەکە هەزار و یەک شەوی دەوێ، لێگەڕێ.

زەنگم بۆ مەهناز لێدا:

+ لە ماڵێی؟ خۆ مێوانت نیە؟

- چـاوەڕێتم، مێوانێکم هەیە، بیبینی پەژیوان نابیتەوە.

+ دیدارەکەمان با بۆ کاتێکیدی بێ.

- ئەوە نابێ، نەیبینی، ئاخی بۆ هەڵدەکێشی.

+ دەیناسم؟

- پێناچێ بیناسی، بەڵام بیبینی دەڵێی خۆزی زۆر زووتر دەمناسی.

+ بڵێم چی...

- بە من بڵێ لە کوێی؟ تا بە دواتا بێم.

+ نزیکم، دوای چەند خولەکێ دەگەمێ.

دەرگای کردەوە، تاوێ تێمڕاما:

ئۆخەیش، ئاڤێستاکەم.

باوەشـــی پێمداکرد، ئەو بە دوو دەســـت من بە دەســتێک، توند یەکترمان گوشـی، بە ماچ یەکترمان ســـوورهەڵگەڕاند، درەنـگ چـاوی کەوتە ســـەر گۆپاڵەکەی دەستم، گوتی:

- گیانی من، چیت بەسەرهاتووە؟

+ هیچ نیە، کەمێ دەشەلم.

مێوانەکەی ژنێکی بە تەمەنـداچووی کەڵەگەتی ســۆر و ســپی، لە بن کڵاوە رەشــەکەیەوە پرچێکی تەنکی سپیی تا ســەر شـان، لە چاوی منەوە تەمەنی شــەســت شــەســت و پێنج ســاڵێ دەبوو، لە بەرم هەستایەوە و تێر ماچی کردم و بە زمانێکی دایکانە:

ئاڤێســـتا گیان، من ناوم گوڵەندامە، بە دیدارت شاگەشکەم.

لە دانیشـــتنێ، دیتیان پێیەکەم نانووشـــتێتەوە، مەهناز مستێکی توندی لە سینگی خۆی دا:

گیانی من، پێت...

گوڵەندامیش ســـەری داخســـت و هەناســـەیەکی قوولی هەڵکێشا، گوتم:

خەمی ناوێ، من پێم لە زەیتوونســـتان چاو نیە، بەو هەموو کوڕ و کچە چ دەڵێن کە گیانی خۆیان کردە گۆری.

دایک و خوشک ئەو تەنیشت و ئەم تەنیشتیان لێ گرتم و دەستیان خستە ســەر شـانم، ئا لەو ساتە هەستمکرد گوڵەندام دایکمە و مەهنازیش خوشکێکە تازە دایکم پێی بەخشیوم، ناوە ناوە ماچیان دەکردم، دایە گوڵەندام گوتی:

کچم، لە دڵەوە من ئیرەییتان پێدەبەم، لە ســـەر گیانگۆری و خۆبەخشـــین بە نیشـــتمان، من خۆم ســـەرکۆنە دەکەم هیچم بۆی نەکردووە و لێی دوور بوومە...

پرسیم:

– لەمێژە بەجێهێشتووە.

+ حەفتا ساڵ شتێ کەمتر.

– واتە هێشتا نەکەوتبوویە زگی دایکت.

بە پێکەنینەوە:

+ پارچەڵە بووم، مەمکم کردبوو، سێزدە ساڵان بووم.

- بەڵام دایە، تۆ زۆر گچکەتر دیاری.

+ تیرەی ئێمە کەمێ درەنگ پیرییان لێ وەدەردەکەوێ، هێندەی داربەڕووێ، دارزەیتوونێ دەژین، بەڵام سەر و پرچیان لە هەرزەییەوە سپی دەبێ، لە سی ساڵی داوی ڕەش نابینیەوە.

مەهناز هەڵیدایێ:

دایە گوڵەندام، من قژی سپیم لە هەموو ڕەنگان لا جوانترە، ئەگەر قژم سپی بێ، هەرگیز خەنە و بۆیەی لێنادەم، وەک هی تۆ دەیهێلمەوە.

دایە گوڵەندام بە بزەیەکی ناسکەوە:

هەینێ وا نالێی، سپێتی لە هەر شتێ جوان بێ و بێ، بۆ پرچ جوان نیە و لێی نایێ.

گوتم:

کەوابێ بۆچی پرچت لە خەنە نانێی؟

مەهناز:

نا نا، توخوا ئەو رەنگە جوانە مەشێوێنە.

گوڵەندام:

من زوو پرچم هەمیشـــە لە رەنگی گوڵە خەزێمە دەگرت، کاتێ شاری خۆرم دی، لە چەند وێنەیەکەوە، بارگەی کۆچی تێکناوە و بە دەشت و کێو کەوتووە، دەســـتم رەنگ و خەزێمەی نەگرت، وای لەو وێنانە! هەمیشـــە نزادەکەم، شـــار لە خەونیش کۆچی لەو شێوەیەی نەیەتەوە رێ.

بەر لە من دیاربوو گوڵەندام و مەهناز باس و خواسیان زۆر کردبووەوە، گەلێ سەربردەی خۆیان بۆ یەکتر گێڕابۆوە، نیاز و خواســتی دڵیان بۆ یەکتر هەڵڕشـتبوو، منیش کەوتبوومە ناو قسـەکانیانەوە و گوڵەنـدام زانیبووی کچی نـاو گرتە بینراوەکە ئەو کچەیە وا لە تەنیشـــتی دانیشـــتووە، کاتێ گۆتە و گرتەی دووەمم بۆیان گێڕایەوە، گوتی:

کاتێ ئەو کچەم دی وا فیشەکدان لە خۆ دەکاتەوە، دەستی خۆڕادەسـکردن بۆ چەتەکان بەرزدەکاتەوە، بەر چـاوم تـاریـک بوو، داڕووخـام، ژەهرم لە بەردەســت با، دوورنەبوو بە زارمیەوە بکەم، دوایی هاتمە ئەو باوەڕە ئەو کچە نابێ جەنگاوەر بێ، هەبێ

نەبێ سەر بە چەتەکانە و بۆ شکان و وردەبەردانی زەیتوونستان بەکاریانهێناوە، فیلمیان پێدەرهێناوە، ئۆخەیش، ئێستا ئاسوودە بووم، دەزانم کچانی زەیتوونستان بمرن، خۆڕادەست ناکەن.

گوتم:

یەک دوو فیشەکیشم بە وێنەگرەکەوە نا، حەیف وێنەکەوت، چەند بە تاسەوە بووم، کامێراکەی بەردەستم کەوێ.

مەهناز گوتی:

ئای رۆژێ بێ، ئەو ڤیدیۆیە دزە بکات و بڵاوبێتەوە، هەینێ ئاڤێستا لە شێوەی پاڵەوانێکی ئەفسانەیی لە دنیا دەناسرێ، گرتەکە دەکەوێتە ناو هەزار فیلمەوە.

گوڵەندام:

خۆزی، بەڵام زەحمەتە، ئێمە بەدبەختین، نەیارانمان هەمیشە کەوتنمان دەخەنە گۆڕێ، سەرکەوتنمان دەشارنەوە.

ئەو رۆژە مەهناز بە دیتنی من شاگەشکە بووبوو، نەیدەزانی لە کوێم دانێ، نەیدەزانی چیم بۆ بکات، لە جوانی و میهرەبانیی خۆی گرتم، هەورێ بزەی بە سەرما پژاند، بەڵام ئاگام لێبوو، هەر کاتێ تیچاوێکی دەکەوتە سەر پێم، لە چاویم خوێندەوە حەزی دەکرد شتێ لە پێیە فڕیوەکەم بزانێ، بەڵام دڵی نەدەهات بە لایدا بچێ، خۆم باسەکەم کردەوە:

دوایەی بەخۆ هـاتمەوە و تێگەییم پێم لە بن چۆکمەوە لێم جیابۆتەوە، ئـامەد و دکتۆر بێریڤـانی ئەلەگەزێ بەدیار سەرمەوە بوون، گوتم:

پێیەکەم بێ پرسی من نەنێژن.

گوتیان:

چۆن دەخوازی وا دەکەین.

دایە گوڵەندام پرسی:

ئامەد کێ بوو؟

مەهناز بەرسڤی دایەوە:

شووی ئاڤێستایە.

دایه گوڵەندام:

ئامەد ئێستا لە کوێیە؟

گوتم:

هەر لە زەیتوونستانە.

گوتی:

خۆ لێکدی جیانەبوونەتەوە!

گوتم:

دوای رووداوەکە، ئەوینمان بۆ یەکتر پتر بووە، ئیدی پێی چەپم لە بن بنە زەیتوونێکی بڕاوە ناشت، کەرتکە تاتێکم کردە کێل و بە خەتێکی ورد لە سەری نووسیم:

گۆڕی پێی ئاڤێستا.

پێڵاوەکەشم هەڵگرتووە، جاروبار لەو پێیە بێ ئێسک و خوێن و نینۆکەی هەڵدەکێشم.

هەردووکیان بەکۆڵ بە سەرمدا گریان، لە فرمێسکیان گرتم، زوو بابەتم گۆڕی و چیدی

نەهاتمەوە ســـەر برین و پێ و گۆڕ... لە بارەی پێوە هەر هێندەم گوت:

بە یەک پێش دەتوانم سەما بکەم.

مەهناز کەمێ داما:

دڵنیام لە ســـۆزداریش جوانتر ســـەما دەکەیت، سەما، سەما...

گوتم:

کەس شان لە شانی سۆزدار نادا.

پرسی:

- ئەرێ لەبیرمچوو بپرســـم، ئاگات لە ســـۆزدار هەیە؟

+ ئا بەر لەوەی بێم، دیتم و گوتی:

ئاڤێستا، من حەزدەکەم پێیەکیدیشم بفڕێ.

گوتم: بۆچی؟

بە پێکەنینەوە:

مرۆڤ ئەگەر پێی نەبێ، ناچارە لە شـــوێنی خۆی بچەقێ و بجەنگێ.

ئەو سێ رۆژەی لە ماڵی مەهناز مامەوە، لە رۆژە خۆشـــەکانی تەمەنمن، ســـێ رۆژی ســـەررێژ لە خۆشەویستی، سێ رۆژی بە دەم بزە و پێکەنینەوە گێڕانەوەی سەربردەی شیرین و دڵنشین، زۆر کەم بە لای ســـەربردەی تاڵدا دەچووین، وای، مەهناز دڵخۆش بوو، خۆزی لە خۆزی داران دڵخۆشـیەکەی تا سەر لەگەڵی دەبوو، لێی نەدەتۆرا.

دایە گوڵەندام پرسی:

لەوێ کچێکم ناســـی، ناوی خۆیم لەبیرنیە، کاتێ زانیم خەڵکی ئێرەیە، من ناوی کچی شـــاری خۆرم لێنا، ئەو ناوەی زۆر لە دڵ خۆش بوو، گوتی:

لەورۆ بە دواوە من ناوم شاری خۆرە.

تۆ لەوێ کچێکت بەو ناوە دەناسی؟

بیرمکەوتەوە:

ئـا، چەنـد رۆژێ بەر لەوەی بێمە ئێرە، کچێکی بەژن مـامناوەندی، گەنمڕەنگی، برژانـگ رەژگوڵی، پێشتر نەمدیبوو، بە کچی شاری خۆر گازیاندەکرد.

دایە گوڵەندام:

- هەوە، رێک هەوە، ئەو باشە؟

+ زۆر باشـە، تەنها سێ پەنجەی دەستی راستی لەدەستداوە.

- وایش، دە بەرت مرم، کچی شاری خۆر.

دایە گوڵەندام دوای نانخواردن هەســـتا، مەهناز چەندی تکای لێکرد، کەڵکی نەبوو، ناونیشـــانی دادە گوڵچنی وەرگرت و رۆیی.

لەو ســـێ رۆژە، گوڵەندام چەند جارێ تەلەفۆنی کرد و پرسـیاری هەندێ شـوێن و شـت و کەسـی دەکرد، مەهنـازیش وەک دیرۆکنـاســـێ، وەک جوگرافیاناســـێ وەڵامیدەدایەوە، هەموو جارێکیش دەیگۆ:

توخوا دە وەرە مانێ مە، چۆن دەبێ لە مێوانخانە بی؟

ئەویش دەیگۆ:

کچم، لێمگەڕێ، جارێ لێرە دەبم، کات بەشـــم ناکات، شـــەو و ڕۆژ کون بە کون شـــار دەگەڕێم، بوارم نیە، ســـەری خۆم بخورێنم، دەی، چاوی ئەو دوو کچە جوانەم مـاچ دەکەم، بەڵاگێڕتـان بم، بە گۆچانی دەستی ئاڤێستاکەم بم.

هەر زوو هەســتمکرد، لە چاوی خوێندمەوە، ئەو چاوانەی ڕێک ئاوێنەی دڵی بوون، هەواڵێکی خۆشی لە ســـەر زاڵە، بەڵام دەیگێڕێتەوە و نایڵێ، چەندی دەمگۆ:

+ وا تێبگەم شتێکت لە دڵە.

- نا، هیچ نیە.

قســـەی بە لایەکیدا دەبرد، بەر لەوەی مـاڵاوایی لێبکەم، ناچارم کرد، بە گۆڕێی وەرکات، بە شەرمەوە گوتی:

لەو ڕۆژانە شوو دەکەم.

لە ئامێز و ماچم گرت، ئەوەشی گوت:

ئەو ئێوارەیەی تۆ تەلەفۆنت کرد، شـــەوەکەی دەزگیرانەکەم هات و بۆ یەکەم جار ئازادیم بە لەشم بەخشی، پێکەوە شـەرابمان نۆشـی، سـەمامان کرد، سەرجێییش.

گوتم:

گیانەکەم، لەش پێویسـتی بە ئازادی هەیە، دەبوو زۆر زووتر ئازادت کردبا.

گوتی:

ئیدی، وا درەنگ کەوت.

گوتم:

دە لەگەڵ منیش، سـەمایێ بکە، ئەگەر هەتە با سەر و پێکیش هەڵدەین.

هێنای و سـووکە سـەمایەکمان کرد، پێی چەپی نووشتاندەوە و وەک من تەنها یەک پێی بەکارهێنا.

ئیدی سەما بووە سەمای مالاوایی.

کچی شاری خۆر

دوای حەفت ساڵ و شتێ دابڕان، فڕین بە کەژ و کێوان و دواتر نیشتنەوە لە زەیتوونستان، کچی شاری خۆر بە ترس و لەرزەوە پێی خستەوە شاری خۆری زێدی خۆی، لەوەتەی خۆی و شارەکەی لە زاری گوڵەندامەوە ئەو ناوەیان پێبڕاوە، ئەوینی بۆ شارەکەی سەرتر چووە، ئەو نیازی گەڕانەوەی لە دڵ نەبوو، بەڵام کاتێ هەواڵەکەی پێگەیشت:

دایکت زۆر شڕە، تۆی دەوێ، بە سەری رابگە.

تەلەفۆنی بۆی کرد، هەر ئەوەتا نووزەی دەهات.

ترسی کچی شاری خۆر لە خۆڕا نەبوو، بیستبووی چەتەکان دزەیان کردۆتە ناو شاری خۆر، ئەگەر زماندڕایێ بیناسێتەوە و زمانی لێبدا، دوورنیە دەستی لێبوەشێنن، هێ لەوە ترسی براکەی، ئەو برایەی سوێندی خواردبوو لە سەرەمەرگیشدا بیبینێتەوە، سەری دەبڕێ، تۆڵەی چەقۆی لێدەکاتەوە.

کچی شـــاری خۆر له بیناییدا هێشـــتا خوێنی براکەی تەڕە و بە چەقۆکەی دەســتیدا دەچۆڕێتەوە، چەندی لە مالّێ نزیکتر دەکەوێتەوە، خوێنەکە تەڕتر، سوورتر، بە باسکیدا جۆگەلە دەبەستێ، لەو شەوی گەڕانەوەیە کە شانبەشانی چاوساغەکەی نەرم نەرم رێدەکەن، لە سەرە کۆلانی خۆیان، وێنەی شەوەکەی حەفت ســاڵ لەمەو پێشــی بە دەنگ و رەنگەوە وەک خۆی هاتەوە بەرچاو:

دڵی چوونە چیای وێست، راست و رەوان گوتی:

رێمبدەن، هەر دەچم، رێمنەدەن، هەر دەچم.

داک و بابی دڵیان نەشکاند و گوتیان:

زۆرمان لە دڵ گرانە، بەڵام بە دڵی خۆت بکە.

براکەی نەهاتە راپێ، هەر هێندە نا، گوتی:

خودا یەکە و نــابێ بە دوو، پێ لە مــاڵێ ببەیتە دەرێ، من بۆ بەندیخانە و تۆ بۆ گۆڕستان.

ئەو شەوەی خۆی کۆدەکردەوە، براکەی بەسەردا هات:

+ بۆ کوێ؟

- چیا.

+ هی دڵیته.

- هەر ئەوەی گوتم.

+ کەواته لە رێی گۆڕستانەوە بگە ئەوێ.

دەرگای کلیلدا و دەمانچەی لە سەر گەردن راگرت:

تا دە دەژمێرم، پەژیوان نەبیەوە، شادە بهێنە.

برا نەگەیشتبووە شەش، خوشک دەستی بۆ باخەڵی برد، هەشتی گۆت،(ن)ی نۆی لە زاری بوو، بە دەستی چەپی دەمانچەی هەڵدا، دەستی راستیشی چەقۆی راوەشاندە پیلی، برا ئاخێکی ترسناکی هەڵکێشا و بەرە و دەمانچەکەی چوو، خوشک سەری لێنەشێوا، چەقۆیەکیدی خێواندێ، دەمانچەکەی هەڵگرت و چەقۆکەی کە خوێنی لێ دەچۆڕایەوە، فڕێیدا و گوتی:

من بۆ چیا و تۆ بۆ نەخۆشخانە.

دەرپەڕی، دایک و باوکی کە لە پەنجەرەکەوە، هاتوهاواریان بوو، رووی تێکردن:

کوڕەکەتان بگەیەننە نەخۆشخانە، کچەکەتان نابیننەوە.

مینا پەلیک دەرپەڕی، نەگەیشتبووە سەرە کۆڵان، پەژیوانی دایگرت، هەڵوەستەیەکی کرد، هاتەسەری بگەڕێتەوە، پێی لە جەرگی خۆی نا، پێی هەڵێنا، لە بەر خۆوە دەیگۆ:

نەدەبوو وابکەم، رێگەیدی هەبوو، تازە کار لە کار ترازا...

هەر زوو هەواڵی بۆ هات کە براکەی چاکبۆتەوە، بەڵام هێند رق ئەستووڕە لێت، دەستی بتگاتێ، کەرت کەرتت دەکات، ئاگادار بە، رقەکەی کڕینەوەی شەڕەفیشی هاتۆتە سەرێ.

لە دایک و بابیشیەوە نامەیێ هاتبوو:

کچم، کۆڵان ناو و ناتۆرەیان بۆت هەڵبەستووە، دەبیستینەوە، گوایە تۆ رەدووکەوتووی و... ئێمە گوێنادەینێ... بەڵام براکەت شێت و هاربووە.

کچی چیا له نامەیەکدا وای بۆ نووسیبوون:

بە کۆلان بڵێن: بەڵێ کچەکەمان بەدووکەوتووە، بە دووی تفەنگ.

بابی لە حەوشــە بەوێنەی درەخت راوەســتابوو، سەرەتا نەیناسیەوە، هەرچەند وێنەی ئەو دواییەشی دیتبوو، کاتێ رۆیی حەڤدە بوو بۆ هەژدە دەچوو، باوەشی پێداکرد و تێر بۆنی کرد:

کچم، من ســـەربەرزم پێت، خۆزی لە جیاتی کوڕەکەم حەفت کچی لە شێوەی تۆم دەبوو.

دایکی لە ســـەر جێ بوو، ســـەری قیتکردەوە و چوونە ئامێزی یەکترەوە، دایک هاتە قسە، ئەو دەنگە نەبوو کە لە تەلەفۆنەوە بیستبووی، گوتی:

دایە، تۆ زراوی منت برد، هەستدەکەم باشی.

دایک:

کچم، باش نەبووم، لە سەر لێواری گۆڕ بووم، بە دیتنەوەت، مەرگ دوورکەوتەوە.

دەنگ چاویان کەوتە سەر پەنجەکانی دەستی راستی کچەکەیان، دایک سینگی خۆی کوتا و قیژاندی، بابی گوتی:

هەر دە پەنجەی خۆمت دەدەمێ، کچم، هەرچەند پێتدا هەڵبڵێم کورت دەهێنێ و ناگاتە پەنجەیەکی تۆ.

رۆژی دوایی، دایک هەستایەوە و دەرد پەڕی و بەڵای لێبڕا، کچی شاری خۆر تێداما، لە بەر خۆیەوە دەڵێ:

تۆ بڵێی بە دیتنی من چاکبووبێتەوە؟ یان بۆ دیتنەوەم خۆی نەخۆش خستبێ!

بۆی یەکلا نەبۆوە، دایکی ئەوەشی گوت:

لە براکەت مەترسێ، ماوەیەکە پێی لە گێچ گیراوە و کەوتووە، وا زوو ناکەوێتەوە سەر پێ.

کچی شاری خۆر، براکەشی بیبینێ نایناسێتەوە، کاتێ چاویلکەی تاریک لە چاو دەکات، ئەوا دایک و بابیشی نایناسنەوە، ئاخر ئەو کچە پتر بە چاوەکانی دەناسرێتەوە.

کچی شـاری خۆر هێندە نامێنێتەوە، دەگەڕێتەوە زەیتوونســـتان، بۆیە دەگەڕێ و ســـەر بە هەموو شوێنێکدا دەکات.

لە کۆلانی کۆنەفرۆشان ئەو کەسەی بە خەیاڵیدا نەدەهـات، دیتیەوە، لە دوورەوە بە کڵاو و پرچە بەفریەکەی ناســـیەوە، لێ باوەڕی بە چاوی خۆی نەکرد، ئاخر ئەو ژنە چ بایێ هەڵیگرتووە و لێرەی دانـاوە، چووە بەردەمی و چـاویلکەکەی لە چـاوی کردەوە و ســـڵاوی لێکرد، ســـەری هەڵبڕی و کەمێ لێی راما:

چاوم هەڵە دەخوێنێتەوە، یان تۆ کچی شـــــاری خۆری؟

گوتی:

چاوی تۆ بە هەڵە ناخوێنێتەوە.

دوای لە ئامێزگرتن و ماچ، گوتی:

کچم، بڵێ چەند پەنجەمت بدەمێ؟

نەیزانیبوو، هەواڵی پەرینی پەنجەکـانی ئەوی بیستووە، گوتی:

من حەفت پەنجەم سەر و زیادە...

دەستی خستە ناو دەستی خۆی و ماچی کرد، بۆنی کرد، گوتی:

سوپاس بۆ خودا، پەنجەی دۆشاوەژەت، پەنجەی چەکت نەفڕیوە.

گوتی:

هەموو پەنجەکانم بەڵاگێڕی ئەو پەنجەیەم بن، ئەوەیان نەفڕێ بەسمە.

گوتی:

خودا چەپارەیان بدات.

پرسی:

بە من بڵێ چی تۆی گەیاندە ئێرە؟

گوتی:

شاری خۆر کەمەندکێشە، منداڵەکانی لەوپەڕی دنیا بن، لە بن زەریا بن، سەد ساڵ بێ لێی دابڕابن، کەمەندی گەڕانەوەیان بۆ دەهاوێژێ.

پرسی:

کەی دەگەڕێیتەوە؟

گوتی:

دیـار نیە، وێنـاچێ بگەڕێمەوە، ئەدی تۆ، بە یەکجاری هاتیەوە؟

گوتی:

نا، زوو دەچمەوە زەیتوونستان.

گوتی:

چاکدەکەی، ئەوێ پێویستی پێتانە.

ئەو شـەوە تا درەنگ لە میوانخانە لای مایەوە، لە بارەی کچانی زەیتوونسـتانەوە، لە گوڵەندام پرسـیار و لە کچی شاری خۆر وەڵام.

+ پرسیارەکانت هەمووی لە بارەی کچانەوە، لۆ؟

- ئاخر کتێبێکم لە خەیاڵە، تایبەت دەبێ بە ئەوان؟

+ تۆ نیازی کتێبت هەیە؟ ئەها ئەوە لۆیێ، پەڕ و پێنووست بە دەستەوەیە.

- وا نەکەم لەبیرمدەچنەوە، سـەربردەی بەر لە حەفتا سـاڵم ورد و باریک لەبیرماوە، کەچی قسـەی دوێنێم لەبیردەچێتەوە، ئای تەمەن!

+ خۆ دەکرێ هەندێکیان بە دەنگ تۆماربکەیت و دوایی بۆ خـۆتی لـێبـدەیتەوە و بە کـاوەخـۆ بیاننووسیتەوە.

- کچم، دەترسـم تا دەیانهێنمە سـەر کاخەز بکەونە دەسـت کەسـێک و کێشـە بنێنەوە، من ئێستا کە ئەو قسـانەی تۆ دەنووسـمەوە، بۆ هەندێ ناو و شت تەنها پیت دادەنێم، دوایی....

پرسـیار هاتە سـەر دکتۆر مەهناز، کچی شـاری خۆر ئەوی نەدەناسـی، بە چەند رسـتەیێ ئەوی پێناسـاند و بە گریانەوە ئەو کارەسـاتە جەرگبڕەی بۆ گێڕایەوە کە لەو چەند رۆژەی دوایی بەسـەریدا هاتبوو، کچی شـاری خۆر بە بیسـتنی، چاوی پڕ فرمێسک بوو، گوتی:

+ حەزدەکەم سەردانی بکەم.

- سبەی دەچینە لای.

لە نهۆمی حەفتەم دایە گوڵەندام لە دەرگایەکی دا، کوڕێکی کەڵەگەتی چـاو گەش کردیەوە، ژنێکی بە تەمەنداچوو، گوڵەندام لە چاو وی بە کچی دەچوو، لە بەرمان هەستایەوە، ئامێزی پێداکردین، کچێکی تا دڵ دەڵێ زێ جوان، لە ســـەر پشـــت راکشـــابوو، روخســـاری دەتگۆ خوســـاری لێ نیشـــتووە، هەوڵی هەستانەوەی دا، گوڵەندام گەیشتێ و دەستی خەستە سەر سینگی و گوتی:

کچەکەم مەهناز، مەجوولێ.

مەهناز تەواوێ لێم راما:

+ دەڵێی تۆم دیوە؟

- بڵێم چی، رەنگبێ.

مەهناز خۆی وەرگێڕایە سەر تەنیشت:

ئۆی، من ئێوەم بە یەکتر نەناســـاند، ئەوە دایە گوڵەندام، ئەوە دادە گوڵچنی پلکی دادەی نازێ، من هەر بە دادە ناوی دێنم، ئەوەش شـۆڕەسـواری من، دەزگیرانمە، ئەو کچە نازدارەش...

دایە گوڵەندام دەستی خستە سەر شانم:

ئەوەش کچی شاری خۆر، من ئەو ناوەم لێناوە.

من لە زەیتوونستانێ شتێ لە سەربردەی دادەی نازێم بیستبوو، دایە گوڵەندام تەواوێ لە گوڵچنی دادەی مەهناز راما، سێ پەنجەی بیرکردنەوەی چەقاندە لا چاوی و تەواوێ بێ دەنگ ما، گوتی:

تۆ چەند لەو منداڵە دەچی کە کاتی خۆی ماڵتان لە سەرە کۆڵانی ئێمە بوو، بەڵام تەمەنەکەت خستوومیە گومانەوە.

دادە گوڵچن بۆی گرژیەوە:

کچم، ئەوە تۆ دەڵێی چی! ئەو دەمەی من منداڵبووم، دایکت رەنگبێ لە دایکیش نەبووبێ.

دایە گوڵەندام:

من هەر منداڵێکم لە باوەش کردبێ و خۆشمویستبێ، ئەگەر بە پیریش ببینمەوە، دەیناسمەوە، هێ لە هەندێ تۆ شێوەی منداڵیت لە روخسارتا پاراستووە، وای نەنکیشت کتومت تۆ بوو.

دادە گوڵچن رووی خۆی گرژ کرد و گوتی:

ژنێ، هەر تۆ مابووی گاڵتەم پێبکەی!

دایە گوڵەندام دەستی لە ملی کرد، گوتی:

گیانەکەم، باوەڕت بێ، لە دڵەوە وا دەڵێم.

گرژیەکەی نەما و گوتی:

کچێ تۆ قســـەی وا دەکەی، بۆ پێکەنینیش نابێ، من بەبیرم نایێ کەنگێ نەنکم مردووە، وێنەیەکیشـی لە پاش بەجێنەماوە، تا بڵێم وێنەکەیت دیوە.

– وێنەم نەدیوە، بەڵام خۆیم دیوە، کە ئەو مرد تۆ لە ناو لانکێ بووی.

مەهناز هەڵیدایێ:

دادە گوڵچن، ئەو دایە گوڵەندامە زۆر گاڵتەچیە و هەرگیز لە قسەی خۆش ناکەوێ.

دایە گوڵەندام پێکەنی:

با وابێ.

دادە گوڵچن رووی لە شۆڕەسوار کرد:

+ کوڕەکەم، ئەرێ نوێژ بووە؟

- ئا، لەمێژ نیە بانگیداوە.

+ ماڵی ئێوە ئەوەی خراپە، بەرماڵتان نیە.

- ئەدی نەمگوت، ماڵی ئێمە بەرماڵێکی گەورەیە، لە کوێ نوێژ دادەبەستی، دایبەستە.

+ وایە، مەهنازی کچم پێ لە هەر شـــوێنێ دانێ، نوێژی لێدێ، دەزانی دڵی منی چەند خۆش کردووە.

رووی لە ئێمە کرد:

مەهناز دەڵێ: دادەی نازێی من زیندووە، ئێوەش باوەڕی پێدەکەن؟

دایە گوڵەندام گوتی:

هەرچی مەهناز بیلێ، راستە و قسە هەڵناگرێ.

نوێژی دابەست، سەرم خستە بن گوێی گوڵەندام بە گاڵتەوە:

بۆ ناڵێی نوێژکردنەکەشی کتومت نەنکیەتی؟

لە دڵەوە گوتی:

دوو نوێژی زۆر لێکدی جودان.

مەهناز بابەتی گۆڕی و رووی لە من کرد:

+ هەڵە نەبم، لە زەیتوونستانێ جارێک تۆم دیوە.

- دوورنیە، بەڵام من نـایەتەوە بیرم تۆم دیبێ، وادیارە دیدارەکە کورت بووە و من فریا نەکەوتمە وێنەی تۆ لە بیناییم هەڵبگرم.

مەهناز درەنگ چاوی کەوتە سەر دەستی راستم، ئاهێکی هەڵکێشا:

ئاخ، گیانەکەم، لە پەنجەی دەسـت هاوشـێوەین، هی منیش حەفت ماوەتەوە، بەڵام دڵخۆشـم بەوەی لە پێ هاوشێوە نین.

مەهنـاز پێی چەپی لە بن گۆزینگیەوە پەڕیبوو، دوو رۆژ دەمێنێ دەگەڵ شـۆڕەسـواری خەونی زەمـاوەنـد بکـات، شـاری خۆر کە نـاوە نـاوە مووشـەکباران دەکرێ، مووشـەکێ لە نزیکە وی دەکەوێتەوە، چەند پەلە ئاسـنێ دێن، پێی راسـت و سێ پەنجەی دەستی چەپی مەهناز دەبەن.

بەر لە مالاوایی، لە بن سەرینەکەی تاکە پێڵاوێکی پیشانداین، لە چەند جێ تلیشی بردبوو، گوتی:

ئەوە پێڵاوی پێیە پەڕیوەکەی منە، تۆ بڵێی کەسێ هەڵکەوێ، سەربردەی پێڵاوی پێیە پەڕیوەکان بنووسێتەوە و جێی خەونە پیرۆزەکەی منیشی تێدا بکاتەوە؟

شۆڕەسوار خۆی نەگرت و لە پڕمەی گریانی دا.

دایە گوڵەندام، پێڵاوەکەی لێوەرگرت، بۆنی کرد و بە سینگی خۆیەوە نا، چەند دڵۆپە ڕۆندکێکی بە سەردا باراند:

دەنووسرێتەوە، هەر دەبێ بنووسرێتەوە، لە پێڵاوەکەی سەر منارەی ڕووناهیەوە پێدا بێت، پێڵاو پێڵاو تا دەگاتەوە پێڵاوەکەی مەهنازی من، دەی، خەونەکەشت بگێڕەوە.

مەهناز:

خەون نەبوو، لێ بۆ دڵدانەوەی خۆم ناوی خەونی لێ دەنێم، دەترسم نیشانەی شێتیم تیا دەرکەوتبێ، ئاخر ئەوەی من دیم، پەڕجوویکە لە دەستی هیچ پەیامبەرێ نایێ، بۆیێ ئەو سەربردەیەم وەک خەونێکی پیرۆز لێ وەرگرن و لێکیبدەنەوە:

پێلاوی بن باڵیفم دەرهێنا، لە سەر ئەو مێزەم دانا، بە بەر چاومەوە پێلاو بووە پێنج پشکۆی گەش، هەر پشکۆیێ بە قەد گۆی مەمکێ، دوای تاوێ، پشکۆکان لە شوێنی خۆیان بە ریز کەوتنە سەما و هەڵپەڕکێ، زۆری نەبەرد پشکۆکان شێوەی پیتیان وەرگرت، ئای!

ل ا و پ ێ

وای! بە جێگۆڕکێیێ دەبێتە پێلاو، لەپڕ پیتەکان چوونەوە ناو یەکتر و بوونەوە پێلاو، ویستم هەڵیگرم و بیخەمەوە بن باڵیفەکەم، نەکەوتە ناو دەستم، دیسان کەرت کەرت بوو، هەر کەرتەی بووە پیتێ، خوێندمەوە:

پ ە ڕ ە س ێ ل ک ە

خودایە، ئەوە چی رووەدات، ترس دایگرتم، هاتم پەنجەرەم کردەوە، مەلا بانگیدەدا، بە ترسەوە گەڕامەوە لای پیتەکانی پەڕەسێلکە، چوونەوە ناو یەکتر، دوای چاوترووکانی پەڕەسێلکەیەکی زیندوو لە بەر دەمم هەڵفڕی، سێ چوار کەڕەت بە سەر سەرما سووڕایەوە، لە سەر باڵیفەکەم نیشتەوە،

دەستم بۆی برد، پەڕەسێلکەی چی، پێڵاوەکەی خۆم بوو.

ئیدی لەو خەونەوە هەســـتەکەم پێڵاوی پێیە فڕیوەکەم پێڵاوێکی ئاسایی نیە.

دادە گوڵچن بە گریانەوە:

توخدا، پێڵاوی نازێی دادەی نازێی منیش... ئەو ســـاڵەی لە تەلەڤزیۆن پیشـــاندرا، چەندی پرســـیم کەوتۆتە دەستی کێ، سۆراغی نەبوو.

گوڵەندام گوتی:

خەمـی ئەوەت نەبـێ، پـێـڵاوی بـن بـیـابـان لەبیرنـاچێتەوە، دەی، دەتبینمەوە، دوو بە دوو قسەدەکەین، دڵنیام من و تۆ خزمین.

شاری خۆر

گوڵەندام جوانێ بوو، لە ئەنگوستەچاوێ تیشکی دەدایەوە، جوانێ بوو، کوڕوکاڵی شـــاری خۆر، بە موســـڵمان و فەلەوە، بە ئێزیدی و یارســـانی و زەردەشـــتی و جووەوە بۆی دین و ســـەرگەردان بوون، ئامادەبوون لە بری نیگایێ بێنە ســـەر دینی، چاوی گوڵەندامیش هێ لە کوڕە موسڵمانێ، کوڕێکی رەشـــتارەی کەڵەگەتی چاو رەش، چ کوڕی نەدەدی، دڵی بە وەوە بوو، کوشتەی وی بوو، بەڵام کوڕە بە چاوی خوشک لە گوڵەندامی دەڕوانی، تووماز دەمێ بوو، دڵی دابووە نازدار حەیرانی خۆی.

گوڵەندام درەنگ بەوەی زانی، داوای لێبووردنی لێکرد و کشـــایەوە و دڵی خۆی ناشـــت، بۆ وەی بە ژیان ببەســـترێتەوە، بە ناچاری هەرێ بە کوڕێکی کۆڵانی خۆیان دەدا، لە ســـەر گواســـتنەوە دەبێ، هەوال دێ:

کوڕە رەشتارە و دڵبەرەکەی بوونەتە گەشمردەی ئەوین.

وا تێبگەم کەســـوکاری کچە، کچە نادەنە کوڕە، ئەویش هەڵیدەگرێ، لە ســەر هەندێ هەردووکیان لە خوێن دەگەوزێنن.

گوڵەندام شێت و هار دەبێ، شـاری خۆر دیدڤانە بە سەر سینگکوتان و شینی گوڵەندامەوە، ئەو دەمە من رەنگە تەمەنم ســـێ چوار ســـاڵ بووبێت، وەک خەون بیرمدێتەوە، گوڵەندامی تاقە خوشـکم، پشـتی دەدایە دارتووە گەورەکەی پێش دەرگـا و لە بەر خـۆیەوە، کـوڕە رەشـــــتـارەی دەلاوانـدەوە، ســـەردوولکەیەکی دەگۆ، لەو شـێوەم نەبیســتبوو، پاشـتر و تا ئێسـتاش لە کەســم نەبیســتووە، منی دەخستە باوەشی خۆیەوە و دەیگۆ:

گوڵنار، خوشـــکە جوانەکەم، تۆ نەکەی بە دەردی من بچی.

من هەینێ لە دەردی وی تێنەدەگەیشتم.

ئا، من ناوم گوڵنار بوو، بەر لە ســـاڵی فەرهوود، ئەو فەرهوودەی شـارێکی گەورەی پێدەناسـرێتەوە،

به دوو سێ ساڵێ له شاری خۆر هاتوومەتە دنیایێ، هەینێ گوڵەندامی خوشکم حەفدە هەژدە ساڵێ بووە، دوای کۆچی گوڵەندام، بە مەبەستی نەکوژانەوەی ناوی وی، بۆ ئەوەی لە سەر زاران بمێنێتەوە، گوڵنارم لە خۆم کردەوە و گوڵەندامم بە خۆمەوە کرد، یەکەم وشەی ئەو بەشەی کتێبەکەشم کە تایبەتە بە منداڵیم و وێدەچێ ناوی بنێم شاری خۆر، گوڵەندامە، خۆزی دەخوازم دوا وشەشی هەر گوڵەندام بێ.

گوڵەندام پاش مەرگی کوڕە رەشتارە، هەندێ نیشانەی شێتایەتی تیا دەرکەوت، دیارترینیان، رۆژێ پێڵاوەکانی هەر تاکە و لە بسکێکی گرێدابوو، لە سەر مەمکە قیتەکانی دەلەرینەوە.

دایکم ئەیەڕۆیەکی کرد:

+ کچم، ئەوە چیە؟

- دایە، پێڵاوەکانم حەزیان لە سەمایە.

بابم دکتۆری شارانی پێکرد، کەڵکی نەبوو، ژنانی کۆڵان دەیانگوتە دایکم:

کچەکەت وێدەچێ پێشـــتریش شـــێتایەتی تێدا بووبێت، هێندە بۆ برا جوانەمەرگەکەی نەگریا، بزانە چی بۆ ئەو کوڕەتیوە کرد!

دایکم وا بەرسڤی دەدانەوە:

قسەی باش نازانن، هی خراپیش مەکەن.

تۆ ببینە، ئەوین چیـت بەســـەردەهێنێ، دایکم دەیگۆ:

ئەوینی یەک سەرە زۆر لە ئەوینی دوو سەرە بە سفت و سوێترە، کەس نەیبینێ.

گوڵەندام بەو کوڕەی کە هەرێی پێدابوو، شووی پێبکات، گوتبوو:

من پێش تۆ دڵم ناشـــتبوو، ئێســـتا لەشـــیشـــم ناشتووە، بە تەمام مەبە.

منیش گوڵناری پێشـــان، گوڵەندامی ئێســـتا، لە حەفت هەشـــت ســـاڵیەوە هۆگری کوڕێکی خزممان بووم، ناوی شابارام بوو، ئەو دوو سێ ساڵێ لە من بە تەمەنتر بوو، هەمیشـــە بە یەکەوە بووین، لە تەمەنی ســـێزدە ســـاڵی کە کۆچی بە ســـەردا هات،

شەوێ لە سەرە کۆلان راوەستابوو، گوللەیەکی وێل هات و بە سەر دڵی کەوت، نەگەیشتە نەخۆشخانە، گیانی گەیشتە ئاسمان، لە گۆڕستانی خۆمان لە تەنیشت نەنکی نێژرا.

منیش هێندەی نەمابوو بە دەردی گوڵەندامی خوشکم بچم، بەڵام خۆشەویستی من بۆ شابارام تا هەینێ هەستمەکرد هاوڕێتیە، درەنگ، زۆر درەنگ، چەند ساڵێ دوای کۆچ، جاروبار هەستم لە دڵم رادەگرت، شتێکیدی دەگۆ، ئاوازی ئەوینی لێدەدا.

رۆژێ شەمەندەفەری کۆچ گەیشتە شاری خۆر، پۆلیس دەوری داین و رایانپێچاین، دایکم گریا و پارایەوە:

تکایە، با سەرێ لە گۆڕی کوڕەکەم بدەم، زوو دەگەڕێمەوە.

پۆلیسێ بە تێکەڵەیێ لە سێ زمان:

پیرێژن، کاتی سەردانی گۆڕ نەما، دوایی گۆڕستانەکەشتان بۆ دەنێرینەوە.

گوڵەندام لە ســـەر دەرگـای شـــەمەندەفەری کۆچەوە، تفێکی هاویشـت، تێنەگەیشـتم لە شـاری گرت، یان لە پۆلیسەکان.

کاپتنیش لەولاوە هەڵتووتکاوە، چاوی پڕ ئاوە، بۆ بەڕێکردنمـان هـاتووە، نـا، وەک من بینـاســـم، دڵی دەخوازێ سواری شەمەندەفەری کۆچ بێ، لێ پۆلیس رێی کۆچی لێ گرتووە، ناهێڵێ بێتە پێشـــێ، چاوم لێبوو، ویسـتی دڕ بە پۆلیسـان بدا، رێیان نەدا و بە قۆنداخە تفەنگان گێڕایانەوە.

وەبیرمدێ، لە سـەر دەرکەی شـەمەندەفەری کۆچ خۆم ڕاپســـکاند و بەرەو منارەی ڕووناهی ڕامکرد، پێموابوو ئەگەر لەو شـارە دابڕێم، ژیان کۆتایی دێ، ئاخر چەند شەوێ بەر لە کۆچەکە بابم گوتی:

لە دەرەوەی شـاری خۆمان هەناسـەدان زەحمەت دەبێ.

مانگی پڕکم نزیک منارەی ڕووناهی بوو، دەمویست بگەمێ، پۆلیسێ کەوتە دوام، گرتمی، گوتم:

لێمگەڕێ، من کۆچ ناکەم، دەچمە مانگی پڕکە سارام و وەک وێ دەبمە موسڵمان.

پۆلیس توند قۆڵمی گوشی و گوتی:

تازه بۆ موسڵمانبوون دره‌نگه.

به ســـه‌ر زه‌ویدا پەلکێشـــی کردم، تاکێ پێڵاوم له پێم بۆوه، گوتم:

راوه‌سته، پێڵاوه‌که‌م.

گوتی:

ئه‌و پێڵاوه که‌چه‌یه‌ت بۆ چیه، له‌وێ پێڵاوی نوێ و جوانتان ده‌ده‌نێ.

له‌و ســاته، کاپتنی هاوڕێم به هەڵه‌داوان گه‌یشـتێ، ئامبازێ پۆلیس بوو، پۆلیســێکیدی به هانایه‌وه هات، شـــه‌ڕی کاپتن و پۆلیس ده‌ســتیپێکرد، فیشـــه‌کێکیان پێوه‌نا، کاپتن قرووســکاندی و ســێ چوار که‌ڕه‌ت له سه‌ر قوون سووڕا، من تفم لێ کردن و جوێنم دا:

ناکه‌ســـینه، پوشـــتی و به‌دفه‌ڕینه، هەمووتان له ده‌وری پشکه خوێنێکی کاپتن گه‌ڕێن...

پۆلیس زللەیەکی لیـدام و زارمی گرت، چـاوم لێبوو، کاپتن رانی خۆی دەلێسـیەوە، ئاهێکم هاتەوە بەر:

ئۆخەیش، دەژی.

بیستبووم، سەگ ئەگەر زمانی بگاتە بریتی خۆی، سـارێژی دەکات و چاکدەبێتەوە، بریتەکەی چەندێ قوول بێ، ئەگەر هێسکیشی وردەهار کرابێ.

بە تێهەڵدان هەڵیاندامەوە ناو شـەمەندەفەری کۆچ و کەوتمە تەنیشـت گوڵەندامەوە، بە خەمسـاردیەوە گوتی:

کچێ تۆ شێت بووی!

گوتم:

دادە، لێرە بڕۆین دەمرین.

لە بەر خۆیەوە گوتی:

ئێمە دەمێکە مردووین.

دایکم دەستی بە سەرم داهێنا:

کچم، دنیا به هومێدەوە خوراوە، بێنێ خۆ فرە کە، نامرین.

بابم گوتی:

کچی خۆم، وەرەوە سەرخۆ، خەم مەخۆ، دەگەینە شوێنێ لێرە خۆشتر، پێلاوێکی هێند جوانیشت بۆ دەکڕم لە خەونیش لە پێت نەکردبێ.

زانیم (شوێنێ لێرە خۆشتر) قسەی زارە و لە دڵەوە نیە، بۆ دڵدانەوەی منە، لەو ساتە پێلاوە بەجێماوەکەشم هێند لە دڵم شیرن و بەهادار بوو، ئەگەر پێلاوێکی لە زێڕیشم بۆ بکڕێ، ناگاتە کەچە پێلاوەکەم.

من چاوم هەر لە سەر تاکە پێلاو بوو، دیتم دەجوولایەوە، لە پڕ بووە سمۆرە، لە چاوتروکانێ بە منارەی رووناهیدا هەڵگەڕا، لەو دوورەوە دیتم لە سەر سەرەوە، لێمدەڕوانێ، منارە تا دەهات نزیکتر دەبۆوە دەستم کەمێ دڕێژتر با، سەری پەنجەم دەگەیشتە پێلاوی بە سمۆرە بوو، هاوارمکرد:

دادە، ئەها پێلاوەکەم بۆتە سمۆرە.

دادە گوڵەندام گوێی پێمنەدا، وەک ئەوەی لەگەڵ ئەویشم نەبووبێ، دایکم سەرمی لە باوەش گرت، بابم گوتی:

کچە جوانەکم، وا لە خۆت مەکە.

لەو ساتەی شەمەندەفەری کۆچ کەوتە گەڕ، سمۆرەکە بووە کۆترێکی سپی، بەرەو شەمەندەفەر هەڵفڕی، شەمەندەفەر کەوتە ڕێ، کۆتر لەگەڵ کۆچ ڕێی دەبڕی، ناوە ناوە لە پەنجەرەکەی لای من نزیک دەکەوتەوە، سەرە باڵی لێ دەخشاند، دەستم بۆی درێژ دەکرد، نەدەگەیشتێ، دەمگۆ:

بابە، دایە، دادە، ئەها پێڵاوەکەم بۆتە کۆتر و لەگەڵ ئێمە دەفڕێ.

هەر هێندەم ئاگا لە وان بوو، دایە و بابە فرمێسکیان دادەباراند، دادە گوڵەندامیش بێ هەست و خوست، وەک بڵێی بە سەر دنیاوە نەبێ، من خەوتم و هەستامەوە، کۆتر هەر وا بە تەنیشتمانەوە.

شەمەندەفەری کۆچ ڕاوەستا، دایانبەزاندین، چاوم لە کۆترەکە گێڕا، نەمابوو، تێروپڕ بۆی گریام، ئێرە شارێکی گەورەیە، چەند هێندەی شاری خۆرە، بابم

و وان ناویان لێنابوو، شـــاری فەرهوود، جووتێ پێلاویان بۆم پەیداکرد، تاکە پێلاوە کۆنەکەشـــم فڕێنەدا، خستمە ناو بوخچەکەی دەستی دایکمەوە، نازانم چەند لەوێ ماینەوە، دیســـان رایانپێچاینەوە، ئەو جارە ڕێی کۆچ کەوتە ئاســـمانێ، خودایە، دەبێ لە کوێ بکەوینەوە؟ بیابان، دەریا...

لە ئاسمانی شاری فەرهوودیش چاوم لە کۆترەکە دەگێڕا، نەمدیتەوە.

من هەموو هۆش و بیرم لای تـاکە پێلاوە بە جێماوەکەم بوو، مـاڵ و کۆڵان و گەڕەک و منارەی ڕووناهی و قەڵاتی پەنا و گۆڕســـتانی خۆمـان و هەموو شـــاری خۆرم لە ناو پێلاوەکەمەوە دەدی، پێمووابوو ئەگەر پێلاوەکەم بۆ بهێننەوە، هەموو ئەوانەم بۆ دێتەوە.

لە ئاســـمانێ، لێرە و لەوێ پەلە هەورم دەدی، هەمەڕەنگ: ســـپی، زەرد، مۆر، بۆر... پەلە هەورێکی ســـپی برژانگمی بە خۆیەوە گرێدا، هەر هێندەی بەرانپیلەکەی دایکم دەبوو، شـان بە شـانی فڕۆکەی کۆچ ڕێی کۆچی دەبڕی، تـا دەهـات نـزیکتر دەکەوتەوە، لچکێکی لە پەنجەرە دەخشـا، بەرە بەرە

شـــێوەی خۆی دەگۆڕی، هەر جارەی بە شـــێوەیێ دەردەکەوت، تـــا بووە پێڵاو، لێی وردبوومەوە، پێڵاوەکەی خۆم بوو، هاوارمکرد:

ئەها، پێڵاوەکەم وا لەگەڵمان دەفڕێ.

کەس بە هەندی وەرنەگرت، منیش هەر چاوم لە ســـەر پێڵاوەکەم بوو، لە پڕ نیشـــتینەوە، دابەزین، هەورە پێڵاو نەما.

خودای من، ئێرە کوێیە؟ وڕ و کـاس بووم، بە ســـەر دنیاوە نەمام، نازانم چەندی پێچوو، ســـاڵێ، دوو، رەنگبێ پتریش، هەندێ کەســـوکارم دیتەوە، خەڵکی جۆراوجۆرم دی هەر یەکە و لە شـــوێنێکی دنیاوە هاتبوون، هەســـتمدەکرد هێ لە ســـرووتی ئایینی لە هیچ شـــتێ وێک نەدەچوون، گوێم لە پیرێ بوو، دەیگۆ:

ئۆخەیش، گەیشتینەوە شاری خودا.

دواتر پێکەوتم ئێرە گەلێ ناوی هەیە، شتێ کەمتر لە نـاوەکـانی خودا، هەر تیرەیێ بێرەدا تێپەڕیبێ، ناوێکی لێنایە، یەک لەو ناوانە شاری خودایە.

له چاوی هەندێ کەس شاگەشکەییم دەخوێندەوە، وەک ئەوەی باوەشـــیان بە بەهەشـــتدا کردبێ، لە چاوی داکم و بابم و هەندێک، نیگەرانی و نامۆیی، لە چاوی دادە گوڵەندامم هیچ، هەمان چاوی شـــاری خۆر.

شـــاری خودا بۆ من دۆزەخ بوو، هەســـتم بە ســـووتان و هەڵقرچان دەکرد، لەگەڵی هەڵمنەدەکرد، دڵ و هۆشـــم هەر لای شـــاری خۆر بوو، تا راهاتم زۆری ویست.

گوڵەندام بە تەواوی تێکچوو، بە کۆڵان و جادە کەوت، دەگەڕا، دەســـووڕا، لە هیچ جێیێ تۆتکەی نەدەگرت، دکتۆری شـــاری خودا نەما پێینەکەین، دەرمانی دەردی پەیدا نەبوو، ئێمەشی نەدەناسیەوە، بە دواوەی بووین، دەمانهێنایەوە مـاڵێ، بەرزەفت نەدەبوو، وای لێهـات، ئـاخـافتنی لەبیرچۆوە، تەنهـا یەک وشەی گۆ دەکرد، ناوی کوڕە رەشتارەکە، ناوە ناوە سێ جار دەیگۆتەوە:

کەریم، کەریم، کەریم.

ســـەر لە ئێوارەیێ کەوتە بن تڕومبێل، رانێکی وردبوو، بڕیانەوە، زۆری نەبرد، گەیشـــتە ئەو دنیا،

سـال وەرنەسـووڕایەوە، دایکم بەزگیدا و بە دوای گوڵەنـدامـا چوو، بـابم کە تەمەن و نیوێکی دایکمی هەبوو، درەنگ، سـەدی تێپەڕاندبوو، بە ڕێی ئەواندا ڕۆیشت، لە ئاوزینگدانێ گۆتی:

چەندم حەزدەکرد هەرسـێکمان لە گۆڕسـتانی خۆمـان، لە ریزی بـابم و دایکم و کوڕەکەمـان و ئەواندا نێژرابایـن.

من ڕاهاتم و مەیلی شـاری خۆرم دانا، جاروبار بە سـەیرکردنی ئاکە پێڵاوەکەم، ئەوەی تا ئێسـتا هەڵمگرتووە، شـاری خۆرم بیردەکەوتەوە، داخم بۆ پێڵاوە بەجێماوەکەم هەڵدەکێشا، جاروبار خەونیشم پێـوەی دەدی، لە هەر خەونـێ پـێـڵاو ڕەنـگ و شـێوەیەکی دەگرت، خەونێکیان هی لەبیرچوونەوە نیە:

بە ڕووت و قووتی لە دەو دەریـا دانیشـتبووم، ژنێک لە تەنیشـتمەوە وازیی بە ئەسـتێرە شـەش چوکلەکەی سـەر سینەی دەکرد، دیتم ئەستێرە بەرە بەرە شـێوەی خۆی دەگۆڕی، هەر جارەی دەبووە شتێ، بووە چاو و برۆیەکی ڕەش ڕۆر لە هی ژنەکە دەچوو، بووە مەمـک، مەمکێ کتومـت مەمکی

چەپی من، خاڵی بن گوێەکەشی پێوە بوو، بووە دەم و لێوێکی ناسکی منداڵانەی تژی لە بزە، وای خوایە، دەڵێی دەم و لێوی گوڵچنە، بووە زۆر شت، دوا جار شێوەی پێڵاوی گرت، پێڵاوێ سوێند بە ئەستێرەکە بخۆم، لێم نـاکەوێ، پێڵاوە بەجێمـاوەکەی منە، لە ســـەیرکردنی تێرنەبووم، وەئاگاهاتم، تا ماوەیەکی زۆر ئەستێرەی شەش چوکلەم لە سەر سینەی هەر کەسێ دەدی، چاوم لە سەری هەڵنەدەگرت، چاوەڕێ بووم، بزانم نابێتە پێڵاوە بەجێماوەکەم!

راهاتم و شـووم بە پسـمامێکم کرد، زۆری نەبرد جیابووینەوە، ئەو جارە شـــووم بە پیاوێ کرد، لەو سەری دنیاوە هاتبوو، شەش حەفت ساڵێ خۆشمان رابوارد، لە تەقینەوەیەک پـارچە پـارچە بوو، بە نیشـــانەی ســـەر رانی ناســـیمەوە، ئیدی لە هەینێوە تەنیاییم هەڵبژارد و لەگەڵ ڕ پیاوێ نەخەوتم.

ڕۆژێ لە ســـەر دەریا دانیشـــتبووم، ڕەنگبێ بە ڕێکەوت بووبێ، میلی رادیۆ کەوتە ســـەر ئێســـتگەی شـــاری فەرهوود، گوێم لە وشـــەی ئەنفال بوو، لە زاری بێژەرەکەوە کە بە زمـانی خۆمـان، زمـانی شـــاری خۆر، دەدوا، تێگەیشـــتم، واتای ئەنفال زۆر نزیکە لە فەرهوودەکە، لەوەوە دڵم ڕاچڵەکی، گوتم

تۆ بڵێی دەستی ئەنفال گەیشتبێتە شاری خۆریش و قەڵاتی پەنا، ئەگەر گەیشـــتبێتێ، قەڵاتی پەنا پەنای خەڵکەکەی داوە؟

هەر خۆم بە خۆمم گوت:

بە من چی، کێم لەوێ ماوە!

لەبیرخۆمم بردەوە.

دوو ســێ ســاڵێ دواتر لە تەلەڤزیۆنەوە، بیســتم: شـــاری خۆر بە رووی شـــاری فەرهوود و ئەنفالدا هەستاوەتەوە.

زۆری نەبرد گوتیان: شـاری خۆر ورد و درشت کۆچی کردووە، هەندێ وێنەی کۆچەکەشیان پیشاندا کە بە دەشت و کێو کەوتبوون و دیار نەبوو بەرە و کوێ سەری خۆیان هەڵگرتووە.

لەوەوە کۆچی خۆمـانم بیرکەوتەوە و لە هەینێوە خولیای ســەردانەوەی شـــاری خۆرم کەوتە ســەر، حەزی ســەردانەوە لە دڵم چەکەرەی دەکرد، شـەوانە خەونم پێوە دەدی، بەڵام تا ئەوســـــاڵ زاخم نەکرد بۆی بگەڕێمەوە، ئەگەر زەیتوونســـتان نەهاتبایەتە پێش، پێموانەبوو بێمەوە.

***

چەند ســـاڵێ بەر لەوەی بای زەیتوونســـتان هەڵمگرێ، لە کەنالێکی ئاســمانیی شـــاری خۆرەوە، دیمەنێکم دی، ئاگری تێبەردام، چەند کەســێ بە پاچ و خـاکەناز لە بیـابـانـدا بە دوای گۆرپدا دەگەڕان، بیـابـانیـان دەکۆڵی، جلکوبەرگ دەرکەوت، لێیـان وردبوومەوە لە هی دایکم و دادە گوڵەندام و بابم و شـــابارام و هی پێشـــانی من بوون، پرچ و پێڵاو و ئێسکوپرووسک دەرکەوتن، بازن و تەسبێح و چەرخ و دەمژمێر و کڵدان و کڵچووک دەرکەوتن، لە نـاو هەموان تاکە پێڵاوێکی منداڵان کەمەندکێشـی کردم، پێڵاوەکە لە راســـتی پەنجەتووتە کون کرابوو، چ بزانم ئەوە پێڵاوەکەی نازێی دادەی نازێیە! بە دیتنی پێڵاوی بن بیابان پێڵاوە بەجێماوەکەی خۆم هاتەوە بەر چاوم، لەو ساتە لە بەر خۆمەوە گوتم:

چـانەبوو لە شـــاری خۆر نەمـامەوە، دەنـا دوورنەبوو منیش بە پێڵاوەوە کەوتبامە بن بیابانەوە.

ئێ، وێنەی کەزی کێژانی زەیتوونســتان نەبا، ئەو کەزیانەی بە ســەر فیشــەکداندا شـۆڕبووبوونەوە، چ

جادوویی منی کەمەندکێشـــی زەیتوونســـتان دەکرد، زەیتوونســـــتـان نەبـا، دەمردم و شـــــاری خۆرم نەدەدیتەوە، ئەو کچانەی تەنها لە ئەفســـانە و فیلمدا وێنەیـان هەیە، ئەو کچـانەی دیرۆکێکیـان بەرەواژ کردەوە کە دنیـا ئەزبەری بوو، دیرۆکی لە حەواوە ســـەریکردبوو، منیش تا لە نزیکەوە نەمدیتن، گومانم هەبوو فیلم نەبێ.

من چیم دی خودایە! باوەڕم نەدەهات ئەو کچانە زادەی زەوی بن، نا زەوی لە دیرۆکی خۆی کچی وا بوێری لێ هەڵنەکەوتووە، دەبێ لە ئەستێرەیەکیدیەوە هـــاتبن، من لەدوورەوە بە داری دووربینێ لێم دەڕوانین، لە دوورەوە وێنەم دەگرتن، تەمەنم هی چوونە جەنگ نیە، هێ لە هەندێش تا ئێســـتا تفەنگم بە دەســـتەوە نەگرتووە و فیشـــەکێکم نەتەقاندووە، چەنـــد ئیرەییم بەو کوڕ و کچـــانە دەبرد، خۆزیم دەخواست یەکێک بم لە وان، لێگەڕێ، داری بریا بەر ناگرێ.

ئازایی کچانی زەیتوونستان بە من نانووسرێتەوە، ئەگەر نیازی نووســـینەوەشـــم هەبێ، لەم کتێبە جێی نابێتەوە، کتێبەکەم تایبەتە، پتر تایبەتە بە بریندارانی، لە بریندارانیش پێ و پێڵاوی کچان.

زەیتوون زەیتوون زەیتوونستان گەڕام، لە قەدیان خوێنم دەدی، لە بنیان گۆڕ و گۆڕی هەڵدراوە، لە زەیتوونستان گەلێ کچم دواند، کاتێ بە چەند رستەیێ سەربردەی خۆمم بۆیان گێڕایەوە، ئامێزیان پێمدا دەکرد، خۆشیانویستم و قسەی دڵی خۆیان بۆم دەکرد، سەرم سەرڕێژ بوو لە سەربردان، کاتێ لە نیازی سەردانەکەم تێگەیشتن، هەندێکیان دەفتەریچەی ناو کۆڵەپشتیان دەردەهێنا و چەند لاپەڕەیێ لە رۆژانەی خۆیان بۆم دەخوێندەوە، هەبوو لە مۆبایلەکەیەوە دەیخوێندەوە، زۆرم دین، لە زاری دایە زەیتوونەوە سەربردەی پێڵاوەکەی گوڵەشلێرە و پێڵاوەکەی نازێی دادەی نازێم بیست، ئەویش لە کەزی زەرەوە بیستبووی، بارینی گوڵ و ئەفرینی دڵ، سۆزدار و سارا، بێریقانی ئەلەگەزێ و کچی شاری خۆر و زۆریدیم دی، ئەدی کچە کۆچۆبی! خۆزی لە خۆزیداران نەمدیتبا، چ ئاگرێکی خستە دڵمەوە، دڵ لە لێدانیش بکەوێ، ئاگرەکە دانامرکێ، ناکوژێتەوە، لە ناو دووربینەوە چاوم لێبوو، تۆپی ترکان بە ئاسمانی ئێخست، هەر کوتە گۆشتێکی، هەر پارچە ئێسکێکی لقە زەیتوونێ گرتیەوە، خرپەکرایەوە، من چاوم بەرایی نەدا نزیکبکەومەوە، گوتیان:

پـارچەی گەورەی، پێلاو و پێی چەپی بوو لە سەر ئەژنۆیەوە.

کـچە کـۆچـۆیـی دوو دەمـژمـێـر بەر لە بە ئاسـمانکەوتنی، سـەری بە شـانی من کردبوو، پێدەچوو دڵی تریواندبێتی کە رێی ئاسمانی لە پێشە، کورتەی سـەرهاتی بە کەنیزەبوونی خۆی و هەڵاتنی بۆم گێڕایەوە:

تـازە پێم دەنـایە پـایزی حەڤـدەهەمەوە، کەوتمە چنگی ریشـنە ئاڵا رەشـەکانەوە، لە حەڤدە شـەو و رۆژی کەنیزەییم، بە ژمار حەفتا ریشـن تۆپزگێیان کردم، هەر ریشـنێ هی شـار و نیشتیمانێ، سـەر بە نەتەوە و زمانێ، هەمووشـیان زمانی قورئانیان دەزانی، بە (ئەڵلا، یا ئەڵلا)وە دۆخین و قایشـیان دەکردەوە و دەبەسـتەوە، دوا کەس ریشـنێکی تەژە بوو، بەر لەوەی لاقەم بکاتە سەر و سمێڵی لە خۆی کردەوە، کۆسە بوو، هێشتا لە سـەرم هەڵنەستابوو، خواراسـتان بووە بۆردومـانێ، کەس کەسـی نەناسیەوە، هەر ئاڵاڕەشێ بۆ لایێ.

دڕەنگانی شـەوە، بە ناو ئاگر و ئاسـندا هەڵاتم، نـازانم کوێ کوێیە، ڕووە و کوێ هەڵـدێم، نـازانم

چەند شـــەو و رۆژ دەشـــت هەوراز و لێژم بڕی، هێندەم زانی لە لالشـــم، لای کانیا ســـپی، هەر دەبێ مەلەک تـــاوس منـــی گەیـــاندبێتە ئەوێ، کەوتمە سۆراخی کەسوکار، کەسیانم نەدیتەوە.

دایە گوڵەنـــدام، دوای چەنـــد رۆژێ دووگیـــانیم لێدەرکەوت، هەســـتمکرد حەفتا ریشـــن وا لە ناو زگمن، بێ ســـێودوولێکردن لەبـــارمبردن، حەفتـــا دوژمنی ناو زگمم کوشـــت، هاتە ســـەرم بە دوای حەفتا ریشنەکەی دەرێدا بگەڕێم.

هـــاتم هـــاتم، بەر لەوەی بگەمە ئێرە، لە کۆبـــانێ دوزیمنەوە، من هەر ریشـــنێکی ئـــاڵاڕەش دەبینم، هەســـتدەکەم یەکێکە لەوانەی لاقەی کردووم، یەکێکە لەوانەی زگی پڕکردووم، لەوێ هەندێکیانم نـــاردنە دۆزەخ.

دایە گوڵەندام، من ئێستا زۆر نیگەرانم، وەک بڵێی هەســـت بە پەژیوانی دەکەم، لە خۆم دەپرســـم، ئەو منداڵەی زگم چ تـــاوانێکی هەبوو، بەو دەردەم برد؟ خۆ دەکرا وا پەروەردەی بکەم کە....

کچه کۆچۆیی سەری بە سەر شانم کرد و وردە رۆندکانی داباراند، ماچم کرد و فرمێسکم سڕی، گوتی:

تۆ بڵێ، نەدەبوو لە باری ببەم، وا نیە؟

گوتم:

کچم، لە دوای چووان مەچوو، ئەوە هێندە ناهێنێ، نە فرمێسکی بۆ بڕێژی، نە بە بیری خۆتی بهێنیەوە.

ئاخ کچە کۆچۆیی، کچەی گۆنا بەیبوونی، چاو زەیتوونی، بەژن حەیزەرانی، دەبەر پێڵاو و پێی بەجێماوت مرم، خەم و کولی تۆ گەلەک گرانە، بە من هەڵناگیرێ، خودایە، خودای لە سەر سەران، تۆپی خۆت بهاوێژە و دوژمانی زەیتوونستان بکە ئاردی ناو دڕکان.

ئێ، زۆر لە زەیتوونستان مامەوە، گەڕامەوە شاری خودا و سەرم لە گۆڕی گوڵەندام و دایکم و بابم دایەوە و مالاواییم لێکردن، بە دوای رێیەکدا گەڕام لۆ ئەوەی بێ کێشە بگەمە شاری خۆر، دوای گەڕان و ماندووبوونێکی زۆر دیتمەوە، با ئەوە

نهێنی بێ، فڕیم و بێ سەرئێشە لە شاری خۆر نیشتمەوە.

ئەو رۆژەی لە کن مەهناز هەستام کە هێشتا پێ و پەنجەی نەفڕیبووون، رێک بە قەڵاتی پەنادا هەڵگەڕام، لە بەری رۆژهەڵاتەوە چاوم لە گۆڕستانی خۆمان گێڕا، تەلارێکی بەرز ڕێی بینینی گرت، هەرچەندە بیستبووشم دوای کۆچی ئیمە تەختکراوە، شاری خۆر نە سەری دیارە نە بن، گەیشتۆتە سەر زوورگەکان، ئەو زوورگانەی هەینێ رۆژە رێیەک لە شار دووربوون.

وای، چۆل و هۆلە، ماڵێکی تێدا نەماوە، کۆڵان و ماڵەکانی بۆنی خوێنیان لێدێ، قەڵاتی پەنا لە دیرۆکی خۆی چۆلەوانی بە خۆیەوە نەدیوە، هەمیشە ئاوەدان بووە، ئەوە چ دەستێکی رەش وای بە سەر هێناوە، شاری خۆری بێ پەنا کردووە.

سەرم بە سەر هەندێ کۆڵاندا کرد، بە پەرژینی ئاسن گیرابوون، گەرماوەکەم دیتەوە، ئەوەی بە منداڵی جارێک لەگەڵ گوڵەندام و دایکم خۆم لێ شووشتبوو، حەزمکرد سەرێکی پێدا بگرم، دەرگا داخرابوو.

به ڕێی دیوی ڕۆژاوادا شـــۆڕبوومەوە، ئۆخەی، بەژنێکی منارەی ڕوونـاهیم لێوە دیـارە، ئەڕێ هەو بوو، یان چاوم ڕێشکەوپێشکەی کرد!

دەســـتی چەپم گرت، بن دیوار و بن دیواری قەڵاتی پەنای ماڵ تێدا نەماو هاتم، لەو بەرەوە سەرا کۆنەکەم دیتەوە، ئەو ســـەرایەی لە ختوخۆڕا برا جوانەمەرگەکەمی سێ مانگ دەست بە کەلەپچە لای خۆی هێشتەوە.

هاتم، خۆم بە قەیســـەریدا کرد، نۆژەنکراوەتەوە، بەڵام بە شـێوەی خۆی ماوەتەوە، کۆڵانی پەڕەچیانم دیتەوە، بەڵام بە پەرەچێتی نەمابۆوە، دوای تێڕامان و وەبیرهێنـانەوە، دووکـانەکەی بـابمم دیتەوە، کوڕێکی جحێڵە لە سـەری دانیشـتبوو، دوای چاک و چۆنی:

+ کوڕم ئەو دووکانە هی خۆتانە؟

- بەڵێ.

+ لەمێژە هی ئێوەیە، یان تازە؟

- لە باپیرە گەورەمانەوە بۆمان ماوەتەوە.

+ کەواتە ئێوە بنجوون.

- ئەستەغفیروواللا، بنەماڵەی ئێمە لە سەردەمی ئیمامی عومەرەوە موسڵمانن.

+ با وابێ.

- پلە، دەڵێی پادەبوێری!

+ نا کوڕەکەم، گاڵتەم کرد.

لە کۆڵانی تەنەکەچیان قاوەخانەیێ هەبوو، دانیشتم، قاوەیەکم گازکرد، دیاربوو شاگردەکە زمانی شاری خۆری نەدەزانی، بە زمانی شاری فەرهوود خۆشهاتنێکی خۆشی لێکردم، منیش هەر بە زمانی شاری خۆر وەڵاممدایەوە، پیاوێکی بە تەمەن بەرانبەرم دانیشتبوو، چاوی لە سەرم هەڵنەدەگرت، بە زمانی شاری خودا:

من دەڵێی تۆم دیوە!

بە زمانی شاری خۆر گوتم:

تێناگەم، دەڵێی چی؟

زمانی گۆڕی:

من تۆم دیوە، دەتناسم، چی دەکەی لێرە؟

ناسیمەوە، سەردەمێ لە شاری خودا دراوسێ بووین، کەسێکی سەر بە گێچەڵ و قوون بە دووکەڵ بوو، بنەماڵەی ئەوان وا بزانم بەر لە کۆچ، لە شاری فەرهوود نیشتەجێ بوون، خۆم لێ نەناس کرد و گوتم:

من خەڵکی ئێرەم، پێدەچێ هەڵە بێ، بە کەسێکیدیم بچوێنی.

کردیەوە زمانی شاری خودا:

هەڵە نیم، تۆ گوڵناری، خوشکی گوڵەندامە شێتی، بۆچی پێت شەرمە بە زمانی خۆمان بئاخڤی؟

گوتم:

من تێناگەم، تۆ بە چ زمانێ دەپەیڤی؟

بزەیەکی تاڵی کرد:

با وا بێ!

هەستام، ئێ، کۆڵان کۆڵان، قەیسەری گەڕام، هەندێ دووکانی خزمەکانم ناسیەوە، لە سیمای

چەند کەسێ، سیمای کەسانی حەفتا سالّ پێشترم خوێندەوە، وای چەند بە داک و نەنک، بە باب و باپیریان دەچوون.

چوومەوە سەرە کۆلّانی خۆمان، کەلاوە بوو، چۆل و هۆل، بۆ دەرمان مرۆڤێکت نەدەدی، بگەڕێ بگەڕێ وای، خانووەکەمان خشتێکی بە پێوە نەماوە، بۆتە گەراجی ترۆمبێلان، تاوێ بە دیار جێی خانووەوە دانیشتم و بە کوڵ گریام و خەیالّم رۆیی، دەستێ وەئاگای هێنامەوە، دەستی کوڕێژگەیێ بوو، بە نەرمی لە سەر شانمی دانابوو:

+ پلە، لۆ دەگریێی، مالّێت بزرکردووە؟

- بزرمکردووە.

+ بلّێ لە کوێن، لە چ گەڕەکێکن؟ دەتبەمەوە.

- کوڕەکەم، نە بە تۆ و نە بە کەس، نابیندرێتەوە، لێمگەڕێ، سوپاس.

هەستام و سووڕامەوە، چوومەوە کۆلّانی مالّی شابارام، زوو دیتمەوە، تەنها دوو لا دیواری بە پێوە مابوو، لە دیوارێکیان تاقێ هەبوو، ناسیمەوە، تاقی شابارام بوو، کتێبەکانی لەوێ دادەنا، کاتێ پێلاوێکی

نوێی دەکرێ، تا ماوەیێ کە دایدەکەند لە پەڕۆکێکی لوولدەدا و لە تەنیشـــت کتێبەکانی دادەنا، بە دیار تاقی شابارامەوە، دڵم توند لێیدا، لێدانی ئەوین، دوای ئەو هەموو ســـاڵە تێگەیشـــتم هۆگریی من بۆ وی ئەوین بووە، ئەوینێکی بزر و شـــــاراوە، تـــازە بندەداتەوە، ئێمە ئەویندار بووینە و تـازە پێدەزانم، لەوێش ڕێز ڕێز ئەسـرینم دابارانـد و ئەوینی خۆم لە ئەسرین هەڵگیشا.

کۆڵانی کنیسەتیشم دیتەوە، کنیسەت مابوو، بەڵام دەرگای داخرابوو، لەسەر دیواری حەوشەوە سەرم هەڵگیشـا، هەر ئەوەتا بە پێوە مابوو، دەمویسـت بە سەر دیواردا ئاودیو بم، نەمتوانی، گەڕامەوە، دامەوە بەری حەســـارەکە، ئەوەی نزیک ئاشـــەکە، جوان پێدەزانمەوە، ئێرە ڕێی منداڵیمە، دەســـتی ڕاســـت، دوایی دەسـتی چەپ، ئەوجا کۆڵانی دەسـتی ڕاسـت دەتباتەوە پشـــت حەســـار، خودایە، بە پێوە مابێ، خودایە دەرگا و زەیتوونەکەی بەر دەرگای مابێ.

وای! دەبێ هەڵەم نەکردبێ، نـا، کێ ڕێی منداڵی هەڵە دەکات! هەوە، شـــوێنی ئەو گردە هەوە، گردێ زبڵوزار و پاشـــــەڕۆ هەڵدراوەتەوە، ســـــەری هار وماری تێدایە، بۆنی ساروماری لێدێ، کۆڵانی پێشی

بزرکردووه، ئای خودایه، ئەو گەڕەکەی شاری خۆر بە چ دەردێ چووە!

بە دیوی ئاشـــەکەدا ســـووڕامەوە، ئاشـــیش خشـتێکی بە پێوە نەماوە، بۆتە شـوێنی دەسـتگیر و تەڕەفرۆشان، بە دەستی حەسار پێچمکردەوە، ئای! ئەوە لا دیواری حەســـــارە، کەڕپووچ کەڕپووچ دەیناســـمەوە، ئۆخەیش ئەوەش دەرگاکە، لە نێوان دوو لادیواری ماندووی لە ســـەر لێواری کەوتن، چەند بێ ناز ڕاوەستاوە، شمشێرەکەی پێوە نەماوە، وەستا سلێوە، حەوشەی بەهەشتێت حەفت دەرگای ئەوهای پێوە بێ، ئێستاش جێپەنجەت بە سەر تەختە و بزمارە سەر پانەکانیەوە دیارە، من ئەو دارتاشەم دیتبوو، بە گۆچان دەڕۆیی، کاتێ ئەو دەرگایەی دروستکردبوو، گوتبووی:

حەفـت دیوار دەڕووخێنێ، هەر بە پێوەیە، بە باوبۆرانی چ ســـەردەمێ نالەرزێ، نارزێ، گوللە نایبڕێ، حەفتا بەرە دێنە دنیا و بارگە بۆ ئەو دنیا تێکدەنێن، دەرگا هەر دەرگایە، لە دارێکم چێکردووە، نەمریی لە خۆی هەڵگرتووە.

دار زەیتوونەکە لێرە بوو، لە شـــوێنی ئەو پـاکەتـفـرۆشـــانە، دەســـــچـێـنـی پـیـاوێـکـی حەسارنشینەکەبوو، گوتبووی:

ئەو شـــتڵە زەیتوونەم لە زۆر دوورەوە هێناوە، لێرە کەس زەیتوونی وای نەدیوە، بـا بەر بگرێ، هەینێ دەزانن چ زەیتوونێکە.

ژنەکەی گوتبووی:

نەمردبـام بەری ئەو زەیتوونەم دیتبـا، پیـاوەکەم وەها باسی دەکات، لە بەهەشتیش زەیتوونی وا نیە.

ژنە و پیاوە مردن و بەری زەیتوونەکەیان نەدی.

ئەو ســاڵەی شـەمەندەفەری کۆچ هەڵیگرتین، دار زەیـتـوون بەری یەکەمـی دابـوو، گەڕەک هەمـوو هاتبوونە دیاری، زەیتوونێ بوو، کەس نەیدیتبوو، لە شـــێوە و تام لە چ زەیتوونان نەدەچوو، شـــاری زەیتوونی وای نەبوو.

من ئێســـتـا دەزانم، ئەو زەیتوونە هەر دەبێ لە زەیتوونستانەوە گەیشتبێتە شاری خۆر، تەنها لەوێ زەیتوونی وام دیوە.

لەو بەری دەرکەی حەســـاری تەنها دوو لادیوار بە پێوە مـــاو، کـــاپتنی هـــاوڕێم دیتەوە، بۆ چەنـــد چرکەیێ هەر وا تێگەیشـــتم هەوە، خودایە، چەند بە کاپتن دەچێ، ئەگەر سەگ حەفتا ساڵ و شتێ ژیابا، بێ دووداڵی ئەوە کـــاپتن بوو، بەڵام دڵنیـــام ئەوە لە وەچەی کاپتنە، شـــاری خۆر بۆ ســـەگ بە شـــێوەی ســـــەگ ئەمەکـــدارە و وەچەی کـــاپتنی هـــاوڕێمی نەبڕیوەتەوە.

وەبیرمدێ، کاپتن حەســـاری پاس دەکرد، ڕێی بە لایـــدە و نەنـــاس نەدەدا لە توخنی دەرگـــا بکەون، حەســـار بە هۆی کاپتنەوە پشـــتی لێکردبۆوە، شـــەوان بێ خەم سەریان دەکردە سەر سەرین، ترسی دز و چەتەیان لە دڵ نەبوو.

وا تێگەم کاپتن هێشـــتا گوجیلە دەبێ، ئەبراهامی برام ئەو نـــاوەی لێدەنێ، ئیدی کـــاپتنی بە ســـــەردا دەبڕێ گەڕەک بەو نـــاوە کووچ کووچ و چغەی لێدەکەن، کاپتن زۆر هـــاوڕێی من بوو، بە فیکەیێ تا کوێم ویســـــتبـــا، بە دوامەوە دەهـــات، زۆر جـــار لە دەستی منداڵی سەربەگێچەڵ و شەڕفرۆش رزگاری کردووم.

دەبێ سەرێ لە شوێنی گۆڕستانی خۆمان بدەم.

بڕۆ بڕۆ، گەیشتمە سەر جادەیێ، قەڵاتی پەنا دەرکەوت، بەو پێکەوتمەوە کە گۆڕستانی گەورەی موسڵمانان بەرانبەرمە، بەڵام تەلارێ شاردوویەتیەوە، کەمێ شۆڕبوومەوە، دیوارێ دەرکەوت، دەرگایەکی تێدابوو، سەرم پێدا گرت، هەو بوو، گۆڕستان مابوو، ئێرە ئەو رێیەیە ئەگەر رووەو باشوور بڕۆی دەتباتەوە شاری فەرهوود، لێرەوە رێی گۆڕستانی خۆمانم دیتەوە، لێ تەلارێ پێشی پێگرتووم دەڵێی چیایە، رۆیشتم و پێچم کردەوە، گەیشتمە گۆڕستانێ، هیی ئێمە لە پشت ئەو گۆڕستانە بوو، دەستی چەپی گۆڕستانەکە رێ نەبوو، دەستی راستیم گرت، گەیشتمە جادەیەک، گۆڕستانی ئێمە کەمێ هێوەترە، بە لای باکووردا، گەیشتمێ، شوێنی گۆڕستانی خۆمان کەوتبێتە ناو دەریاوەش دەیناسمەوە، ئێرە هەوە، گۆڕستانەکەمان لێرە بوو، لە بن بەشێ لەو باژێرە سێ چوار قاتیە کە وێدەچێ جێی شارێکی گرتبێ، دەیناسمەوە، ناو ئەو دووکانە هەوە، گۆڕی براکەم کەوتۆتە بن ئەو میزەی پیاوێکی چوارشانە ئانیشکی بە سەر داداوە، بە خۆم نەوەستام و لە پیاوەکەم پرسی:

له بن پێت چی هەیە؟

تەماشای بن میزەکەی کرد و بە سەرسوڕمانەوە:

کاشی، بۆچی دەپرسی؟

گوتم:

ئەدی لە بن کاشیەکە چی هەیە؟

بە پێکەنینەوە:

پووری، دیـارە ئەورۆ بە منـت گرتووە! لە بن کاشیەکە زیخ و چەمەنتۆ و بەرد و خۆڵ و...

گوتم:

ئەدی بن خۆڵەکە چی تێدایە؟

تێگەیی ئاسایی نیـم، بە بزەیەکی شیرنەوە:

نازانم، تۆ بڵێ.

گۆتم:

گۆڕی براکەم ڕێک لە بن پێی تۆیە.

کابرا هەستایەوە و بە ڕوویکێ خۆشەوە:

پله، وەرە دانیشە، با ئاوێکت بۆ بهێنم.

گوتم:

گۆڕی باپیرم و نەنکیشـــــم وا لە بن دیوارەکە و ئەودیون.

گوتی:

فەرموو، چی دەخوازی، تا بۆت بکەم.

گوتم:

سوپاس، مالّت ئاوا.

لێی دوورکەوتمەوە، وای! گۆڕی شـابارامەکەشم، ئەهـا کەوتۆتە بن ئەو رارەوە، بۆتە پێخوســـتی رێبواران، وەک ئێســـتـا وەبیرمـدێ، ئەو رۆژەی ناشـــتمان، دایکی پێلاوەکانی شـــابارامی لە ســـەر گۆڕەکەی بەجێهێشت و گوتی:

کوڕم، پێلاوەکـانت نرتونوێن، دوو رۆژ لە پێت نەکرد، با لێرە بن...

بە دیار شوێنی گۆڕی شابارامەوە، زارم کردەوە، پڕ بە هەوکم بقیژێنم و بڵێم:

خەڵکینە، گوناهتان دەگاتێ، پێ لە گۆڕەکانمان مەنێن.

خۆم بەرزەفت کرد، پشتم بە ستوونێک دا کە لە سەر دڵی گۆڕەکان چەقێنرابوو، بە فرمێسک کوڵی دڵمم دامرکاند.

کچێ کە لە بەژن و بالا و چاو و برۆ لە گوڵەندام دەچوو، دەستی خستە سەر شانم:

+ پلە، لۆ دەگرێی، چی بووە؟

- هیچ نیە، کچم هیچ نیە، بۆ گۆڕستانەکەی خۆمان دەگریم.

+ گۆڕستانی چی!

- ئێرە گۆڕستانی ئێمە بوو.

+ گۆڕستانی ئێوە؟!

پیاوێکی پشت کۆم کە سێ بستی مابوو لووتی بگاتە زەوی، دیاربوو گوێی لە قسەکانی من بووبوو، گوتی:

من بە بیرمدێ ئێرە گۆڕستانی جوو بوو.

کەمێ پشـــتی قیتکردەوە و لە بن چـاویلکەی ئەستوورەوە، لێی روانیم:

وا دیارە تۆ بنجووی، خۆ شـــێوەشـــت لە وان دەکات.

گوتم:

دەمێکە تێکیانداوە؟

گوتی:

زوو، هەر دوای کۆچی جوو، هێنـدەی نەبرد، شارەوانی تەختیکرد، بە من بڵێ تۆ بنجووی؟

تێگەیی نە بە ئا نە بە نا وەڵامنادەمەوە، گوتی:

خوشـکم لۆ قسـان ناکەیت، خۆ بنجوویی شـەرم نیە، نیوەی شار بنجوون.

گوتم:

وا دیارە تۆ بنجووی.

گوتی:

نـا، خۆزی هەو دەبووم، ئەگەر هەو بـام، دەمێ بـوو لێرە نەمـابـووم، لە رێی کەسـوکـارەوە گەیشتبوومە لای ئەوان.

گوتم:

ئەگەر بزانی لە کاتی تەختکردنی ئەو گۆرسـتانە، گۆرەکانیان هەڵدایەوە؟

گوتی:

چەند خواگیرێ، هەندێ گۆرپـان هەڵـدایەوە، وا تێگەیشـتبوون کە جوو لەگەڵ مردووەکانیان زێڕ و زیو دەنێژن، بەڵام هێ لە هیسک و پرووسک هیچیان نەدیتەوە.

لە پرمەی گریانم دا و کچ و پیاوەکەم بەجێهێشت، چاوم بەرایی نەدا بە ناو باژێرەکەدا، بە سەر گۆڕی کەسـوکاردا رێبکەم، رێم گۆڕی و لە جادەیەکەوە تـیلمێ لە قەڵاتی پەنـام لیـدەرکەوت، هـاتـم و گەیشتمەوە شوێنی وێستگەی شەمەندەفەری کۆچ، تاهوواهـا گەزێ لە هیڵی ئاسـنینیشـیم نەدیتەوە، گەڕامەوە مێوانـخـانەکەم، بیـرم لە پەیـداکردنی خانووێک کردەوە.

هیشتا مەهناز، پەنجە و پێی نەپەڕیبوو، تەلەفۆنم بۆی کرد:

ناونیشانی مالّی گوڵچنم بدێ.

بە پیکەنینەوە:

دایە گوڵەندام، وا دیارە واز لەو ژنە بەستەزمانە ناهێنی!

گوتم:

کچەکەم، من گومانم نیە، ئەو ژنە خزمی منە.

گوتی:

باشە، بەڵام مالّیان لە شوێنێکی وایە، کەسێ دوو ســـێ جار نەچووبێ، نایبینێتەوە، لە مێوانخانە بە، تاکسیەکی شارەزات بە دوادا دەنێرم و دەتگەیەنێ.

***

مالّی گوڵچن کەوتۆتە ئەو گەڕەکەی بەر لە حەفتا ســـاڵ لە پەڕگەی شـــار بوو، لەو دیوی گۆڕســـتانی ئێمە، گەڕەکێکە هەندێ کۆڵان و خانووی لە شێوەی جاران ماونەتەوە، گەیشتینە ســەرە کۆڵانێکی تەسک

و تریسک، ترۆمبێلی پێوە نەدەچوو، شوفێر رایگرت، بە پێیان رۆیشتین، بەر لەوەی پێچبکەینەوە، گوتی:

ئێستا لە سەر دەرگایە، ئەو ژنە ماوەیەکە پیشەی دانیشتنی سەر دەرگایە.

پێچمانکردەوە، دیار نەبوو، شوفێر گوتی:

نابێ لە مالّێ بێ.

لە دەرگام دا، کردیەوە:

+ دەڵێی گوڵەندامی!

- چ زوو لەبیرمتکرد؟

+ سەر چاوان هاتی، چۆن ئێرەت دیتەوە؟

- لە هەر کوێ بیت، خزمی خۆم دەبینمەوە.

+ بە راست ئیمە خزمین؟

- پەلەت نەبێ، ئێستا رووندەبێتەوە.

+ خوابکەم

هەستا چایە لێنێ، دەستم گرت و نەمهێشت، هەندێ میوە کە لەگەڵ خۆم بردبووم، لە پێش خۆمان دامنا و کەوتینە قسە و باس.

- تۆ چۆنە بە تەنیا دەژی، کەسی نزیکت نیە؟

+ هێ لە خودا کەسم نیە، خودا چ منداڵی نەدامێ، لە پاش شووەکەم کە بیست ساڵێ دەبێ مردووە، تەنیا دەژیم.

- خوشک، برا...؟

+ تاقە خوشکێکی لە خۆم گچکەترم هەبوو، ئەویش بە خۆ و نازێی کچ و مێردەکەیەوە، بوونە خواردنی بیابان، دادەی نازێ ما، ئەویش...

- گوتت دایکم ناوی فاتیمە بوو؟

+ ئا، بەڵام هەر بە فاتێ گازیاندەکرد.

- باشە، دایکت بەر لەوەی ببێتە فاتیمە و فاتێ، هیچ ناوێکیدی نەبوو؟

کەمێ داما، سەیری ناو چاوی کردم:

+ با، وا بزانم ناوی گوڵشەن بووە.

- بەر لەوەی ببێتە موسڵمان، وا نیە؟

+ تۆ ئەو شتانە لە کوێ دەزانی؟

- ئێ، دایکت هیچ خوشکی نەبوو؟

+ با، هەیبوو، بەڵام من بە بیرمنایەتەوە، ئەوکاتەی ئەوان کۆچیان کردووە، من منداڵ بوومە.

- لە دایکت نەبیستووە، خوشکەکەی ناوی چی بووە.

+ با، هەڵە نەبم سارای ناو بووە.

- هەڵە نیت، من ئەگەر کچی سارای خوشکی گوڵشەنی دایکت بم، دەبینەوە چی یەکتر؟

+ کچێ، وا مەڵێ!

- وەبیرمنایەتەوە کەی بوو، دایکت ئایین و ناوی خۆی گۆڕی، بەڵام جوانم لەبیرە، ماڵیان هێندە دوور نەبوو لە ماڵی ئێمە، ئایین نەبووە بەربەست، هاتوچۆمان گەرم بوو، تۆ کە منداڵ بووی، توند لە باوەشی خۆم دەگرتی و دەمگوت:

تۆ گیانی منی کچە پلکە موسـلمانەکەم، کچێ ئێستاش شـوێن ماچی من بە سـەر روومەتتەوە دیارە، دار تووێ لە نزیک دەرگای حەوشـەتان هەبوو، تووی سـوور سـوور، شـیرین شـیرینی دەگرت، بە وێنەی سەری کوڵمت...

گوڵچن لە پرمەی گریانی دا، فرمێسک ریز ریز بە سـەر روومەتەکانیدا هاتنە خوارێ و سـینەی تەڕ کرد، دەستم لە ملی کرد:

ئێستا باوەڕ دەکەی؟

بە دەم هەنسکەوە:

نازانم، نازانم، دەترسـم بۆ خەم سـووککردن و دڵدانەوەی من وا بڵێی!

گوتم:

باشە، دیارە باوەڕم پێناکەیت، من دەڕۆم.

دەستمی گرت:

راوەسـتە؟ تۆ تا ئێسـتا لە کوێ بوویت، چی تۆی گەیاندەوە ئێرە؟

سەربردەی کۆچم بۆی گێڕایەوە، ناوی هەندێ لە منداڵانی گەڕەکی خۆیان کە لەبیرم مابوون، هێنا، زۆر شتم بۆ گۆت.

تەواوێ لێمڕاما:

کچێ بە خودای چاو و برۆت و سەری کوڵمت زۆر لە هی دایکم دەچن.

ئامێزمان لێکدی ئاڵاند، فرمێسکی حەفتا ساڵی دووریمان بە سەر سینگ و بەرۆکی یەکتردا دابارااند.

پرسیاری گۆڕی دایکیم لێکرد، گوتی:

لەو گۆڕستانەی پشتەوە بوو، لە شوێنی گۆڕستانی ئێوە زۆر دوور نەبوو، کەوتبووە سەر کەندە قوولەکە، تا ئەو ساڵانەی دواییش مابوو، جەژنێ نا جەژنێ سەردانم دەکرد، باڵەخانە تەنگی بە گۆڕستان هەڵچنی، گۆڕی دایکم و زۆریدی بەرکەوتن و رەشبوونەوە.

تەلەفۆنمان بۆ مەهناز کرد، شاگەشکە بوو، بە خزمایەتی من و گوڵچن.

دڵم بە گەڕەکی گوڵچن خۆش بوو، خـانوویێکی گچکەی خاوێنی سێ چاوەییم کڕی، گوڵچنیشم بردە لای خۆم و بە ناوی ئەویشـم کرد، ئاخر من ناتوانم لە شاری خۆر خانوویێکم بە ناو بێ! گوڵچن گوتی:

گوڵەندام، دەڵێی چی، نـاو لەو مـاڵە بنێین مـاڵی گەردوون، ئەگەر دادەی نـازێ تەلەفۆنی کردەوە، دەڵێم: وەرەوە ماڵەکەت لێرەیە.

گوتم:

لە ئێســـتاوە ئێرە مـاڵی گەردوونە، مـاڵی دادەی نازێیە.

تـاکە پێڵاوەکەم، ئەوەی تـاکەکەی خۆی بەر لە حەفتا ســـاڵ لێرە بە جێما، کە هەر ئەوەتا گیانی لە بەر ماوە، تا ئێستا پاراستوومە، ئەوەتا لە سەر تاقی ســـەر ســـەری خۆمم داناوە، گوڵچن درەنگ دیتی، پرسی:

+ ئەوە چیە؟

- لەو کاتەی هەڵیاندامە ناو شـــەمەندەفەری کۆچ، ئەو پێڵاوەم لە پێ بوو، بە دوای تاکەکەیدی دەگەڕێ کە لە نزیک ماڵی ئێوە بەجێما.

+ وای پێلاو، خۆزگە منیش پێلاوەکەی نازێم دەدیتەوە، دادەی نازێم دەدیتەوە، بیرمکەوتەوە، دایکم دەیگێڕاوە: ئەو ڕۆژەی مالی خوشکەکەم کۆچیان کرد، من لە دەرێی شاربووم.

- دەبێ وا بووبێ، چوونکە ئەو ڕۆژەی لە شەمەندەفەری کۆچیان بارکردین، چەند ڕۆژێ بوو، ئێوەم نەدیبوو، چەند حەزمدەکرد، لە ئامێزم بتگوشم و تێر ڕوومەتە ناسکەکانت ماچ بکەم.

+ کوێراییم دایێ...

خۆی هاویشتە ئامێزم و...

بە چاوساخیی مەهناز دنیا و بنیامان لە دوای پێلاوەکەی نازێ کرد، چووینە ئەو کەناڵەش کە کاتی خۆی پیشانی دنیای دا، ئەوانیش نەیانزانی کەوتۆتە کوێ، مەهناز دەیگۆ:

کەوتبێتەوە بن خۆڵیش دەیبینینەوە، دەگەڕێین، لە گەڕان ناکەوین.

حەیف، ئەو بە هۆی ئەو ڕووداوەی لەو ماوەیە بە سەریداهات، لە گەڕان کەوت و منی تەنیا باڵ کرد.

من زوو پێموابوو، لێرە مۆزەخانەیەکی تایبەت هەیە بۆ جلکوبەرگ و پێڵاو و بازن و خرخاڵ و خەناوکە و تەزبێح و هەموو ئەو شتانەی لە بیابان دۆزراونەتەوە، سەرچیخ چووبووم، مەهناز بە ئاخ هەڵکێشانەوە گوتی:

لێرە ئەو شتانە، شتی کۆن بەهای پووشکەیەکیان نیە.

***

دەگەڕێم، لە شاری خۆر تێرنابم، لە سەیرکردنی قەڵاتی پەنا و مناڕەی رووناهی و گەڕەکی خۆمان و قەیسەری و گەڕەکە کۆنەکان تێر نابم، ناوە ناوەش دەچمە کۆڵانی کۆنەفرۆشان و خۆشم نازانم بە دوای چیدا دەگەڕێم، هێندە دەزانم بە دیتنی شتە کۆنەکان فەرامۆشیم دێت، بە دیتنی کۆن گیانم پڕ دەبێ لە مێخەک، من شاری خۆر لە شتی کۆنیەوە بۆندەکەم، چاوم بە دوای هاوتەمەنانی خۆمدا دەگێڕا، نەبوو، دەگمەن.

لە تەنیشت دەرگای سینەما، پیرە پیاوێ دانیشتووە، زۆر پیر، رەنگبێ گەیشتبێتە بن سەد، ئەو سینەمایە دەڵێم کە کەوتۆتە رۆژهەڵاتی قەڵاتی پەناوە، ئەو سینەمایەی بەر لەوەی شەمەندەفەری کۆچ هەڵمگرێ، چوار پێنج جارێ بۆ دیتنی فیلمی هیندی سەرم لێدابوو، ئێستا کۆگای ئارد و دانەوێڵەیە، پیاوەکە بڕۆ درێژەکانی چاوی داپۆشیبوو، لەگەڵ گوڵەبەڕۆژەی لە پێش بوو، هەستمکرد دەڕۆزەکەرە، بەڵام لای شەرمە دەستەسڕ رابخات، پیاڵەیەکم هەڵگرت، بڕێ پارەم دانا:

گوتی:

ئەوە زۆرە.

گوتم:

قەیناکە

بە تووڕەییەوە:

هەڵیگرەوە، نامەوێ،

لە کـاتی هەڵگرتنەوە، بە پەنجە بـاریکەکـانی بڕۆکانی هەڵدایەوە و چاوی لە چاوم بڕی و پرسی:

تۆ ناوت چیە؟

گوتم:

ناوی منت بۆچیە؟

گوتی:

هیچ، ویستم بزانم.

گوتم:

حەزدەکەی ناوم بزانی؟

گوتی:

ئەگەر حەزنەکەم، لێ دەپرسم!

دڵم خۆش بوو پیاوێ لەو تەمەنە، گوێی ســووکە و قسەی ڕەوانە، پێناچێ خەڕەفا بێ.

- ناوم گوڵەندامە

+ ئەدی دایکت؟

- سارا.

کەمێ داما:

+ ئەمن بزانم نە خۆت گوڵەندامی نە دایکت سارا.

بۆی پێکەنیم و بە نەرمی گوتم:

با قسەی تۆ بێ، لای تۆم خۆش.

گوتی:

+ راوەســـتە، بە راســـتیم پێبڵێ، دایکت ناوی گوڵەندام نەبوو؟

- نا بە خوا، وا دیارە گوڵەندامێکت دیتووە بە من چووە!

+ بە من بڵێ تۆ جووی یان بنجوو؟

بە پێکەنینەوە گوتم:

- با جوو بم.

+ درۆم لەگەڵ مەکە، تۆ ناوت چیە؟

هەستمکرد ئەو پیاوە دەمناسێت، راست و ڕەوان گوتم:

- زوو ناوم گوڵنار بوو، دوایی بوومە گوڵەندام.

+ بە من بڵێ گوڵەندام چی تۆ بوو؟

- تۆ کام گوڵەندام دەڵێی؟

+ ئەو گوڵەندامە جووە دەڵێم کاتی خۆی زوو، من تازە جحێڵۆکە بووم، کوڕی ئەو شارەی شێت کردبوو، سێ چوار جارێ دوور بە دووری دیتبووم، جارێکیش زۆر لە نزیکەوە، هەینێ من لەو سینامەیە شاگرد بووم، بلیتی لە دەستی من وەرگرت، لەگەڵ کۆچی جووان کۆچی کرد، لە دوای کۆچی وی گۆرانیەک کەوتە سەر زاران، ئێستاش هێندەم لەبیرماوە:

هۆ هۆ کیژە جوو

لە دوای کۆچی توو

دڵ بووە سووتوو

بە با و ئاودا چوو...

دواجار له سەر پردەکەی خوارێ دیتم، دوو سێ کوڕیژگە گێچەڵیـان پێکرد، لنگە پێڵاوێکی لە پێی کردەوە و تێگرتن، کوڕێکیـان هەڵگرتەوە و بە ســـینگی خۆیەوە نـا و قووچـاندی، چەندی گوتی: سەگباب بمدەوە.

ئـاوڕینەدایەوە و بردی، بیســـتمەوە کوڕەی پێڵاوفرێن، پێڵاوی گوڵەندامی لە پەڕۆیەکی کەســـک پێچاوە و لە سەر تاقی سەر سەری خۆی داناوە.

– نا!

وای! ئەو پیرە لە من روونتر ســـیمای منداڵی لە پیریدا دەناسێتەوە، گوتی:

– من خوشکی گوڵەندامم.

+ توخدا! ئەدی گوڵەندام...

– زوو گەیشتە ئەو دنیا.

+ خۆزگە وات نەدەگۆ.

خۆم پێنەگیرا، چوار مەشقی لە بەر دەمی دانیشتم و دەستم بە گریان کرد.

+ وای دەستی شکاوم بۆ جوولەکە، دوای کۆچی ئەوان، ئەو شـــارە جوانیی پێوە نەما، بەرەی ئێمە هێندە ســـووکایەتیان پێکردن نەبێتەوە، ئەوان بە دەســـتی ئێمەوە تالاو و زوخاوی زۆریان چێشـــت. بیرمدێتەوە ســـەگێکیان لە پاش بەجێما، کاپتنیان دەگۆتێ، بە سێ قاچەوە شەڕی سەت سەی دەکرد، هەندێ خواگیر ناویان لە کاپتن نابوو جوولەکەی شەلە.

- کاپتنیش پێیەکی لەدەستدا!

+ بە من بڵێ تۆ لەوێ هاتیە دنیا؟

- نا، لێرە، کە کۆچمان کرد، من پارچەڵە بووم.

+ تۆ زۆر گچکەتر دیاری، باوەڕناکەم، با وابێ، ئەدی چۆنە لێرەی؟

- بە سەردان هاتوومەتەوە.

+ بە تەنیا؟

- تاقی تەنیا.

+ بۆچی هاتیەوە؟ خۆ گۆڕستانیشتان نەما، بۆ سەردانی براکەت هاتبیەوە!

- براکەمت دەناسی؟

+ ناوی ئەبراهام نەبوو؟

- با، سەربردەی کوشتنەکەی دەزانی؟

+ شتێکی لێ دەزانم.

- چۆن بوو؟

+ دوور و درێژە، ئێستا درەنگمە دەڕۆم، با بۆ رۆژێکیدی بێ.

زۆر تکام لێکرد، نەهاتە رایێ، گوتم:

- سبەی لە کوێ بتبینمەوە؟

+ گوڵنار، دانی سبەینان ئێرە جێی منە.

- تۆ ناوت چی بوو؟

+ ناوم خەڵۆ سینەمایە.

- ناوێکی خۆشـــه، من دەبێ تۆ ببینمەوە، دنیایێ پرسیارم هەیە.

+ رەنگبێ منیش پرسیارم هەبێ، سەربدەوە.

ئەو شـــەوە خەو نەچووە چاوم، خەیاڵم هەر لای ئەبراهامی برام بوو، داخوا لە ســـەر چی و چۆنیان لە خوێن گەوزاندبێ.

ســـبەینەکەی زوو هەپەم لێکرد، چوومەوە بەر دەرگای ســـینەما، تا نیوەڕۆ چاوەڕێم کرد، نەهات، دوو ســـێ حەفتە پێیەکم هەر لەوێ بوو، خەڵۆی سینەما، نەهات، ئێستاش نەمدیتەوە.

***

ئەو پەتایە وا زوو دنیای دانەگرتبا، ســـەردانێکی زەیتوونســـتانم دەکردەوە، هەندێ کچی بریندارم لە نزیکەوە دەدی و ســـەربردەی پێ و پێڵاو چەندان لاپەڕەیتری پڕدەکردەوە، ئەو پەتـــایە وەرزێ دوو درەنگتر شـــاری خۆری تەنی بـا، قەڵاتی پەنـا و منارەی رووناهی رووتر دەکەوتنە سەر لاپەڕانەوە، خۆزی کەمێ درەنگتر سندمی لە پێی گەڕان دەکرد،

دره‌نگتر ده‌مبێنی له ده‌م ده‌کرد، دره‌نگتر... ئه‌و په‌تایه ته‌نها دوو ســـێ حه‌فته خۆی دواخســـتبا، وا بله‌ز و له‌پڕ له ده‌رگای منی نه‌دابا، هیچ نه‌با هێنده‌ی نووسیومه‌ته‌وه، پێیداده‌چوومه‌وه و...

مه‌هناز ده‌ڵێ:

تۆ ده‌ژی، دڵ له دڵ مه‌ده، زۆر ده‌ژی.

به‌ڵام دڵم ده‌ڵێ دڵدانه‌وه‌یه، هه‌سته‌که‌م کۆتاییمه.

مه‌هناز هه‌والّی دایه زه‌یتوون و که‌زی زه‌ریشـــی هێنا، ده‌ڵێ:

ئه‌وان پەیدابوونه‌وه، ئێستا له زه‌یتوونستانن.

مه‌هناز ده‌ڵێ:

تـۆ ده‌بـێ زوو هه‌ســـتیه‌وه، ســـه‌ردانـێکی زه‌یتوونستانمان له پێشه، پێکه‌وه ده‌چین.

مه‌هناز ده‌ڵێ:

تۆ ده‌بێـت بژیـت، ســـه‌ربرده‌ی هه‌مووهـان بنووسیته‌وه، ئه‌وه ته‌نها له ده‌ست تۆ دێ.

گۆتمە مەهناز:

مەرگ کەمێ درەنگ بێ، دەنووسمەوە، پێویست بە سەردانی زەیتوونستانیش ناکات، هەوکە شاری خۆر ئاوێنەیە، لێیەوە زەیتوون زەیتوون زەیتوونستان دەبینم، کچەکانی دەبینم، هەموو پێلاوە بێ پێیەکان دەبینم، بە بەر چاومەوە لە شێوەی ئەستێرەی کاکێشان بەری ئاسمانیان گرتووە و دەدرەوشێنەوە.

کۆتاییمە، گوێم لە دەنگی پێی ئیزرائیلە، لە شاری خۆر بێ ناسنامە سەردەنێمەوە، نازانم گۆڕەکەم دەکەوێتە چ گۆڕستانێ، لە سەر کێلەکەم چی دەنووسرێ، تا دێ دنیا لە بەر چاوم تاریک دادێ، بەرە بەرە هزر و خەیاڵ لەدەستدەدەم و جوان بۆم کۆناکرێنەوە.

ئێستا بە دیار دوو تاکە پێلاوەوە دانیشتووم، دەی، کات ناکوژم، تا دەستم پێنووس بگرێ دەنووسم، لە چ رستەیێ وەستام، بزانن لەوێ دوا هەناسەم داوە.

وا چاکە لە پێلاوەکەی نازێوە تێهەڵچمەوە.

لەو جادەیەی دەتباتەوە منارەی رووناهی، ژنێ لە جلکوبەرگ کتومت دایکمە، بە مەلوولی دانیشـــتووە، لە پێشـــی پاشـــۆڵێ تۆرکە لە ســـەر بەرانپیلێ، لە تەنیشـــتی هەندێ خەناوکە و بازن و خڕخاڵی ژەنگاوی و ســـێ چوار کۆنە پێڵاوی رزیو لە ســـەر کۆنە گونیەیێ، سڵاوم لێکرد، وەرینەگرتەوە، گوتم:

تۆرکەم دەوێ.

وەڵامی نەبوو، بە دیاریەوە دانیشتم، پرسیم:

ئەو شتە کۆنانەش بۆ فرۆشتنن؟

زاری هەڵێنا، بەڵام دەنگ نەهات، بە دەست هەندێ ئاماژەی کرد، تێگەیشتم کەڕولاڵە، من شتێ لە زمانی کەڕولاڵانم لەبیرمـــابوو، بەر لە کۆچ لە گەڕەکی خۆمان مااڵن کچێکی کەڕولاڵیان هەبوو، دوو ســـاڵێ لە من گچکەتر، هـــاوڕێ بووین و بێ یەکتر هەڵمـــاننەدەکرد، لەوەوە فێربووبووم، مـــاڵی هـــاوڕێ کەڕولاڵەکەم دڵیـــان بەرایی نەدا شـــــاری خۆر بەجێبهێڵن، بۆ مـــانەوە بوونەموســـــڵمـــان و بەگەڵ کۆچی جووان نەکەوتن.

به زمانی وان کەوتینە گفتوگۆ، درەنگ چاوم کەوتە سەر دەستی چەپی، دیتم پەنجە تووتەی نەبوو، بروسکە یادێ رایچڵەکاندم، ئای! خۆ کچەکەی هاورێشم زگماک پەنجەیەکی نەبوو، بیرمنایەتەوە، کام پەنجە و پەنجەی کام دەستی بوو، لە روخساری ژنە وردبوومەوە، سیمای منداڵیم تێدا نەدیتەوە و نەناسیەوە، بە قەد داوی قژم لۆچی تێکەوتبوو، دەبێ هەو بێ.

بە زمانی دەست و چاو و لێو، پرسیارم لێکرد، با زمانی ئاماژە بگۆڕم بۆ پەیف و نووسین:

- تۆ خەڵکی ئەو شارەی؟

+ منداڵی ئێرەم.

- هی کام گەڕەک؟

پەنجەی بە ئاراستەی گەڕەکی خۆمان راکێشا.

گوتم:

منیش منداڵێ ئەوێم.

بە هەندی وەرنەگرت.

گوتم:

هەڵە نەبم، من و تۆ بە منداڵی هاوڕێ بووین.

بزەیەکی کرد:

دەبێ، بەڵام من ناتناسمەوە.

زۆر نیشـــــانە و شـــتم هەڵـدا دیـاربوو بە بیرینەدەهاتەوە، گوتم:

کـاتی خۆی کەســـوکـارتـان لێرە مـانەوە، یـان ڕۆیشتن؟

کەمێ بیریکردەوە:

نەمان، هەموو کۆچیان کرد.

گوتم:

منیش لەگەڵ کۆچەکە بووم.

بە پەنجەکانی ئەستێرەی داودی کێشا:

+ تۆ ئەوەی؟

- بەڵێ

باوەشی پێمداکرد و گریا.

پرسیم:

- ئێستا لەگەڵ کێ و لە کوێ دەژی؟

+ کەسم نیە، بە تاقی تەنێ دەژیم.

پەنجەی بۆ لای مزگەفتەکەی بەری منارەی رووناهی راکێشا:

+ لێرێهێ دەژیم.

- وەرە لەگەڵ من بژی، جێورێم هەیە.

+ نایەم، بەر دەرگای مزگەفت جێی منە.

زۆر هەوڵم لەگەڵ دا، ملینەدا.

لە هەستاندا گونیەکەی تەنیشتیم بیرکەوتەوە:

- ئەوانە چین؟ دەیانفرۆشی؟

+ شـــتی زۆر بە بەهان، لۆ فرۆشـــتن نین، لێرەم داناون، بەڵکوو کەسێ بیاننناسێتەوە، هی بن بیابانن.

- بن بیابان! بە راستتە؟

+ لەو تەمەنە درۆ بکەم!

- چۆن دەزانی هی ئەوێن؟

+ بە بۆن، بۆنی بیابانیان لێدێ.

- دیارە بۆنی بیابانت کردووە!

+ ئـا، منیش لەگەڵ بووم، خودا بەزەیی پێمـدا هاتەوە، بە پەڕجوو دەربازبووم و گەیشتمەوە ئێرە.

- ئەوانەت لە کوێ دەستکەوت؟

+ نازانم، لە شوێنێک، لە ناویان گەڕام پێڵاوەکەی خۆم نەدیتەوە.

- پێڵاوی تۆش لە بیابان بەجێما؟

+ کاتێ هەڵاتم و خودا دەربازیکردم، پێڵاوەکانم لە پێم بوونەوە و دەرفەت نەبوو لۆیان بگەڕێمەوە، دوای ئەو هەموو ســـاڵەش چاوم لە رێیانە، لە خۆم تێناگەم، چەندی دەکەم مەیلی پێڵاوە بەجێماوەکانم دانانێم.

- پێڵاوی بەجێماو لەبیرناکرێ.

+ لەبیرنـاکرێن، ئەگەر بیـانبینمەوە، لە پـارچە پەڕوێیەکی کەسکیان دەگرم، بە ملی خۆمیەوە دەکەم.

- پێلاوی بەجێماو، پێلاوی پێ نەماو، پیرۆزن.

هەڵگێڕ و وەرگێڕم کردن، تاکە پێلاوێکی منداڵان کەمەندکێشی کردم، تۆ بڵێی هەو بێ، خۆ لە راستی پەنجە تووتەش کونێ هەیە، هەر دەبێ هەو بێ، پێلاوەکەی نازێی دادەی نازێ، لەو ساتە وەک بڵێی لە سـەر چیچکـان بۆرژابم و خەون ببینم، دیتم پێلاوەکە لە نـاو دەسـتم دەجوولێتەوە، بەرە بەرە شێوەی کۆتری دەگرت...

هەولێر ۲۰۲۰ -۲۰۲۱

کتێبەکانی نووسەر

هۆزان

١- کۆستنامەنووس

٢- نیوەی دنیا بۆ کچەکەم

رۆمان

١- خەوی پساوەی قەندیل

٢- درەختی کەتناوە

٣- ماچی یەکەم

٤- کریمستی

٥- ئەستێرەی قەلاتێ

٦- شنگال، هاین ل من

٧- ماینەشێی ستی

٨- زەیتوونستان بە پێلاوی پیرۆزەوە

یادەوەری

١- گولەستێرەکان کوژانەوە

٢- کۆلان کۆلان گێڕانەوە – بەرگی یەکەم

٣- کۆلان کۆلان گێڕانەوە – بەرگی دووەم

٤- کۆلان کۆلان گێڕانەوە– بەرگی سێیەم (چاپنەکراوە)

٥- له ناوزەنگەوە لۆ بابەگورگور

٦- بە رێی کۆچبارا

گەشتنامە

١- دیدەنی تاران

٢- بە سێبەری کێوی قافەوە

٣- نیل بە سارای سیناوە

Zeytûnistan
be pêlawî pîrozewe

Kerîm Kake

ڕاموسانەکە، دوور لە چاوان بنە هەنجیرێ بە گەڵاکانی خۆی وێنەی گرت، مردنەکە، بەردێ بە ئاشکرا بە خوێنی وی لە سەر خۆی نووسیەوە.
گۆڕەکەی لە بەرزاییەکە، داربەڕووێ سێبەری لێدەکات، بە سەر دەچڵەدا دەڕوانێ، دەسماڵە سوورەکەم لە کێلی لای پێی گرێداوە، لە سەر کێلی لای سەری بە خەتێکی ڕەش نووسیومە: دڵی جانێی ئاگری.
دەمێکە ڕێم بە گۆڕی دڵی خۆم نەکەوتووە، لەگینە ئێستا دەسماڵ ڕەنگی چووبێتەوە، خەتیش ڕەشبووبێتەوە.
من دڵم لەگەڵ وی ناشت، ئەوەی تا ئێستا بە ژیانمی بەستۆتەوە، چڵە زەیتوونەکانی زەیتوونستانە.

Mem u zin Bookcafe and Edition
memuzin20@gmail
Mem u zin
ناوەندی ڕۆشنبیری مەم و زین